# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

2016 - 2015

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

**ستافی پرۆژە:**
د.لوقمان رەئوف - ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر - زریان محەمەد

2016

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم

بەرگی دووەم

وەرگێڕانی
ئەرسەلان حەسەن

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 _ 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (101)

## بەشی پێنجەم
## دەوڵەتێك كە بە تۆتالیتار دەزانرێت

هانا ئارێنت

بێگومان بنەمای تێکڕاو هاوچەشن ئەوە نییە، کە دەوڵەتی تۆتالیتار بۆخۆی رادەکێشێت. بە پێچەوانەوە توێژەوەرانی شێلگیری ئەم بابەتە، لانیکەم کۆکن لەسەر هاوژیانی (یان لێکدژی) دەسەڵاتێکی دووفاقی، واتە حزب و دەوڵەت. زۆربە جەخت لە ((بێ شێوەیی)) حکومەتی تۆتالیتاری کۆن دەکەنەوە. تۆمس ماساریك پێشتر وتبووی ئەوەی ((بەسیستەمی بەڵشەفیك دەزانرێت قەت جگە لە لەدەستدانی تێکڕای سیستەمەکە شتێك نەبووە.)) ئەمەش تـەواو راستە ((تەنانەت ئەگەر پسپۆڕێکیش هەوڵی ئاشکراکردنی پەیوەندی حزب و دەوڵەتی لە قۆناغی رایشی سێیەم دەدا، دێوئاسا دەبو.))، هەروەها زۆرجار تێبینیکراوە کە پەیوەندی نێوان دوو سەرچاوەی دەسەڵات، واتە حزب و حکومەت، یەك دەسەڵاتی راست و دووەم دەسەڵاتی دۆرینە، بە شێوەیەك دەزگاکانی حکومەت زۆرتـر وەك دەزگـای بێ دەسـەڵات وێنا دەکرێت کە دەسەڵاتی راستی حزبی شاردۆتەوەو دەیپارێزێت.

هەمو ئاستەکانی دەزگای راپەڕاندن لە سەردەمی رایشی سێیەم بونە قوربانی جۆرێکی سەیری دوو نوسخەکردن. نازیەکان، بەوپەڕی دیقەتی

سەرنجڕاكێش دڵنیا دەبـون كە هەركارێكی تایبەتی راپەڕێنەری حكومەت بە هۆی رێكخراوێكی حزبیش ئەنجام دەدرێـت.[1] دابەشكردنی ئەڵمانیا بۆ كانتۆن و هەرێم لە سەردەمی وایمار بە هۆی دابەشكردنەكانی نازی گایۆ[2] تەریب دەبو. دیارە سنوری هەردووكیان تەریب نەبون، كە هەر ناوچەیەكی تایبەتی، تەنانەت لە روانگەی جوگرافیەوە، سەربە دوو یەكەی ئیداری لێكجیابو. ئەم ئاڵوگۆڕكردنەی كارە تایبەتیەكان تەنانەت كاتێك نەوەستا كە پاش ساڵی 1933 نازیەكان ریزی باڵای وەزارەتـە فەرمیەكانی حكومەتیان داگیر كـرد. بۆ نمونە، فریك و گۆنتەر لە دەستەی كۆنی ئەندامانی جێ متمانەی حـزب بـون، بـەڵام كە بونە وەزیـری وڵات و وەزیـری داد (كـاری فەرمی ناحزبیان قبوڵكرد) دەسەڵاتیان لە دەستداو هێندەی كارمەندانی تری ئیداری لاواز و ناكاریگەر بون.

ئەم دوو وەزیـرە شوێن دەسەڵاتی راستەقینەی هیملەری[3] سەرۆكی نـاسراوی پۆلیس كەوتبوون، كە بێگومان ژێردەستی وەزیـری وڵات بو، سەرەنجام دامـەزراوە حزبیەكان، دووانـەی وەزارەتـی كاروباری دەرەوەی ئـیدارەی ((ئێس ئێس)) بـون كە بـەر پرسی ((گفتوگۆ بـو، لەگەڵ هەمو گروپە ئەڵمانیەكانی بە رەگـەز دانـیمارك، نەرویج، بەلجیكاو هۆڵەندا)). ئـەم نمونەیە پشتڕاستی دەكـاتـەوە كە دووانـەكـردنـی ئیدارە بۆ نازیەكان مەسەلەیەكی بنەمایی بو نەك چارەسەرێك بۆ تەیاركردنی كاری ئەندامانی حزب.

هەمان لێكجاكردنەوەی حكومەتی راستەقینەو رواڵەتی بە شێوازێكی جیاواز، لە بەرایی پێكهاتنی یەكیەتی سۆڤیەت هاتەئارا.[4] حكومەت رواڵەتێك بو لەو كۆنگرە سەرانسەریەی ئەنجومەنەكانی روسیە كە بە درێژایی شەڕی ناوخۆ تواناو دەسەڵاتی خۆی دایە حزبی بەڵشەفیك. كاتێك ئەم پرۆسەیە

دەستی پێکرد کە سوپای سور سەربەخۆ لە نوێ پۆلیسی نهێنی سیاسی بە ناوی ئۆرگانی حزب، نەك ئۆرگانی کۆنگرەی ئەنجومەنی دامەزراند.5 لە ساڵی 1923، یەکەم ساڵی بونە سکرتێری گشتی ستالین، ئەنجامدرا، پاشان ئەنجومەنەکان بونە حکومەتی سێبەر کە تاکەکانی ئەنجومەنەکەیان، بە هۆی ناوکەکانی پێکهاتو لە ئەندامانی حزبی بەلشەفیك، وەك نوێنەرانی دەسەڵاتی راستەقینە کاریان دەکرد کە کۆمیتەی ناوەندی حزب لە مۆسکۆ هەڵبژێردرابون و لە بەرامبەریشیاندا وەڵامدەرەوە بون. بونە گاڵتەجاڕی حزبی ئەنجومەنەکان خاڵی بنەڕەتی وەرچەرخان نەبو، بەڵکو ئەو راستییە بو کە ((هەرچەند هەڵگرتنەوەی ئەنجومەنەکان بۆ بەلشەفیکەکان کێشە نەبو، ئەو کارەیان نەکرد، وەك نمونەی رواڵەتی رازاندنەوەی دەسەڵاتی خۆیان سودیان لە ئەنجومەنەکان وەرگرت.))

بە دوانە کردنی ئیدارات و دابەشکردنی دەسەڵات، هاوژیانی دەسەڵاتی راستەقینەو رواڵەتی، بۆ روونکردنەوەی پشێوی بەسن، بەڵام ((ناشێوەیی)) تێکڕای بنەماکان بەراستی روون ناکەنەوە. نابێ لە بیرمان بچێت کە دەکرێت تەلار بناغەی هەبێ، بەڵام جوڵانەوەیەك ئەگەر ئەم وشەیە رێك بە هەمان شێلگیری و مانا وەربگیردرێ کە نازیەکان بە کاریان دەبرد - دەکرێ لایەنێکی هەبێت و هەرجۆرە بنەمایەکی یاسایی یان حکومەتی بۆ جوڵانەوەیەك بە خاڵێکی لاواز دابنرێ، کە بە خێراییەکی زۆر بە ئاڕاستەی تایبەت دەجولێت.

جوڵانەوە تۆتالیتاریەکان تەنانەت لە قۆناغی بێ دەسەڵاتیدا، لەو جەماوەرە پێکهاتون کە لە مەودوا نایانەوێ لە هیچ جۆرە بنەمایەك، بە چاوپۆشین لە ماهیەتەکەی بژیین؛ جەماوەرێك پەلاماری سنورە یاساییەکانیان دا و جوگرافیی پتەوکرد کە حکومەت دیاری کردووە، بەمەش لەسەر

بنەمای بۆچونەکانمان لە حکومەت و دەوڵـەت، چونکە ئەم جوڵانەوانە بۆ خۆیان بە کـردەوە تایبەتکراو بەخاکێکی تایبەت ببینێت، دەبێت وەك پێویست هەوڵبدرێت تێکڕای بنەماکە تێکبدەن، بۆ ئەم وێرانکردنە ئەنقەستو دمەوەرانە گۆڕینی دووانە کردنی ئیدارات بۆ ئیداراتی حزبی و دامەزراوەی دەوڵەتی بەس نابێت. ئەم دوانەکردنە پێداویستی پەیوەندی نێوان نمونەی دەوڵەتی و ناوکی دەروونی حزبە، هەمانکار سەرەنجام بە جۆرێك لە بنەما دەشکێتەوە کە پەیوەندی نێوان حزب و دەوڵەتەکەی خۆی لە خۆیدا رێسای یاسای لێدەکەوێتەوە کە دەسەڵاتی تایبەتی جێ سەرنجیان سنوردار دەکات.

راستە کە بە دوانەکردنی ئیدارە، بە رواڵـەت دەرەنجامی کێشەی دەوڵەتی حزبیە لە هەمو دیکتاتۆرەکانی تاك حزبیدا، بەرچاوترین ئاماژەی دیاردەیـەکـی ئاڵۆزترە کە واباشە نـاوی بنێین زۆرینەکردنی ئـیدارات تا دووفاقیان. نازیەکان رازی نەبون گایۆ بە تەنیشت ویلایەتە کۆنەکان بێتەدی و زۆربــەی دابەشکردنە جوگرافیەکان لە پەیوەند بە رێکخراوە حزبیە جیاجیاکان دایانمەزراند. یەکەی وڵاتی ((ئێس - ئای))6 نە بە هەمان پانتایی گایۆ بون و نە بە هەمان فراوانی ویلایەت؛ لە یەکەکانی ((ئێس. ئێس)) جیابون و هیچکام لەم یەکانە هاوڕای ئەو ناوچانە نەبون، کە رێکخراوەکانی لاوانی هیتلەری دابەشی کردبو. دەبێت ئەم راستیە بخەینە سەر ئەم ئاڵۆزی جوگرافییە کە پەیوەندی بەرایی نێوان دەسەڵاتی راستەقینەو رواڵەتی خۆی لە هەمو شوێنێك، بە گـۆڕاووی دووبـارە دەکـردەوە. دانیشتوانی رایشی سێیەمی هیتلەری نەك هاوکات لە ژێر دەسەڵاتی رکابەرو زۆرجـار لێکدژی وەك کارمەندانی دەوڵـەت، حزبی ئێس. ئا و ئێس. ئێس دەژیـان؛ بەڵکو قەت دڵنیا نەبون و هەرگیز پێی ناوترێت دەبێت کام دەسـەڵات لە باقی باڵاتر بزانێت. دەبێت دانیشتوانی رایشی سێیەمی هیتلەری جۆرێك هەستی

شەشەمیان لە خۆیاندا پــەروەردە دەکــرد، تابزانن لە ساتێکی دیاریکراو پەیڕەوی کێ بکەن و متمانە بەکێ نەکەن.

لە لاکەی دی، سەرۆك کۆمەڵێك فەرمانی بۆ بەرژەوەندی جوڵانەوەکە دەرکردبوو بۆخۆی بە پێویستی دادەنـا. بڕیاری لەم چەشنە بە پێچەوانەی هەنگاوەکانی حکومەت بۆ چینی دەستەبژێرانی حزبی دەگـۆڕێ. تاکەکانی راپەڕێنەری ئەم فەرمانانە بارودۆخیان لە خەڵك باشتر نەبو. زۆربــەی ئەم بڕیارانە ((زیاتر گرنگ بون و بەم گریمانە دەردەکــران کە وەرگرانیان لە مەبەستی بــڕیـاردەران بگەن و پەیڕەوی کاربکەن))؛ لە ئەنجامدا چینی دەستەبژێران پابەند نەبون بە پەیڕەوی بڕیارەکانی پێشەوا (هەرچۆنێکبێ ئەم کـارە بۆ هەمو رێکخراوەکان زۆرەملێیی بـو)، بەڵکو دەبـو ((ئیدارەی رابــەری رایی دەکــرد)) و بەهەمانجۆر کە لە تۆماری داوای دوورو درێژی ((زیـادەڕەویـەکـان)) و ((کارەساتەکان)) چینی دەستەبژێران لە بەرامبەر دادگاکانی حزبی دەکـرا تێبگەی ئەم دووە هەرگیز یەکسان نەبون. تاکە جیاوازی ئەوەبو کە چینی دەستەبژێران، بەهۆی تەڵقینی تایبەتی بە گوێ دادراویــان پــەروەردە ببون تا بزانن ((مانای ئاماژەی تایبەتی لە ناوەڕۆکی تیۆری زیاترە)).

بە دەســتــەواژەیــەکــی وردتــر چالاکی جـوڵانـەوە لە ناخی دەزگـای دەسەڵاتی تۆتالیتاری سەرچاوەی لەم واقعیەتە گرتبو کە رابــەر بــەردەوام ئەنجومەنی دەسەڵاتی راستەقینە بۆ رێکخراوی تر دەگوازێتەوە، بێ ئەوەی گروپەکان هەڵوەشێنرابنەوە، یان بە فەرمی لەم کارە ئاگادار بکاتەوە کە بەم شێوەیە لە دەسەڵات بێبەشکراون.

لە یەکەم قۆناغی رژێمی نازی، یەکسەر دوای سوتاندنی ئەنجومەنی فیدراڵی ئەڵمانیا، ((ئێس. ئای))یەکان بۆ ((ئێس. ئێس))ەکان و سەرەنجام لە

((ئێس. ئێس))ەکان بۆ ئەنجومەنی ئاسایش گوازرایەوە. مەسەلەکە ئەوەیە کە هیچ ئۆرگانەکانێکی دەسەڵات قەت لەو مافە بێبەش نەدەبون کە خۆیان بە بەرجەستەکەری ئیرادەی پێشەوا بزانن، بەڵام نەك ئیرادەی پێشەوا ئەوەندە ناجێگیر بو کە بە بەراورد، دەکرێت ترسی سەرەڕۆیانی خۆرهەڵات بە نمونەی ئاشکرای وەستانەوەو خۆڕاگری دابنێی، بەڵکو پۆلێنکارییە هەمەگیرو هەمیشە گۆڕاوەکانی دەسەڵاتی نهێنی راست و دەسەڵاتی رواڵەتی ئاشکرای بەڵگەی واقعی دەسەڵات، بۆ مانایەك دەگۆڕی و تا ئاستێك ئەندامانی گروپی دەسەڵاتیش قەت تەواو لە پێگەی قاتبەندی نهێنی و رەزامەندی دەسەڵاتیان دڵنیا نەبون.

بە دەستەواژەیەکی دیکە، لەوێ ئاگاداربون دەبێت پەیڕەوی کەسێك بکرێت و سەقامگیری تاڕادەیەك بەردەوامی قاتبەندی، دەیتوانی توخمێکی سەقامگیری ئاڕاستە بکات کە حکومەتی تۆتالیتار لە بنچینەدا نەیبو، بەردەوام نازیەکان هەمیشە دەسەڵاتی واقعییان رەتدەکردەوە کە ئاشکرا دەبو، نمونەی نوێ لە حکومەت دێننەئارا کە بە بەراورد بە حکومەتی بەرایی سێبەر ئاساو رێپێدراو دەبو - بازاڕێك کە دەکرا بێ سنور بەردەوام بێت. گرنگترین جیاوازی هونەری یەکێتی سۆڤیەت و سیستەمی ناسیۆنال سۆسیالیزم ئەوەبو کە ستالین، هەرکە ناوەندی دەسەڵاتی جوڵانەوەکەی لە دەزگایەکەوە بۆ دەزگایەکی دی دەگواستەوە، حەزی دەکرد ئەو دەزگایە بە هەمو کارمەندەکانی پاکتاو بکات، لە کاتێکدا هیتلەر سەرەڕای بۆچونی تەوساوی دەربارەی خەڵکانێك کە ((ناتوانن لە سێبەرەکەیان دوربکەونەوە))، تابلێی خواستی هەبو لەم سێبەرانە بە بڵاوی سود لە کردەوەی دیکە وەرگرێت.

زیادبونی چەند لایەنەی ئیدارات بۆ گواستنەوەی بەردەوامی دەسەڵات

زۆر بە سود بو؛ هەرچەند رژێمی تۆتالیتار زەمەنێکی زۆر لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئیدارات و ئەگەری کارەکانی سەربە جوڵانەوە زیاتر دەبێت، چونکە بە زەوتکردنی دەسەڵاتی ئیداری، رێکخراوەکە هەڵناوەشێتەوە. رژێمی نازی بە هاوڕاکردنی بەرایی هەمو ئەنجومەنەکان، کۆمەڵگاو دامەزراوەکان دەستی بەم زیادبونە فرەلایەنەی ئیدارات کرد. خاڵی جێ سەرنج لەم زیادبونە فرەلایەنە لە ئاستی نەتەوەیی ئەوەبو، کە ئەم هاوڕاکردنە بە مانای پەیوەندی و چونەپاڵ رێکخراوە حزبیەکانی پەیوەست نەبو.

ئەو دەستکەوتە تاکۆتایی سەردەمی رژێمی نازی، نەك یەك بەڵکو دوو رێکخراوی خوێندکاری ناسیۆنال سۆسیالیست، دوو رێکخراوی ژنانی نازی، دوو رێکخراوی نازی بۆ مامۆستای زانکۆ، مافپەروەران، دکتۆران و هاوشێوەیان هەبو. بەم حاڵەش ناکرێ بە راشکاوی بڵێی رێکخراوە سەرەکیەکانی حزبی بەگشتی لە هاوتایانی رێکخراویان بە دەسەڵاتتر بون، هەروەها کەس بە حەتمی پێشبینی نەدەکرد، کام رێکخراوی حزبی لە پلەکانی قاتبەندی دەروونی حزبدا گەشە دەکات.

رووکاری حکومەتی روسیا بە پێچەوانەی دەستوری نوسراوی، کەمتر سەرنجڕاکێش بوو تەنانەت بە راشکاوی زیاتر لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ لێڕوانینی بێگانەکان بونیاتنرابو کە نازیەکان لە کۆماری وایمار بەمیراتیان گرت.

رژێمی روسیا کەڵەکەی بنچینەیی ئیداراتی نازیەکانی نەبو لە سەردەمی هاوڕاکردنیش تەنانەت زیاتر جەختی لە دامەزراندنی بەردەوامی ئیداراتی نوێ دەکردەوە تابتوانێ ئەنجومەنەکانی پێشتری دەسەڵات بخاتە سێبەریەوە. زیادکردنی زەبەلاح ئاسای دەزگای ئەریستۆکراسی کە لە خودی ئەم رەوشەدایە، بەسەر لە نوێ هەڵوەشانەوەی ئیدارات بەهۆی

پاکتاوکردنەکان جڵەو بکرێت. دەتوانین لە روسیاش لانیکەم سێ رێکخراوی لێکجیا دەستنیشان بکەین: دەزگای ئەنجومەنی یان دەوڵەتی، دەزگای حزبی و دەزگای پۆلیس، کەلتوری و سەربازی تایبەتی خۆیان هەبو.

لە روسیا، دەسەڵاتی رواڵەتی ئەریستۆکراسی حزبی لە بەرامبەر دەسەڵاتی راستەقینەی پۆلیسی نهێنی هاوتای دوانەکردنی حزبی و دەوڵەتییە کە لە ئەڵمانیای نازی ژماردمان و ئەم زیادکردنە فرەلایەنەی ئیدارات لە خودی پۆلیسی نهێنیش دەبینرێت کە لە تۆڕی ئاڵۆزی لقی جیاجیا پێکهاتووە، بـەردەوام هەربەشێکی چاودێری ئـەوی دیکە و سیخوڕی لە سەر دەکـرد. هەر دامەزراوەیەکی یەکێتی سۆڤیەت بەشی تایبەتی پۆلیسی نهێنی هەبو کە سیخوڕی بە سەر ئەندامانی حزب و کارمەندانی ئاسایی ئەو دامەزراوەیەدا دەکـرد، لەگەڵ ئەم بەشە، بەشی تری پۆلیسی لە خـودی حزبدا هەبو کە جارێکی دیکە دەبێت سیخوڕی بەسەر هەموکەس لەوانە ئەندامانی پۆلیسی نهێنیدا بکەن و دوژمـن ئەندامەکانی نەدەناسی، بە پێچەوانەی ئەم دوو رێکخراوە سیخوڕییە، چەند یەکێتییەك لە کارگەکاندا هەبو کە ئەرکیان چاودێری کاری کرێکاران بو تا بزانن ئایا رەچاوی پشکی دیاریکراوی بەرهەم هێنانیان کـردووە یان نا، بـەڵام لە هەموی گرنگتر ئەم دەزگایانە ((بەشی تایبەتی)) پۆلیسی نهێنی بو کە دەسەڵاتی ((پۆلیسی نهێنی لە پۆلیسی نهێنیدا )) هەبو.

هەمو راپۆرتەکانی ئەم دامــەزراوە پۆلیسییە رکابەرە سەرەنجام بۆ کۆمیتەی ناوەندی حزب و مەکتەبی سیاسی حزب لە مۆسکۆ دەنێردران. لێرەدابو کە بڕیار دەدرا کام راپـۆرت یەکلاکەرەوە و کامە لە بەشەکانی پۆلیس لایەقی ئەنجامدانی کارەکانی پۆلیسی تایبەتیان هەیە. دیـارە نە دانیشتوانی ئاسایی وڵات و نەهیچ بەشێکی پۆلیس زانیاریان لە سەر ناوەڕۆکی

بڕیارەکە نەبو. ڕەنگە ئەمڕۆ بەشی تایبەتی پۆلیسی نهێنی درێـژە بەکاری خۆی بدا، بەیانی تۆڕی هەڵسوڕاوانی حزبی و دوبەیانی کۆمیتەی ناوخۆ یان دەستەیەکی ناوچەیی، لە هەمو بەشەکاندا قاتبەندی یاسایی بنەمایی دەسـەڵات یان دەسـەڵاتـدار نییە، تاکە کـاری حەتمی ئەوەبو کە سەرەنجام بەشێکیان وەك رواڵەتی ((ئیدارەی پێشەوا)) هەڵدەبژێردرێت.

تاکە ڕێسایەکی دەوڵەتی تۆتالیتار کە هەمووان دەتوانن لێی دڵنیابن ئەوەیە هەرچی دامـەزراوە و ئیدارەکانی دەوڵەتە ئاشکراتربن دەسەڵاتییان کەمترەو هەرچەند دامەزراوەیەك نەناسراوتر بێت، سەرەنجام بە دەسەڵاتتر دەبێت، بەپێی ئەم ڕێسایە ئەنجومەنەکان دەسەڵاتیان لە حزبی بەڵشەفیك کەمتر بو کە لە دەسـتوردا وەك باڵاترین سـەرچـاوەی دەوڵـەت بە فەرمی ناسراون. ئەندامێتی ئەندامەکانی حزبی بەڵشەفیك ئازادانەیە و وەك چینی باڵادەست بە فەرمی دەنـاسرا، لەچاو پۆلیسی نهێنی دەسەڵاتی کەمتر بو. دەسەڵاتی ڕاستەقینە سەرچاوەی لە دەستپێکی نێهنی و نهێنیکاری دەگرت. لەم ڕوانگەیەوە دەوڵەتەکانی نازی و بەڵشەفیك کتومت یەکبون؛ لەوکارە جیاوازبون کە قۆرخکردن و ناوەندێتی فەرمانگەکانی پۆلیسی نهێنی لە ئەڵمانیا بەدەست هیملەرەوە بو، بەڵام لە ڕوسیا کۆمەڵێکی مارپێچی و بە ڕواڵەت پێکەوە نەبەستراو لە چالاکیەکانی پۆلیسدا هەبو.

ئەگەر ئێمە دەوڵەتی تۆتالیتار بە ئامرازێکی دەسـەڵات لە قەڵەم بدەین و پرسیاری لاوەکـی لەمەڕ کارایی ڕاپـەڕانـدن، توانای پیشەسازی و بەرهەمی ئابوری وەلابنێین، ئەوکات دەردەکـەوێـت کە ناشێوەیی ئەو دەوڵەتە ئامراز ئایدیالی گونجاوە بۆ بەدیهێنانی بنەمای پێشەوایی. ڕکابەرێتی هەمیشەیی نێوان ئیدارات کە ڕەفتاریان نەك هەرپێکەوە بەشدار بو، بەڵکو ئەرکی یەکسانیان لە ئەستۆیە. بەختی کارتێکرانی نەیارو وێرانکاریەکان لە

بەین دەبات؛ گۆڕانی خێرای ئەنجومەنی دەسەڵات کە دەوری سێبەر ئاساو ڕێپێدراو دەداتـە ئیدارەیەك و دەسـەڵات دەداتـە ئیدارەکەی دیکە، دەکرێ هەمو کێشەکان چارەسەر بکات بێ ئەوەی کەسێك ئاگای لەم گۆڕانە بێت و یان بزانێت لە بنچینەدا نەیارێك هەیە. باشیەکی تری ئەم سیستەمە ئەوەیە کە ئیدارەی دژ قەت لە شکانی خۆی ئاگادار ناکرێتەوە، چونکە ئەوەیان هەرگیز هەڵی ناوەشێننەوە (بۆ نمونە رژێمی نـازی) یان دوای کەمێك و بێ هیچ جۆرە پەیوەندیەکی ئاشکرا بەم بابەتە تایبەتەوە هەڵدەوەشێتەوە. دەکرێت ئەم کارە بەوپەڕی ئاسانی ئەنجام بدرێ چونکە هیچ کەسێك، جگە لە کەمێك لە ناسیاوان، ئاگایان لە پەیوەندی نێوان سەرچاوەی دەسەڵات نییە.

وەك شێوەکانی حکومەت، تەگبیرو ئامڕازەکانی تۆتالیتار، ئاسایی و بۆخۆی کاریگەرن. ئەمان نەك قۆرخکردنی دەسەڵاتی رەها بەڵکو حەتمیەتی بێ هاوتا زامـن دەکـەن کە هەمیشە هەمو بڕیارەکان جێبەجێ دەکرێن؛ فرەیی پشتێنەی پەیوەندی و ئاڵۆزی قاتبەندی، زامنکەری سەربەخۆیی دیکتاتۆرە لە هەمو ژێردەستانی و ئەگەری گۆڕانی خێراو سەرسامکەری سیاسەتەکان دەڕەخسێنێ کە تۆتالیتاریزم پێی ناسراوە. سەرۆکی وڵات لەبەر ناشێوەییەکەی دژی زەبر لێدانە.

کێشەی رژێمە تۆتالیتارەکان ئـەوە نییە، کە بێویژدانانە سیاسەتی دەسەڵات بەڕێوەدەبەن، بەڵکو لە پشت سیاسەتەکانیانەوە چەمکی نوێ و بێ پێشینەی دەسەڵات شاردراوەتەوە. بە هەمانجۆر کە لەودیو واقیعخوازی سیاسیان چەمکی نوێ و بێ پێشینەی دەسـەڵات شـاردراوەتـەوە. بێ ئاگایی زێدەڕۆ لە ئاکامە دەستبەجێکان و بێهۆ لە جیاتی بێویژدانی، نا ریشەیی و نەخافڵی بەرژەوەندی نەتەوەیی لەجیاتی ناسیۆنالیزم، بێزاری لە پاڵنەرەکانی

سودخوازانه لە جیاتی بە دواداچونی هەڵنەسەنگێندراوی سودی کەسی؛ ئایدیالگەرایی واتـە، بـاوەڕی پتەویان بە جیهانێکی خەیاڵی ئایدۆلۆژی، لە بـری دەستەبەری دەســەڵات، هەمویان هۆکاری نـوێ و نیگەرانکەری بۆ سیاسەتی نەتەوەیی خستۆتە روو کە توندوتیژی و پەلاماردان نەیانتوانی ئەنجامی بدەن، دەسەڵات لە روانگەی تۆتالیتاریزم، لە هێزێکدایە کە بەهۆی رێکخراوەوە بەرهەم دەهێنرێت.

## بەشی شەشەم
## نازیزم و کۆمۆنیزم: دووانە ئەهریمەنیەکان؟

ئالن دۆبنوا

بڵاوبوونەوەی کتێبی رەشی کۆمۆنیزم لەلایەن کۆمەڵێك مێژوونوسەوە بە بۆنەی هەشتایەمین ساڵرۆژی شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیا باسێکی گەرماوگەرمی لە فەرەنسا، پاشان لە دەرەوە هەڵگیرساند. ستیڤان کۆرتۆڤا هەڵەچنی ئەم کتێبەی کردووە و (لە بری فرانسوا فۆرە پێشەکی بۆ نوسیووە، کە چەند مانگێکی مابو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە مرد). ئەم بەرهەمە هەوڵدەدا بە لە زەینگرتنی شایەتی بەڵگەیی راپۆرتێکی وردی خەرجی مرۆیی کۆمۆنیزم بخاتەڕو کە ئەمڕۆ بەردەستە. ئەم هەڵسەنگاندنە لە سنوری 100 ملیۆن کوژراو چوار بەرامبەری کوژراوەکان نازیزمە، لە راستیدا ئەم ژمارەیە شتێکی نوێی ئاشکرابو نین.

پێشتر زۆربەی نوسەران لە بۆریس سۆڤارینەوە بیگرە تا رۆبێرت کانگۆیست و ئەلێکساندەر سۆلژێنستین، کۆمەڵێك بابەتیان شرۆڤەکردووە وەك گۆلاگ1؛ کە کرملین بە ئەنقەست قاتوقڕی دروست دەکرد (لە ساڵەکانی 22 - 1921 و 33 - 1932 لە ئۆکراین بە ریز 56 ملیۆن مرۆڤی کووشت)؛ دوورخستنەوەی نزیکەی 7 ملیۆن کەس لە وانە گۆلاگەکان،

ئەڵمانیەکانی ناوچەی وڵگا، چیچانیەکان، تاتارەکان و تێکڕای قەفقازیەکانی یەکێتی سۆڤیەت، ملیۆنان کـوژراو بە درێژایی شۆڕشی کەلتوری چین و هاوشێوەی، لە پێوانە بەمانە ژمارەی کتێبی رەش زیاتر پارێزگارانە بە زەین دەگەن.2

گیرایی زۆری کتێبی رەش پەیوەندی بەم راستیەوە هەیە کە ئەم کتێبە بەپێی بەڵگەی وردی ئەرشیفەکانی مۆسکۆ نـوسراوە کە ئەمڕۆ بە رووی لێکۆڵەرەواندا کراوەتەوە، هەربۆیە ئەم ژمارانە لێیان نەکۆڵراوەتەوە. بە گوێرەی ئەم بەڵگانە هەندێك رەخنەگر ئەنجامگیری دەکەن کە ((لیستی کۆمۆنیزم ڤێزەونترین نمونەی کۆمەڵکوژی مێژوو پێکدەهێنێت)) و روسیا ((بە درێژایی مێژوو، گەورەترین و خوێناویترین رژێمی تاوانکار)) بووە. بەمەش باسەکە نەك لە خودی راستەقینە، بەڵکو لە شرۆڤەیان پێکهاتووە، بە وتەی کۆتۆڤا رژێمە کۆمۆنیستەکان لە هەمو شوێنێك ((بە تەواوی مانا تاوانی چڕیان تا ئاستی سیستەمی حکومەتی بەرزکردۆتەوە)). لەم روانگەیەوە دەکرێت بزانین کاتێك کۆمۆنیزم بنیادەمی دەکوشت بنەما تیۆریەکانی خۆی پێشێل نەدەکرد، بەڵکو پەیڕەوی دەکردن - بە دەستەواژەیەکی تر، کۆمۆنیزم تەنیا سیستەمێك نەبو تاوانی کردبێت، بەڵکو سیستەمێکی جەوهەر تاوانکارانە بو. بە هەمانجۆر کە تۆنی جوت وتویەتی ناکرێت ئەمڕۆ هیچ کەس گومان لە ماهیەتی تاوانکارانەی کۆمۆنیزم بکات. دەبێت بیربهێنرێتەوە کۆمۆنیزم لە نازیزم زیاترو لەسەردەمێکی زیاتر بنیادەمی کوشت و پێش نازیزم ئەم کارەشی ئەنجامداوە.

کۆرتۆڤا دەنوسێت ((ئەو رێبازانەی کە لینین گرتیەبەر، بەهۆی ستالین و لایەنگرانی شێوازمەند بو، نەك هەر هاوشێوەی رێبازی نازیەکانە بەڵکو پێشتر سودی لێوەرگرتووە)). ئەم بابەتە پێویستی بە ((شیکاری بـەراوردی

لێكچونی رژێمێكه، له ساڵی 1945 تا ئەمڕۆ، وەك تاوانبارترین رژێمی سـەدەی بیست له زەیـن گیراوه و رژێمی كۆمۆنیستی كه تا ساڵی 1991 رەوایەتی نێودەوڵەتی پاراست و هێشتاش له هەندێك وڵات باڵادەستەو لەسەرانسەری جیهان لایەنگری هەیه.))

ئەم باسه پەیوەندی بەم مەسەلەیەوه هەیه: دەكرێت ئەم بۆچونه كۆمۆنیزم بۆخۆی به تاوانكار و به كـردەوه سەركوتكەر بزانێ كه رووبـەڕوی هەمان نەیاری تونده، بەڵام نەك كەمتر له نەیاریەك كه بۆچونی لێكچوی و بەراوردكراوی كۆمۆنیزم و نازیزم رووبەڕوی بۆتەوه.

كۆرتۆڤا بۆ پێشنیازی ئـەم دوو بابەتەش رەخـنـەی لێگیراوه. ئەم رەخنانه به رادەیـەك توندو زۆر بـوون، هەندێك نوسەران خۆناگرخێنن كه له كتێبی رەش بەم چەشنه قسه بكەن: ((فێڵه هزر))و ((پڕوپاگەنده)) (ژیل پیرۆر)، ((نـاوزڕان)) (ژان ماری كۆلۆمباری)، ((دیاریەك بۆ بەرەی نەتەوەیی سەردەمی دادگایی كردنی پاپن)) (لیلی ماركۆ)، ((بانكداری ترسناكی جومله فرۆشان)) (دانێڵ بن سەعید)، ((پەیامی ئایدۆلۆژی)) (جـان جاك مـاری)، ((تەڵەكەبازی)) (مۆریس نـادو)، ((رەتكردنەوەی مێژوو)) (ئالین بلوم) و ((نەرێنی هۆنینەوه)) (ئادام ڕایسكی)، كه مەبەستی رەخنەگران بۆ ئەم كاره ئاشكرابو، دەبێ سەرنج بدەین كه كۆرتۆڤا بۆ نوسینی لەم چەشنه رەخنەی لێگیراوه: ((منداڵی گولاگی ئۆكراینی كه بەهۆی قاتوقڕی ئەنقەستی نەخشه بۆ كێشراوی رژێمی ستالینی له برسان مردووه، هێندەی مردنی منداڵی جولەكه ناوچه جولەكه نشینەكانی وارشۆیه كه به هۆی قاتوقڕی دەستكردی رژێمی نازی له ناوچوون.)) بەم حاڵەش ئەم رستەیه ریسواكەرو شەرمەزارهێن نییه، بەڵكو ئەم راستیەیه كه ئیدانه دەكرێت. فیلیپ پتی تا ئەوجێیه هەنگاو داوێ كه دەنوسێ: ((مـردووەكـان وەكیەك گرنگ نین)). مخابن هیچ پێوەرێك بۆ

جیاکردنەوەی قوربانیانی کۆمۆنیزم و نازیزم ناخاتەڕو. ڕاستە کە ئەمڕۆش هێشتاش دیار نییە، ئایا تاوانێك تاوانە، یان ئایا بایەخی هەمو قوربانیان یەکسانە، زیاترمان لە فەزای باڵادەستی ئەوکاتە پێدەڵێن.

***

کۆمۆنیستەکان بەردەوام بە توڕەییەوە بەراووردی نێوان کۆمۆنیزم و نازیزمییان ڕەتکردۆتەوە. ئەم کارە سەرسامکەر نییە: نازیەکانیش بە هەمان توڕەیی ئەم بەراوردەیان ڕەتکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ساڵانی ساڵ نوسەرانی وەك واڵدمار گوریان، ئالین هالقی، جۆرج ئۆروێل، ڤیکتۆر سەرج، ئەندرێ ژید، سیمۆن ویڵ، مارسڵ موس و بێرنارد شۆ ئەم چەشنە بەراوردەیان کردووە. کەسانێك دەرفەتی بەراوردی بابەتییان هەبووە، کە قەدەریان وابووە هەم لە کەمپەکانی سۆڤیەت و هەم لە کەمپەکانی نازی زیندانی بکرێن.

مارگرێت بوبیر - بویمان لە وانەبو. ئەندامی گروپێکی کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا بوو کەوتە بەر ڕقی ستالین و لە ساڵی 1937 لە کەمپی کاراگاندای3 سیبریا گیرا، پاشان کاتی بەستنی پەیماننامەی سۆڤیەت و ئەڵمانیا لە ساڵی 1939 پۆلیسی نهێنی سۆڤیەت (کە پاشان بە NKVD ناسرا) ڕادەستی گشتاپۆی کرد، پاش ئەوەی ساڵی 1945 لە کەمپی ڕاونسبێرك4 ئازادکرا وتبووی: ((پێموایە کەمپەکانی سۆڤیەت هەرگیز لە پێوانە بە کەمپەکانی نازی چی کەمتر نەبووە و نیانە.)) یەکسەر بێدەنگیان کرد.

بەراوردی لەم چەشنە بووە بنەمای توێژینەوەی تۆتالیتاریزمی ناسراوی هانا ئارێنت. ئالین بولاك ژیان نامەیەکی هاوشێوەی دەربارەی ستالین و هیتلەر نوسی. بەم دواییە فۆرێ، کە لە مێژبو بە بەڵگەی ڕاستەقینە سەری لە ڕێگری بەراوردکردنی ئەم دوو ڕژێمە سوڕمابو، نوسیویەتی: ((ئەم ڕێگریە

بۆتە داخی راستیەکی کەموزۆر ئایینی دەروونــی، دەبێتە کۆسپی بەردەم تێفکرین لە کۆمۆنیزم بەپێی قوڵترین راستییەکەی - واتا تۆتالیتار -)). پییەر شۆنۆ وەك ((جمکی دوو رەگــە)) تاریفی نازیزم و کۆمۆنیزمی کــردووە. ئالین برانسۆن ئەم ڕژێمە ((وەکیـەك تاوانبار)) دەناسێنێت، لە راستیدا بەراوردکردنی کۆمۆنیزم و نازیزم نەك هەر رەوا بەڵکو پێیویستە، چونکە بێ بــەراورد ئەم دوو دیاردەیە تێنەگەیەنراو دەبـن. تاکە ڕێی تێگەیشتن و دەرك کردنی مێژووی نیوەی یەکەمی سەدەی بیست ((دانانیان بەتەنیشت یەکەوە)) (فورە) و توێژینەوەیان ((لە کاتی خۆیان)) (ئارنست نۆڵتی)، واتا مەیدانی مێژووی هاوبەشییان.

نۆڵتی، بەڵگەیەکی ئەم کارەی ناوناوە ((تۆڕی باڵای)) نێوان کۆمۆنیزم و نازیزم. لە هەندێك لاوە، نازیزم نزیکی کۆمۆنیزم بو، لە ساڵی 1922 کاتی ریزبونی سەربازەکان لە رۆمـا، مۆسۆلۆنی بڕیاریدا رووبــەڕوی ((مەترسی کۆمۆنیزم)) بێتەوە. ساڵی داهاتو نازیزم، لە کاتی ریزبونی سەربازەکان بەرەو فلدهرناڵ، پاش جوڵانەوەی کۆمۆنی باڤارین5 و شۆڕشی سپارتاکۆسەکان6 لە دایکبو. بە سەرنجدان بە لاوازی و بێ توانایی رژێمی پەرلەمانی {لە ئەڵمانیا}، بە زەین دەگـات کودەتای شۆڕشگێڕی ((نەتەوەیی)) وەڵامێکی لۆژیکی کودەتای بەڵشەفیکی بێت و هاوکات، هەندێك لەو رێبازانەیان لە شەڕی ناوشاردا بە کاربرد کە لە سەنگەرەکاندا فێری ببون. بەمەش دەکرێت نازیزم بە جوڵانەوەی دژە کۆمۆنیستی پێناسە بکەی کە شێوەو رێبازەکانی لە رکابەرەکەی وەرگرت و بە تیرۆر دەستی پێکرد.

ئەم تیۆرە یەکەمجار لە ساڵی 1942 زیگمۆند نویمان پێشنیازی کرد، نۆڵتی شرۆڤەی ((مێژوویی و پێکهاتەیی) دیـاردەی تۆتالیتاری شێوازمەندی کرد و ئەم تیۆرە شیکاری سەرچاوە هاوبەش و سەربەخۆکانی نێوان دوو

رژێمی پێویست کرد. دیارە دەکرێت پێداگری نائاسایی لەسەری لەبەرچاو نەگرتنی رەگی ئایدۆلۆژی هەردووکیانی لێکەوێتەوە کە بۆ پێش شەڕی گەورەی (-18 1914) دەگەڕێتەوە. بەم حاڵە گومان نییە کە شیکارێکی وا لانیکەم توخمێك لە حەقیقەتی تێدایە. بە دەربڕینێکی دی دەکرێ بپرسی ئەگەر سۆڤیەتی کۆمۆنیستی نەبو ئایا دیسانەوە نازیزم هەمانشێوەی دەبو. رەنگە وەڵامدانەوەی دوا پرسیار نەرێنی بێت.

بەڵگەیەکی دیکەی پاساوی ئەم بەراوردکردنە، دەستێوەردان و هاوپۆشی مێژوویانە. رێك بە هەمانجۆر کە رژێمی سۆڤیەت لە ژێر ئاڵای ((دژی فاشیزم)) گەشەی کردبو، رژێمی نازیش لە ژێر ئاڵای ((دژی کۆمۆنیزم)) تەیاربو.

دووەمیان، دیموکراسی لیبڕاڵی لەمەڕ مەترسی کۆمۆنیزم بە لاواز دەدی کە هاوکات یەکەم بە ناوی ئامادەی ((فاشیزم)) رووپۆشی دەکردن. کۆمۆنیزم بۆ دژە نازی بون دەکۆشا پیشانی بدا کە هەرجۆرە نەیاریەکی ئەقڵانی فاشیزم بە کۆمۆنیزم دەشکێتەوە. نازیزمیش، بۆ دژە کۆمۆنیست بون، دەکۆشا بە شێوازی هاوشێوە دژایەتی کۆمۆنیزم بە هاریکار وەربگرێت: بە ئاماژە بە دوژمنێکی هاوبەش، ئەم تاکتیکە شتێکی کەم گرنگ و لاوەکی نەبو. بە هەمانجۆر کە جۆرج ئۆروێل لە دەیەی 1930 بیری هێنایەوە، زۆربەی خەڵك لە ترسی کۆمۆنیزم بونە نازی، کە زۆربەشیان بۆ بەگژ داچونەوەی نازیزم بونە کۆمۆنیزم. ترس لە کۆمۆنیزم زۆرینەی بۆ پاڵپشتکردنی هیتلەر لە ((جەنگی خاچ پەرستی دژی بەڵشەفیزم)) کێشکرد. ترس لە نازیزم وایکرد زۆربەی یەکێتی سۆڤیەت بە دوا هیوای مرۆڤایەتی بزانن.

بەراوردی ئەم دوو رژێمە بە هاوشێوە زانینیان نییە: رژێمە بەراورد پەسەندەکان بە ناچاری هاوشێوە نین. بەراورد بە مانای لە زەینگرتنی

دوو دیــاردەی جیاوازی گوتەزایەکی یەکسانە. نە کەم گرنگ پیشاندانە و نە ڕێژەیی زانین. قوربانیەکانی کۆمۆنیزم نابنە هۆی لە بیرچونەوەی قوربانیانی نازیزم و بە پێچەوانەوە: مردنەکان بە لە بیرچونەوە ناسپێردرێن، کـۆدەبـنـەوە. بـەمـەش، ناکرێ سـود لە تـاوانـی ڕژێمێك بۆ پـاسـاودان یان کەمکردنەوەی گرنگی تاوانێك وەرگری کە ڕژێمەکەی دیکە ئەنجامی داوە. ڕاستە کۆمۆنیزم لە نازیزم زیاتر بنیادەمی کوشت، مانای وانییە کە نازیزم لە کۆمۆنیزم باشترە، چونکە مەسەلە هەڵبژاردنی ئەم دوانە نییە.

کۆمۆنیزم لە چاو نازیزم بنیادەمی زیاتری لە ناوبرد، بـەڵام هێشتا بیروباوەڕی باوە کە نازیزم لە کۆمۆنیزم بەدترە. ئەم بابەتە چۆن دەشێت؟ چۆن دەکرێت لە بەگژداچونەوەی ڕژێمەکانی وەکیەك وێرانکەر و تێکدەر، یەکێکیان کەمتر ترسناك و تۆقێنەر بزانی؟ چۆن دەکرێت دیسانەوە هزری بـەراورد پەسەندییان ڕەتبکەیەوە؟ تاکە ڕێگای ئەنجامدانی کارێکی وەها بەرگرتن لە بەرجەستە بونی لیستی ئـەم دوو ڕژێمەیە بۆ پێشگرتن لە رووبەڕوبونەوە بە ئاکامەکانی ئەم بەراوردکاریەیە. بەڵگەیەك پەیوەندی بە جیاوازی نێوان سەرچاوەی بەرایی سروشی دوو ڕژێمەکەوە هەیە، کە زۆر جار بۆ ئەم مەسەلەیە دەهێنرێتەوە: نازیزم هۆکاری بێزاری بو؛ کۆمۆنیزم هۆکاری ئـازادی. کۆمۆنیزم بەهۆی خۆشەویستی مرۆڤایەتی گەشەی کرد، کە رۆبێرت هیو ناوی دەنێت ((لە ئاو هەڵکێشان))و نازیزم ڕەتکردنەوەی هزری مرۆڤایەتی.

جان جاك بکر بانگەشە دەکات ((هیۆمانیزم لە سەرچاوەی کۆمۆنیزمدا هەیە، کە بۆ نازیزم بە پێچەوانەیە)). رۆجـێ مارتلی بــەردەوام دەبێت: ((کۆمۆنیزم هزری مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای عەقڵ و یەکسانی مرۆڤەکان پیشان دەدا.)) رۆلان لوروا دەنوسێت: ((بێزاری لە جۆرێك مرۆڤ رەگی بۆ

نازیزم و خۆشەویستنی جۆرێك مرۆڤ رەگی بۆ كۆمۆنیزم دەگەڕێتەوە)). هاوتای رای كۆنۆپنیكی: ((نازیەكان بە بەڵگەی بێزاری لە مرۆڤایەتی بونە نازی و كۆمۆنیستەكان بە بەڵگەی تەواو پێچەوانەوە بونە كۆمۆنیست.))

دەرەنجام ئەوەیە كە تاوانی نازیەكان پێشبینیكراو بو، تاوانی كۆمۆنیستەكان پێشبینی نەكراو. تاوانەكانی ستالین پوختەو ئاكامی لادانی كۆمۆنیستی بو كە ((ئایدیالی ئازادكردنی مرۆڤایەتی)) لە سەر دابو.7 لە كاتێكدا تاوانی هیتلەر راستەوخۆ لە ئایدۆلۆژیەكەی سەرچاوەی دەگرت. دەكرێت نازیزم بە بكوژێكی زنجیرەیی بشوبهێنی و كۆمۆنیزم بە ئەندامێكی ئەنجومەنی چاكەكاری بەخت ئاوەژو كە بۆ رزگاركردنی تاكەكان دەیانكوژێت.

نازیزم بە تاوانكردن بەپێی ئەرك و بە سڕینەوەی خەڵك لەسەر قسەی خۆی سوربو بەرنامەكەی پراكتیزە كرد. كۆمۆنیزم بە تاوانكردن لە رووی هەڵەوە، پشتی لەوادەكانی كرد. كاری نازیەكان راستەوخۆ لە ئامۆژگاریەكانیان سەرچاوەی دەگرت، لە كاتێكدا كاری كۆمۆنیزمی سۆڤیەت ((بەكاربردنی نادروستی ئایدۆلۆژیەكی دروستبو)). كۆمۆنیزم بە رێكەوت، نەی زانیوە یان لە رووی نەزانیەوە بووە تێكدەر. تاوانەكانی كۆمۆنیزم سەرچاوە لە راڤەیەكی نادروست یان رێنمایی نادروست دەگرێت. دەكرێ تیرۆری كۆمۆنیستی بە ((كۆپیكردنێكی ئاخر شەڕ)) و ((جۆرێك شومی ئاسمانی)) بچوێنی. بە كورتی سەرەڕای سەد ملیۆن كوژراو، دەكرێت كۆمۆنیزم وەك هزری خۆشەویستی و هۆگری دڵسۆزانەو برایانە پێناسە بكەی كە بێزاری بە بێمەیلیەوە خستۆتەلاوە: شایانی رێزێك كە بە لاڕێدا رۆیشت.

بەمەش، دەبێت تێچونی مرۆڤانەی كۆمۆنزیم بە دەرەنجامی ((لادانێك)) لە قەڵەم بدەی. ((گەیشتنی سەرۆكەكانی بە شێوازێكی دیكەی

ئایدیالی لەسەر بنەمای دادپـەروەری کۆمەڵایەتی و عیشق و ئـازادی))، بە ڕای جان جاك بکر گرنگترین هۆکاری تیرۆری سۆڤیەت بو ژیل پیرۆ لە سەری دەڕوا: ((خەباتگێرانی کۆمۆنیست بەشداری نەخشەیەکیان کرد کە دەکۆشا جیهانگرو ئازادی بەخش بێت. ئەم ڕاستییە پاڵنەرەکەیان بێ متمانە ناکات، ئەم ئایدیالە بە لاڕێـداچـو.) ) بە بـاوەڕی مادلین ریبریۆ سەرۆکی فەخری ئەنجومەنی مافەکانی مـرۆڤ، ڕەچـاو نەکردنی ئەم بابەتەیە بڵێی کۆمۆنیزم هاوشانی نازیزمە... کە یەکێتی سۆڤیەت هەرگیز هیچ گروپێکی مرۆڤایەتی لە یاسای گشتی هەڵنەهاورد! بە کورتی: تاوانی کۆمۆنیستەکان پێشکەوتوانە بو. دیارە ئەم بەڵگاندنانە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردترە.

***

کۆرتۆڤا دەڵێت: ((بنیادەم مافی خۆیەتی سەری بسوڕمێت کە بۆچی کوشتنی مرۆڤەکان بە هیوای ((ژیانی باشتر لە داهاتودا)) شایانی بەخشیشتر لە کۆمەڵکوژی لە ڕووی بیروباوەڕ ڕەگەزپەرستانەیە، کە بۆچی ئەم وەهمە (یان ساختە) هەلومەرجی کوشتن ئارام دەکاتەوە)) دیارنییە، بۆچی کوشتنی کەسانێك کەم گرنگتر، یان کەمتر شایانی لۆمەکردنە کە وادەی کامەرانی و بەختەوەریان پێدراوە لە کوشتنی کەسانێك کە هیچ وادەیەکیان پێنەدراوە. شـەڕکـردن بە نـاوی کـاری چاکە لە شـەڕکـردن بە نـاوی شـەڕ باشتر نییە، لە بەینبردنی ئـازادی بە نـاوی ئـازادی باشتر لە بەینبردنی ئـازادی بەناوی پێویستی سەرکوتکردن نییە، ڕەنگە بابەتی یەکەم خراپتربێت. کاتێك تاوان و شەڕانگێزی کەمتر شایانی چاو پۆشینە بەهۆی کەسانێك ئەنجام بدرێت کە باوەڕیان بە سەروەرییە، چونکە وای بۆ دەچن کە باوەڕیان بە سـەروەری ئاکاری هەیە و پابەند بە بنەماکانیەوە دەمێننەوە. بەمەش بە جۆرێك سورتربوون لەسەر داوەری ڕژێمێك لۆژیکییە کە نیازی باشە، کەچی ((بە

کـردەوە لە هەمو شوێنێك رەفتاری توندوتیژ بـووە و قوربانیەکی زۆری بەجێهێشتووە، لە چاو رژێمێك کە لە سەرەتاوە نیازێکی تاوانکارانەی خراپی هەبووە)). بە دیوێکی دیکەدا، هەلومەرجی چاوپۆشین لە تاوانان بەوجۆرە نییە، کە لە وانەیە لە یەکەم روانیندا بە زەین بگات.

لێرەدا دەپرسرێت کە رژێمە سیاسیەکان لەسەر بنەمای نیازیان داوەری بکرێن، یان کارەکانیان؟ بیرهێنانەوەی ئەم خاڵە پێویستە. مارکس یەکەم کەس بو کە ئاکاری بونی مەبەستەکانی خستەژێر پرسیارەوە: پێیوابوو، مێژوو پێش هەرشتێك بە فەلسەفەی کردەکی (پراکسیس) سەرهەڵدەدات. بە هەمانجۆر کە شانتاڵ دلسۆل دەیخاتە بەرباس: ((کاتێك ئایدیالخوازێك 80 ساڵ تاوان دەکات، پاشان بە بیانوی نیازو مەبەستی یەکەمجاری ناچێتە ژێرباری تـاوان، تەنیا دەکرێت بگەیە دەرەنجامی لۆمەکردنی ئەو نیازە.)) جاك جولیارد دەڵێ: ((تەماشاکردن بۆ کەسانێك کە حەزیان لە پێکەنینە بە ئاکاریەت و دروستی نیاز پەنادەبەنەبەر مارکسیستەکانی کۆتایی سەدەی 20، دەبێتە باشترین نوکتەی سەدە.))

ئەم بانگەشەیە ئاوێتەی راستی ئەوپەڕی نیاز باشییە، کە ئایدیالێك لە سەر بنچینەی نیازی تێکشکاوە یان سەر کەوتووە.8 نهۆ ئەم کارە ئاسایی نییە. ئەم بانگەشەیە بە ئاقاری بۆچونێك مێژووی هـزری لێدەکەوێتەوە کە زەینی و ئاکارییە. لەبری لێکجیاکردنەوەی بیری راست و ناڕاست، بە باش دەزانـرێ جیاوازی بکرێت لەنێوان بیری ((بـاش)) و ((خـراپ))، بێ دیاریکردنی شێوازی باش و خراپ. ئەمە بەڵگەیە کە هەوڵ بۆ رەتکردنەوەی بیری نادروست ئەوەندە بە بەهامەند نازانرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕاستیدا، بانگەشەی ((بەخشندە)) بونی ئایدیالی کۆمۆنیستی هیچ مانایەکی نییە، یەکسەر دوو پرسیار دەکرێت. یەك بەخشندەیی بەکام پێوەر؟ دوو ئایا

هزرێك ((بە بەخشندەیی)) وەك پێویست لە سەر هەقە؟ کۆمۆنیزم و نازیزم بە پێی هزری ناڕاست دوو سیستەمی سیاسی بون. لەم مەیدانەدا، راستی یان خەیاڵی بون و بەخشندەیی هیچ گرنگ نییە، ئەگەر بکرێت کەسێك بە سیستەمێك وەك ((بەخشندەیی)) چوار بەرامبەر زیاتر لە سیستەمێك بنیادەم بکوژێت کە بە ناوی ئامۆژگاری بێزار بنیادەمی کوشت، رەنگبێ ئەوکاتە کاتی هاتبێ کە گومانی خراپمان لە خودی چەمکی بەخشندەیی هەبێت. سەرەنجام، شێرو رێوی هێنانەوە، بەختەوەر نەبونی مرۆڤەکان بە قازانجی خوێنڕێژانە نەك قوربانیەکان. بونە قوربانی هزری کێشکردن، هەتا گەر بە لاڕێدا رۆیشتبێت، لە قوربانی بونی قوربانی کەم ناکاتەوە: جیاوازی بۆ یەکێك چییە، کە بە داردا کرابێت؟ کاتێك کە دەزگای پشکنینی بیروباوەڕ خەڵك لە بەرخۆی بسوتێنێت، ئەو خەڵکە لەم راگـوزەرە سێبوریان نایەت بە هۆکار یەکسان و ئامانجەکانیش شاراوە دەبن.

***

ئەوەندە بەس نییە بڵێین کۆمۆنیزم هزرێکی باشی بەلاڕێدا بـراوە. دەبێ شی بکاتەوە کە چۆن توانی بەلاڕێدا بڕوات، واتا چۆن هزرێکی باش زیاتر لە هزرێکی خراپ رێ لە ترس ناگرێ و تەنانەت دەی پارێزێت. چۆن دەکـرێ بەناوی چاکە خەڵك ئەشکەنجە بدا، بۆ ئازادکردنی خەڵك کەمپی دروستکردو بە ناوی پێشکەوتن ترس و دڵەڕاوکێ هاتەئارا؟ چۆن دەکرێ ئومێد ببێتە کابوسێك؟ ئەمە پرسیارێکی فەلسەفییە کە بەداخەوە وەڵامی فەلسەفی شایستەی نییە: پەیوەندی بە هەلومەرجەوە هەیە. بانگەشە دەکرێت کە توندوتیژی لینین میراتی توندوتیژی تزار بووە. ئەم توندوتیژیە گوڕوتینی لە توندوتیژی جەنگی جیهانی یەکەم وەرگرت کە لە راستیدا سەرەتا کـاردانـەوەی سەرمایەداری بوو پاشان لە روسیە گەیشتە لوتکە، هەروەها

دەکرێت دەرەنجامی شـەڕی ناوخۆی بەڵشەفیکەکان سوپای سپی بێت. ((بەڵشەفیکەکان بێ هەرجۆرە نەریتێکی دیموکراسی گەیشتنە دەسـەڵات، رەنگە بە بێزاریەوە لە خـولانـەوەی توندوتیژیەك کەوتبنەوە کە نەیانتوانی ببنە رێگری)) (میشێل دریـفـۆس)، چونکە دەبـو توندوتیژیەکی وا دابمرکێت. لە بەرامبەردا تیرۆری ستالینی لادەر یان کێشکردنی کۆمۆنیزمی روسی بو بۆ گەندەڵی، چونکە نەك هەر ئاستی توندوتیژیەکەی بەڵکو ماهیەتەکەی گۆڕا.

بـەڵام بـڵاوبـوونـەوەی کتێبی رەش رێـك هەمان لێکدانەوە دوور فڕێ دەدات. کتێبەکە بە رەتکردنەوەی چیرۆکی ((لینینی باش)) و ((لینینی خراپ)) دەری دەخات کە سیستەمی تیرۆر بە گەیشتنە دەسەڵاتی لینین سەقامگیر بو. پێش ساڵی 1914، لینین وتبوی: ((جەوهەری کارمان گۆڕینی جەنگی جیهانی یەکەم بۆ جەنگی ناوخۆیە)) کە ((بـەردەوامـی، گەشەو توندبوونی سروشتی خەباتی چیانیەتییە.)) رێکخراوی چکا9 لە دیسەمبەری 1917 دامەزرا. هەمانکات ترۆتسکی وتی: ((تیرۆر کەمتر لە مانگێك شێوەی ناخۆشتر بە خۆوە دەگرێت کە بە درێژایی شۆڕی فەرەنسە روویـدا))، لە کاتێکدا لە نێوان ساڵەکانی 1825 و 1917 رژێمی تـزاری بڕیاری مردنی بە سەر 6321 کەس دادا کە زۆرینەی بۆ زیندانی کردن بە کاری قورس گۆڕی.

رژێمی لینین، لە پێنج مانگدا 18000 کەسی کوشت، کە دەسەڵاتی بە دەستەوە بو، لە 31ی ئۆگۆستی 1918، سەرۆکی چکا بڕیاریدا ((هەرکەسێك بوێرێت بچوکترین دەنگۆ دژی رژێمی سۆڤیەت بڵاوبکاتەوە)) دەنێردرێتە کەمپی کـاری زۆرەملێیی. ترۆتسکی بە شێوەیەکی وردتـر بیری هێنایەوە کە: ((پرسی کێ دەسەڵاتی بە دەسـتـەوەیـە... نەك بە گـەڕانـەوە بۆ مـادەی یاسایی، بەڵکو زیاتر بە پەنا بردنەبەر جۆرەکانی توندوتیژی وەڵامـی دەدرێـتـەوە)). لە ساڵی 1921، حـەوت کەمپی کـاری زۆرەملێیی هەبو، پڕبو لە ژن و کەسانی

بەساڵداچو. بەمەش ناکرێ تیرۆری کۆمۆنیستی بە سادەیی وەك بەردەوامی کەلتوری سیاسی پێش شـۆڕش و تەنانەت وەك کـاردانــەوەی ((خەڵك بۆ توندوتیژی)) یان ((نەریتی زیوینی روسی)) لێکبدەیەوە. سەرەنجام، ناکرێ تیرۆری کۆمۆنیستی وەك کاردانەوەی ئاسایی بە ((تیرۆری سپی)) لە زەین بگری، بە پێچەوانەوە دوای کۆتایی شەڕی ناوخۆ بو کە سەرکوت بە تێکڕای هێزی رەهەندی پانتاییتری بەخۆوە گرت.

بەڵگەکانی پەیوەند بە پاساودان ((هەلومەرجەکان)) پێویستی بە رێخۆشکردنی تاوانی کۆمۆنیستیە و رێکخستنی کۆمەڵێك لە هۆو هۆکاری مێژوویی، وەك نمونە پێویستی بە گژداچونەوەی دووژمــن. ئەم رەوتــە بە زەحمەت و دژواری هاوڕێکی تاوانی نازیەکانە، بەڵام ئەگەر شتێکی تایبەتی کۆمۆنیستی دەربـارەی تیرۆری کۆمۆنیزم نییە، کەوابوو هیچ شتێکی تایبەتی نازیەتیش لەمەڕ تیرۆری نازیزم نییە، رەنگە سـەرەڕای خۆنوێنی بە جیهانی بونی، تابکرێت کۆمۆنیزم لە روانگەی جوگرافی روونبکاتەوە، بەڵام راستە کۆمۆنیزم لە هەرشوێنێك گەیشتە دەســەڵات، شێوەی وێرانکەری وەرگـرت و دەربارەی کاریگەری مەیدان بەسەر تاوانی کۆمۆنیزم توشی گومانمان دەکات، ئەگەر مەسەلەی هەلومەرج بو، بۆچی ئەم هەلومەرجە لە هەمو جێیەك بەدیهاتونەتەوە؟ سەرباری ئەم زەحمەتە کە تیرۆر بە دەرەنجامی ((لادانێك)) بزانین، چونکە تیرۆر لە هەمان بەراییەوە هەبو، ئەگەر ستالین تیرۆری بەرنامە بۆ رێژراوی لینینی تەنیا شێوازمەند کرد، کەوایە زەحمەت دەبێت کە ئایدیالی کۆمۆنیستی بە بەکارهێنانی واتاییەکەی لێکدژ بزانین. دیارە دەکرێت بەڵگە بهێنرێتەوە سیستەمی سۆڤیەت هەرگیز پەیوەندی بە کۆمۆنیزمەوە نییە، بەڵام گەر لینین کۆمۆنیست نەبو، کەوایە کێ کۆمۆنیست بو؟

***

جاك جۆلیار دەپرسێ: ((ئـەو تاوانانەی کە بە پەنابردنە بەر کاری ((چاکە)) ئەنجام دەدرێن، بە چ مانایەك لە تاوانێك کەمتر لۆمە هەڵدەگرێ کە بە پەنابردنەبەر کاری ((شەڕ)) ئەنجام دەدرێـن؟)) پرسیارێکی گونجاوە، بەڵام دروست شێوەبەندی نەکراوە. قەت نازیزم لە کۆمۆنیزم زیاتر پەنای نەبردەبەر ((شــەڕ)). نازیزم سودی لە فکرێك وەرگـرت کە بە هەق دەکرێ ناڕاست و بەمەش بە شەڕی بزانی و دیارە ئەمە وتەزایەکی تەواوو جیاوازە، بــەڵام مانای وانییە کە لەبری هەڵسەنگاندنی کەسێك، بە ئـەوانـی دی بــەراوردی بکەین، لە لایەکی دیکە دەکرێت بوترێ کۆمۆنیزمیش دەربـارەی ترسێك نەك بە چاکە، بەڵکو پەنای بردەبەر شەڕ کە دەکرێت ئەم فکرە بیهێننە ئاراوە.

بەم شێوەیە بەڵگەی جیا جیای جیاوازی بون ((تیۆری بێزاری)) نازیستی لەگەڵ ((ئایدیالی رزگاری کۆمۆنیستی)) جێی گومانە، چونکە بەو مانایەیە کە پێناسەی داکۆکیکارانی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر پێناسەی نەیارانی نازیزم تێپەڕێنرێت. زەحمەت نییە لە بارو زروفێکی وەهادا کۆمۆنیزم هێندە باش پیشان بدەین کە نازیزم خراپ پیشان دەدرێت. بەراوردکاری ناواقعی بێت، دەرەنجامیش بەهەمان ئاست دەستکردە کە لێی وەردەگیردرێت. ئەوەیە هەڵەکاریەکە.

نازیزم لە کۆمۆنیزم کەمتر وادەی ((کامەرانی)) بە خەڵك نەدابو. بەو ئاستەش وادەی داهاتویەکی ((گەش)) و درەوشـاوەی بە لایەنگرانیدا، ئەگەر بمانەوێ پێچەوانەکەی بڵێین، هــەروەك دیڤید لیندبێرگ وتـی: حکومەتی نازی ((بە بەڵگەی پەیوەندی زۆری بە کوشتنی بنیادەمەوە، لایەنگرێکی زۆری پەیدا کـرد)) ئەوکاتە لە روونـکـردنـەوەی پەنابردنە بـەر نازیزم بە جەماوەر توشی کێشە دەبین. کەسێك کە باوەڕی وایە سیستەمێکی سیاسی

بە ناساندنی خۆی وەك لایەنگری ((تیـۆری بێـزاری)) دەکـرێ هۆگری و تامەزرۆیی بێنێتە ئـارا، لەو بڕیارەدایە کە بڵێت لایەنگرانی ئەم رژێمە نەخۆش، شێت، تاوانکارو یـان لادەری سێکسین. ئەوکات دەبـێ روونـی بکاتەوە کە چۆن دەکرێ خەڵك دێوئاسا بن، ئەگەر ئەوە کارێکە پەیوەندی بە بنچینەی شتێکەوە هەیە دەربـارەی ماهیەتی مرۆڤ دەکـرێ بڵێ چی؟ ئەگەر رێکەوتە، چۆن دەستی پێکردووە - چۆن کۆتایی دێت؟

نازیزم و کۆمۆنیزم جەماوەریان بە ئایدیالی جیاواز فریوداوە کە هەردووکییان دەیانتوانی وەکیەك کێشکەربن. بـەڵام بەگشتی بەرهەمی بەدیهێنەری ئـەم دوو رژێمە سڕینەوەی بەشێکی مرۆڤایەتی بـو. لەم روانـگـەیـەوە، جـیـاوازی نێوان سڕینەوە وەك هۆکارێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی سیاسی و سڕینەوە بە نـاوی ئامانجێکی لە خۆیدا جیاوازی شاراوەیە: قەت هیچ رژێمێك کۆمەڵکوژی خەڵکی ((ئامانجێکی لە خۆیدا)) لە زەین نەگرتووە. کۆرتۆڤا ((نەتەوە کووژی رەگـەزی)) و ((نەتەوە کوژی چینایەتی)) هەروەك دوو وتەزای ((تاوان دژی مرۆڤایەتی)) دیاری دەکات. لە هەردوو بابەتەکەدا، ئامانج یەکسانە. هەردوو ئایدیالی کۆمەڵگای بێ چین و ئایدیالی رەگـەزی پوخت، پێویستیان بە سڕینەوەی کەسانێك بو کە وای بۆ دەچون کۆسپی سەر رێی بەدیهێنانی پڕۆژەی ((گەورە))یان بن و گرفتی سەر رێگای بەدیهێنانی کۆمەڵگایەك لە بنچینەوە باشتر بێننەدی، لە هەردوو نمونەکەدا، ئایدۆلۆژی (خەباتی رەگەزی یان چینایەتی) بە بنەمایەکی خراپ شکایەوە: سڕینەوەی هەمو گروپەکانی مرۆڤایەتی (رەگـەزی ((سەروتر)) یان چینە ((زیـان بەخشەکان))) کە تاوانەکەیان پەیوەندی بە یەکێ لەم کۆمەڵانەوە هەبو، واتە تاوانیان ئەوەبو کە هەن. هـەردوو رژێم نەخشەی دوژمنانێکیان کێشابو مەحاڵ بوو لەگەڵیان بگونجێی. لە هەردوو بابەتەکەدا

دەرەنجام تیرۆر بو. بێزاری چینایەتی یان رەگـەزی، بەرگرتنی کۆمەڵایەتی یان رەگەزی هەموو هەمووان شتێکن.

چەمکی ((چین)) لێرەدا وتـەزای حەتمیترو پوکانەوەیتر لە چەمکی ((رەگەز)) نییە. هەردووکیان وەکیەك پێویست گریمانە دەکرێن. لە یەکەمدا نۆڤەمبەری 1918 مارتین لاتسیس، یەکەم سەرۆکی چکا، رایگەیاند: ((ئێمە بە دیاریکراوی شەڕ لەگەڵ خەڵك ناکەین. ئێمە بـۆرژوازی وەك چینێك دەسڕینەوە)). لە 24ی ژانویەی 1919، کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت بڕیاریدا کە دەبێت قۆزاقەکان ((بسڕرێنەوە و فیزیکی دواکەسیان لە بەین بـبرێـن.))، پاشان ستالین وتـی: ((گولاگەکان مرۆڤ نین.)) لە ساڵی 1932 مەکسیم گۆرکی بــەردەوام بـو: ((دەبـێـت بێزاری چینایەتی بە هۆی تورەیی جەستەیی لە دووژمن وەك بونەوەرێکی سەروتر پەروەردە دەبێت: پشێویەکی فیزیکی و دیارە ئاکاری)). لە روانگەی لیسنکۆ بە باوەڕبون بە میراتی بونی تایبەتمەندی وەدەستهاتو، دەکرێت ناتەواوی کۆمەڵایەتی بە ئاسانی لە رێگای جینەکان بگوازرێنەوە.

***

بە بــاوەڕی فـۆرە، نازیزم و کۆمۆنیزم هەرهێندەی ((بـەش لەگەڵ تێکرا)) لێکدژن. خەڵك ئیمتیازیان داوەتە کۆمۆنیزم چونکە کۆمۆنیزم لانیکەم بەهۆی تێبینی جیهانگرانە کەوتبووە رێ. ئەم بەڵگەیەش لایەنگری هەیە. راستە کە نازیزم بانگەشەی کامەرانی بەشێك لە مرۆڤایەتی ئەڵمانیەکانی هەبو کە کۆمۆنیزم بانگەشەی گەشەی ئەم کامەرانیە بو بۆ هەمو مرۆڤایەتی، هاوسەنگی بە قازانجی کۆمۆنیزم تێك نــادات. دەکـرێ لە شـەڕ بە ناوی میللەتێك کەسێکیش لەم میللەتە بسڕێتەوە. ((پاکتاوی رەگـەزی)) لانیکەم زیان تایبەت دەکـات بە رەگـەز، بەڵام ئەی پاکتاوی مرۆڤایەتی؟ نازیزم بە

پێی پێشگریمانەی هەندێك لە ركابەرانی خۆی وەك ((بێجگە لە مرۆڤ)) دیاری كرد. هەر لە سەر هەمان بنچینە، كۆمۆنیزم بەشێك لە تێكڕای مرۆڤایەتی بۆ دەسڕرایەوە، هەوڵ بۆ بوژانەوەی تێكڕای مرۆڤایەتی بە ناچاری سڕینەوەی ئەو بەشەی مۆڤایەتی لێدەكەوێتەوە كە بە گوێرەی گریمانە هەوڵدەدا بەر بەم كارە بگرن. كە كۆمۆنیزم، لە هەمان بەرایيەوە، ویستی بە ناوی هەمو مرۆڤایەتی بجەنگێت، ئاكاری وێرانكەر و تێكدەریشی تێكڕای مرۆڤایەتی گرتەوە. پاڵنەرەكانی جیهانخوازانەی كۆمۆنیزم نەك هەر تایبەتمەندی سروشتی بنیادەم كوشتنەكەی لە ئاستی جیهانە، بەڵكو هەلومەرجی لاوازكردنەكەشی رەخساندویەتی.

بەمەش، هەوڵ بۆ رزگاركردنی تەواوەی زەوی رێ لە تیرۆر ناگرێت ، بەڵكو بە پێچەوانەوە، تیرۆر رەوایەتیەكی زۆر دەداتە ئەم هەوڵانە. داكۆكی لە ئایدیالێكی رەها، پاساو بۆ پەنابردنە بەر ئامڕازی رەهاش دەهێنێتەوە. لە مانگی ئوتی 1919، لە شمشێری سوری (ئۆرگانی چكای هۆبەی كەیف) ئاوەها هاتبو: ((بنەما ئاكاریەكانمان بێ پێشینەن مرۆڤایەتیمان رەهایە، چونكە لە سەر ئایدیالێكی تازە وەستاوەتەوە: لە بەینبردنی هەمو شێوەكانی سەركوتكردن و توندوتیژی. هەموشتێك بۆ ئێمە رێپێدراوە، چونكە ئێمە لە دەستەی یەكەم كەسانێكین كە كەڵك لە شمشێر نەك بۆ سەركوت یان بە كۆیلەكردنی خەڵك، بەڵكو بۆ ئازادی مرۆڤایەتی لە زنجیرەكەی... وەردەگرین... باخوێن بڕژێت)).

***

هەندێك لە نوسەران، لە دژایەتی هەر بەراوردێكی نازیزم و كۆمۆنیزم، هەوڵیاندەدا جیاوازیەكان لە پاڵنەر یان رەفتار، لەودیو جیاوازیەكانی چاوەڕوانكراوی سەرچاوەی شاراوە، بدۆزنەوە. ژان دانێل دەنوسێ: ((لاوێك

که دەبێتە کۆمۆنیزم، لانیکەم ئارەزوی بۆ پەیوەندی دەژی، لاوێکی فاشیست شەیدای دەسەڵاتە. جیاوازی سەرەکی لێرەدایە)). بە هەمانجۆر کە جۆن ماری کۆڵۆمبانی دەڵێ: ((بەردەوام کەسانێك جیاوازن کە خۆیان فیدای ئایدیالی دیموکراسی {هەروا} دەکەن و کەسانێك بە خستنەگەڕی ترسناکترین غەریزەی مرۆڤایەتی، شەیدای سیستەمی سڕینەوەی تاکەکان دەبن)). ئەمانە بەراوردی تەواوو زەینین. بە هەمانجۆر کە بسانکۆ وتویەتی، لە راستیدا نازیزم و کۆمۆنیزم ((ئایدیالی کراوەتر)) ئاڕاستە دەکەن تابتوانن ((شەیدایی و ملدانی وروژێنەرو کاری دلێرانە بکەن)). هەردووکیان کەسانی بە ناوبانگ و روناکبیرانی پێشەنگ فریو دەدەن. هەردووکیان هانی فیداکاری تایبەتی دەدەن.

ئەڵمانیەکان تا دواکار پارێزگاریان لە پێشەوایان کرد سەرباری هەمو کوشتن و کۆمەڵکوژیەکان لە کاتێکدا کە روخانی یەکیەتی سۆڤیەت بێ متمانەبونی لە خەڵکدا لێکەوتەوە، بەڵام کۆمۆنیزم ملیۆنان مرۆڤی بە ئومێد کردووە. کۆمۆنیزم ململانێی زۆری وروژاندووە کە زۆربەیان دادپەروەرانە و پێویست بون. بانگەشەی وەك بانگەشەی جان جاك بکر کە ((هەرگیز نازیزم یان فاشیزم تامەزرۆیی وەك کۆمۆنیزمی نەوروژاندووە)) واتا رەچاو نەکردنی 260000 سەربازی ئێس. ئێسی چەکدار،10 کە خۆبەخشی دەرەکی بون لە کاتێکدا بۆ تیپی نێودەوڵەتی تەنیا 35000 بێگانە بونە خۆبەخش.

ئەگەر راستبێ کە سیستەمە تۆتالیتارەکان ئامادەکاری جەماوەری خۆیان رێکخستووە، ئەم بابەتەش بەو رادەیە راستە کە تۆتالیتاریزمیش، لانیکەم تا ماوەیەك سودی لە پەیڕەوانی جەماوەری وەردەگرت و زۆرجار ئەم پاڵپشتییە بە رەفتارێکی شایستەی ستایشکردن لێکدراوەتەوە. لە بری رەتکردنەوە یان لە بەرچاونەگرتنی ئەم بابەتە، واباشە بپرسین چۆن

سیستەمە سیاسیەکان نەیانتوانیووە هاوکات ملدان، دلێری، فیداکاری و لە خۆبوردوویی بورووژێنن، کە بە درێژایی مێژوو بونەتە تێکدەرترین جۆری سیستەمی سیاسی.

رەنگە یەکەم نزیکی بۆ وەڵامێك ئەوەبێت کە تاکەکان لەم سیستەمانەدا رەها دەبینن بەرەو رەفتاری باش یان خراپ ، کێشدەکرێن. دەکرێ سیستەمێکی لەم چەشنە هاوکات تاوانکار، هەروەها رەفتاری هاندان وروژێنەر بوروژێنێت، کەسانی گەمژە بە ناچاری یان مێشکی لایەنگرانی دەمارگیر ئازار دەدەن و (بە هەڵە) بۆ ئەم ئەنجامگیریە کێشیان دەکەن کە ئەم رژێمە تاوانبار نییە، یان بەم ئەنجامە (بە هەمان رادە هەڵە) دەگەیەنێت، ئەم رەفتارانە شایانی ئافەرینێکی وانین. رەنگە بەڵگەی بەرزەتری ئەم بابەتە ئەوە نەبێت داکۆکی لێدەکەن و بە پێچەوانەوە لایەنگرانی رژێمی تۆتالیتار رەفتاری دلێرانەیان هەبێت، ماهیەتی داواکەشیان لە بەهای ئازایەتی تاکی کەم ناکاتەوە. راستە کە سەروەر بونی تاکەکان واناکات تیۆری جێ بانگەشەیان خۆی لە خۆیدا ببێتە جێی سەروەری. بانگەشەکەی پاسکاڵ راست نییە، دەکرێ ئەو تاکانە بە شێلگیری وەرگری کە فیدای بیروباوەڕیان دەبن، چونکە راستە کە تەنانەت مەترسی کوژران بە گیان دەکرێن، شاهیدی هێزو پتەوی بیروباوەڕیانە نەك راستبونی ئەم باوەڕە.

***

مارتلی، بە شێوازێکی نامۆ و نالۆژیکی، بە جەختکردنەوە لە پاکتاوی لە ژمار نەهاتوی ستالین لە حزبەکەیدا دەنوسێت: ((کۆمۆنیستەکانی ئەوێ دژی ستالین بون، بەڵام هیچکام لە فاشیستەکان دژی هیتلەر نەبون)). ئەم بەڵگەیە لە نیکۆلاس ورس وەرگیراوە کە دەڵێت هەرگیز لە ئەڵمانیا هیچ نازیەك رەخنەی لە هیتلەر نەدەگرت، واتا ((کەسانێك کە هەوڵی چاکسازی

سیستەمەکەیان دەدا لە نـاوەوە)). بە زەین دەگـات بونی کۆمۆنیستەکان کە بونە قوربانی ستالین، یان لە بەرامبەر (لادان))ی رژێمی سۆڤیەت لە ئایدیالەکەیان راپەڕین، شایەتی لەسەر خیانەتی کۆمۆنیزم ((فەرمی)) بێت لە هزری کۆمۆنیستی، بەڵام ئەم مەسەلەیە لە بەرپرسیەتی سەقامگیری ئەم تیرۆرە بێ تاوانی ناکات. ئەمە بۆ سیستەمی سیاسی ئاساییە نەیارانی لە هەرجۆرێك پەروەردە بکەن. بونی ئەم نەیاریە بێ ئەنجامە کە ئەم نەیارانە مافی خۆیانە بە گژ هاوپیشەی بەرایی خۆیاندا بچنەوە. بە هەمانشێوە بە ئاشکرا ئەم هـزرەی راست نییە، کە هیچ نازیەك دژی هیتلەر نەبووە. بە تەنیشت کەسانێکەوە کە لە ساڵی 1933 کەڵکەڵەی ((شۆڕشێکی نەتەوە)) یان لەسەر دابـو، نـەك هـەر دورخـرانـەوە، بەڵکو چەندینجار لە رایشی سێیەم ئەشکەنجەدران (وەك برایانی ئۆتۆ و گرگۆڕ ستراسەر، هەروەها قوربانیەکانی پاکتاوی ژانویەی 1934)، دەکرێ لە کتێبی شۆڕشی نەهلیزمی هرمان راوشنینگ ئاماژە بە قوربانیانی نـاوبـراو بکرێ کە لەبەرە بەری جەنگی جیهانی دووەم بڵاوکرایەوە و شایانی بـەراوردە بە کتێبی ستالین بۆریس سوارین. سەرەنجام، گروپە نەیارەکانی ناسێندراوی بەدرێژایی جەنگی جیهانی دووەم لە ئێس. ئێس و ئێس. دی پێگەیشتن، ئەگەر رایشی سێیەم بۆ زیاتر لە یەك دوو دەرزەن ساڵ بـەردەوام بوایە، شیمانە دەکرێ ژمارەی نەیارانی زیاتر ببوایە.

لە لاکـەی دیکە، دەکرێت بوترێ ژمـارەی ئەو نازیانەی کە نازیزم کوشتبووی کەمتر بو لە کۆمۆنیستەکانی کـوژراو بەهۆی کۆمۆنیزمەوە. ئایا کۆمۆنیستەکان ئەم بابەتە قبوڵ دەکەن؟ دڕدۆنگ بونی داکۆکیکارانی هێندەی نەیارانی تایبەتمەندی رژێمی سۆڤیەتە، لە بەرامبەر رژێمی نازی. لە رژێمی سۆڤیەت، نەخشەی پیلان ئەوەندە ببووە دەروونـی کە زۆربـەی پارێزەرانی

وەك خائینەكان خاوەن دەسەڵات دەبینی. بە دەستەواژەیەكی دی، بۆچی چاودێری خەڵك ئەوەندە توند و سیخوڕی تابەم ئاستە تەنانەت شێوازمەند بو؟ لە ساڵی 1939، گشتاپۆ 6900 كەس و پۆلیسی نهێنی سۆڤیەت 350000 كەسیان دامەزراند. پێداگری لە سەر ((دانپێنانی)) نەیاران بەو تاوانانەی كە نەیان كردبو، نمونەیەكی تایبەتی دیكەی تیرۆری كۆمۆنیستی ئاشكرابو لە دادگایی كردنەكانی مۆسكۆ: بە دیوێكی دیكەدا، ناچاریان دەكردن بونی خۆیان ڕەتبكەنەوە. حكومەتی زاڵمی كۆنی خۆیان تەنیا كپكردنی نەیاریەكانی بەرتەسك دەكردەوە. ڕژێمە تۆتالیتارەكان، دەیانویست ملنان نەك لە كاری مرۆڤەكان، بەڵكو لە بیریشیاندا بپارێزن. كۆمۆنیزمی سۆڤیەت دەیویست هەیمەنە بە سەر خەڵوەتگای زەینی خەڵكدا بكات.

لینین و ستالین بڕیاری كۆمەڵكوژی زۆربەی هاوپیشەكانیان دەركرد (لە كاتێكدا بە ریزپەڕ پاكتاوی ژانویەی 1934، هیتلەر كاری لەم چەشنەی نەكرد). بە شێوازێكی شایانی تێگەیشتن، ئەم كارە میراتگرانی حەپەساند، بەڵام بە كاربردنی ئەو دڕندەییە بۆ گەیشتن بە ئەنجامگیری سەرسامكەرە كە كۆمۆنیزم ڕژێمێكی مرۆڤانەترو دڵنەرمتر بو. دیارە، نازیزم بەگشتی ڕەفتاری لە ئەڵمانیەكان جیابو لە خەڵكی هەمو وڵاتانی داگیركراو، لە كاتێكدا ستالین جیاوازی نەدەكرد. تەنیا كەمینەیەكی كەمی خەڵكی كەمپەكانی كاری زۆرەملێیی ئەڵمانی بون، لە كاتێكدا نزیكەی 15 ملیۆن روسی لە نێوان ساڵەكانی 1934 تا 1947 نێردرانە گۆلاك. ڕاستە كە نازیەكان پەلاماری هەمو خەڵكی وڵاتانی دیكەیان دەدا، لە كاتێكدا ڕژێمە كۆمۆنیستەكان زۆربەی خەڵكی وڵاتی خۆیان كوشت، بەڵگە لە قازانجی كۆمۆنیستەكان نییە، لە یاسای سزادان، كوشتنی ئەندامێكی خێزانی خۆت بە تاوانێكی زۆر قورس دادەنرێت.

***

جـان مـاری کۆلۆمبانی، لە نوسینێکی زۆر شێلگیری وەرگـیـراو لە کۆمەڵێك وتار بە ناونیشانی ((ئەدەبی رەخنە))، بەڵگەی رێهبۆردی بۆ ئەم بانگەشەیە دێنێتەوە کە کتێبی رەش بۆتە مەترسی و ((خۆی هاویشتۆتە ئامێزی راست زێـدەڕۆوە)). بە ئاخاوتن دەربـارەی ((دوورکەوتنەوە لە ئایدۆلۆژی))، ((روونکردنەوە))، ((ئاوێتەسازی)) دەنوسێ مەترسی راستەقینەی ئەم کتێبە ((بیانو دەداتــە دەســت کەسانێك کە حـەزدەکـەن تاوانێك بە هاوبەهای تاوانێکی دیکە بزانن و بەم هۆیە دوا کۆسپی بە جێماوی سەر رێی رەوایەتی راست زێدەڕۆیی لابـەرن)). بە گریمانە تاکە هۆی ((رەوایـی لابـردن)) راست زێدەڕۆیی پێداگری لەم قسەیە بێت کە هەمو تاوانەکان یەکسان نین یان، بە دەستەواژەیەکی دیکە، هەندێك تاوان لە هەندێك تاوانی دیکە توندترن. بەڵام بە کام پێودانگ؟

ئەم بەڵگەیە بە دەستهێنانەوەی درێژ دادڕیەکانی ستالینە بۆ سازدانی خەڵك دژی حزبی سێیەم و دوژمنی هاوبەش سـودی لێوەردەگیردرا کە رومالکردنی تاوانەکانی کۆمۆنیزم، لە قازانجی راست زێدەڕۆییە. ئەم درێژ دادڕیانە لەسەر بنەمای پێوەرێکی رواڵەتی سادەیە: کە رەنگە هەندێك لە دژە کۆمۆنیستەکان ((خـراپ)) سود لەمجۆرە بەڵگانە وەربگرن، نابێ بە رەخنەگرتن لە کۆمۆنیزم بیانویان بدەینێ. ئەوە سود باوەڕی ئەنجامگەرێتییە: راستی نەخوازراو هەیە، کە بێ کەڵکن و درۆی پێویست. لێرەدا پرس بۆ خـودی راستی دەگـەڕێـتـەوە: ئایا راستی ئـەو شتەیە کە خـۆی وەك ماف دەنوێنێ یان دەکرێت پێشبینی بکرێ رەنگە لەژێر هەلومەرجێکی تایبەتی، بە کەڵك بێت؟ ئەگەر راستی بەهای بابەتی نەبێ، بەڵکو تەنیا تائاستێك باشبێ کە بکرێت لە پێناو راپەڕینێك یان بیروباوەڕێك سودی لێوەرگری،

کەوایە هیچ راستییەك نییە، ئەگەر راستی سەربە قازانجێك بێ کە دەکرێ بیکەیتە هی خۆت، کەوایە لە مـەودوا ناکرێ بانگەشە بکەی کە تیۆرێك لە تیۆرێکی دیکە راسترە. ناکرێ لە راستی یان ناڕاستی بدوێی، بەڵکو دەکرێ لە بارەی ((باش)) و ((خـراپ)) بپەیڤی، ئەوەش ((باش)) بونێکی ئامڕازییە، بێ ئەوەی کە فڕی بە راستییەوە هەبێت.

ئەگەر شوێن لۆژیکی جان ماری کۆلۆمبانی هەڵگرین، دەبێ هەمو لێکۆڵینەوە مێژووییەکان قەدەغە بکرێن، کە مەترسی گۆشکردنی فکری خراپیان هەڵگرتووە. بۆیە دەبێ شوێن ژان پۆل سارتەر بکەوین کە بێدەنگی لە کەمپەکانی کاری زۆرەملێیی روسیەی بە پێویست دەزانـی: ((با بلانکۆ نائومێدبێ))، چونکە کۆرتۆڤا بیری هێناوینەوە، دەبێت دانـی پێدابنێین: ((قەت ئەم بنیادەمانە لە کەلتوری پۆلیس تەڵەکەباز نەبون کە ناوەندی چاپو وەشاندن ژەهراوی دەکەن.))

***

لە هەمان بەراییەوە هزری هەرجۆرە بەراوردێکی رژێمەکانی نازی و کۆمۆنیست بە بەڵگەی ئازارو ئەشکەنجەی رێکخراو و ترسناکی جولەکەکانی سەردەمی رایشی سێیەم جێی گومان بو. ئەم ئـازارو ئەشکەنجەدانانە لە بنەڕەتدا بەراورد نەکراو، تەنانەت ((تاریف نەکراو))ە و بانگەشە دەکرێ کە کارەساتێکی بێوێنەی رابـردو، ئێستاو تەنانەت لە داهاتودا بێت، کە بژاردە بە زەین دەگەیشت. وشەی genocide (نەتەوە کووشتن) رواڵەتی کۆی نییە.

نازیزم ئەستێرەیەکی رەشە رووناکی خەماویەکەی رەنگی روخساری ئەستێرەکانی دیکەی بردووە. پێویستە بزانین ناسینەوەی ئەم ((هاوتایی))ە وەك شەڕێکی رەهـا واتـا، شەڕێك کە بە هیچ شەڕێکی تر ناپێورێت. بەم حاڵە لە روانگەی مێژوو نوسێکەوە، ئاشکرایە کە بێ هاوتا زانینی دیاردەی

نازیزم دەبێتە کۆسپی بەردەم تێگەیشتنی و پێشی هەمو شیکارێك دەگرێت، چونکە شیکار خـۆی لە خۆیدا وەك رەوتـی ((بـەسـادەکـردن)) لە زەین دەگیردرێت. کارەساتێك تێنەگەیەنراوە کە پەیوەندی بە هیچ کارەساتێکی دیکەوە نەبێت. ((بێ هاوتایی)) راگەیاندنی نازیزمی بزوتنەوەیەکی لێکدژە، چونکە رەتکردنەوەی بونی توخمی هەڵسەنگێنراو لەم دوو رژێمەدا، گریمانە کردنی بون و جیاوازیان بە رەها وادەکـات، کە نەکرێت توخمی بێ هاوتا بونیان بدۆزییەوە. تزوتان تـۆدۆرۆڤ بە راسـت دەپرسێ: ((چـۆن دەکرێ شتێك جیاواز لە هەرشتێکی تر بزانی کە هەرگیز بەراورد نەکرابن؟))

هزری ((سادە پیشاندان))ی تاوانی نازیەکان بە ڕەتکردنەوەی ((بێ هاوتا)) بونیشیان بەو ڕادەیە نالۆژیکییە. پێشتر ئەم هزرە گریمانە دەکات، کە تاوانەکان یەکتری نەزۆك دەکەن یان کوژرانە هۆدارەکان کەمتر کوشتنن. ئەم هزرە، هزرێکی دیکە، لە ڕاستیدا ئەندێشەیەکی هەڵەی دیکەشی لەگەڵە کە ڕێگەی ئایدیالی نەیاری خۆی دەکاتەوە: بونیادنانی سیستەمێك کە بە تەنیا ((شـەڕی ڕەهـا))یـەو کـاری هەمو سیستەمەکانی تر دەکاتە ڕێژەیی، ئەگەر بیرهێنانەوەی تاوانی کۆمۆنیستی بە مانای سادە پیشاندانی تاوانی نازیزمە، ئەوکاتە بیرهێنانەوەی تاوانەکانی نازیزمیش هەرجۆرە تاوانێکی تر سادە پیشان دەدات، بۆ ئـەوەی نمونەیەك بە سادەیی پیشان نەدرێت، دەبێت دەست لە سادەکردنی هەمو نمونەکان بشۆی. لێرەدا دەپـرسێ کە ئایا سادە نواندنی وشە راستە. بێگومان ((سادەکردنی شەڕانگێزی)) (هانا ئارێنت)ە، چونکە شەڕانگێزی، لەگەڵ چاکە، بەشێکە لە ماهیەتی مرۆڤ.

کاتێك خەسڵەتی رەها دەدەینە دیاردەیەك لە راستیدا دۆگماتیزمانە لە سروشتی بە زەبری چۆنایەتیەکەی جیادەکەینەوە. کاتێك پەند لە رابردو وەردەگرین کە لانیکەم پێناسەی رابردو نزیکەی شایانی ئەفراندنەوە بێت،

ئەگینا بانگەشەی پەند وەرگرتن لێی کەڵکی نابێت. دیسانەوە بە هەمانجۆر کە تۆدۆرۆف دەنوسێت: ((دیاردەیەکی بژاردە فێری هیچ شتێکمان ناکات بۆ داهاتو)) هەر ئەوکەسانەی لە بەراوردی کۆمۆنیزم و نازیزم تورە دەبون، لە هەمان دۆخدا هەرجۆرە بیرکردنەوەیەك دەدەنە پاڵ نازیزم کە لێی بێزارن. ئەمە پاساو هەڵنەگرە. هەمان کەسەکان بە دڵنیاییەوە نازیزم بە دیاردەیەکی بژاردە دەناسێنن هاوکات بانگەشە دەکەن کە هەمو رۆژێك نازیزم لە باری لە دایکبوندا دەبیننەوە. ناکرێت لە یەك کاتدا بانگەشەی هەردووکیان بکەی . ناکرێ نازیزم ((بژاردە)) و هاوکات بە زەبر لە هەمو شوێنێك بێت.

بە گوێرەی پێناسە، کارەساتێکی ((بێ هاوتا)) و تاکە دوبارە نەبووەوەیە ، ئەگەر کارەساتێکی وا دوبارە ببێتەوە ئیدی ((بێ هاوتا)) و بێوێنە دوبارە ببێتەوە لە مەودوا ((بێ هاوتا)) نابێت.

لە راستیدا ئەم تیۆرە لە بارەی ((بێ هاوتایی))ەوە، بەڵگەیەکی میتافیزیکییە. کاتێك ئەگەری بەراوردی خوێنرێژان نەرەخسابێت، قوربانیەکانیشیان بەراورد ناکرێن. تایبەتمەندی رەهابون یەك گرەنتی رەهابونی ئەوی دیکەیە؛ شەڕی رەها گرەنتی چاکەی رەهایە. بەم شێوەیە ئازار بەشێوەی هەڵبژاردە رووندەکرێتەوە. بەمەش، ئازارو ئەشکەنجەی جولەکەکان ((نەك بەشێك لە مێژوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەشێکە لە بەخششی خوا کە بە هۆیەوە جولەکەکان بونە بەشێك لە ئومەتی مەسیح)). ژان دانێڵ، ئێدگار مۆزن و هنری رۆسۆ بۆ دیاریکردنی ئەم روانگەیە باسی وشەی ((جولەکە تەوەری))11 دەکەن.

بەڵام ناساندنی جەلادێك و خوێنرێژێك وەك دەرخەری شەڕی رەها جگە لە ناساندی قوربانیش وەك ئاوێنەی چاکەی رەها، هیچ مانایەکی نییە، مانای وایە کوشتنی کەسانێك لە کووشتنی کەسانی تر ناخۆشترە. رێك

هەمان هزری نازییە، باسی کەسانی زیندویان دەکـرد کە ((بەهای زیندو بوونیان نییە))، ئەم هزرە قبوڵکراو نییە، هیچ مرۆڤ یان گروپێك لە خۆیدا پێگەی ئاکاری یان سەروەرتر نییە، هیچ نەتەوە یان گروپێك ناتوانن لە بیرو باوەڕیان، شوێن و دەوری کۆمەڵییان بە درێژایی مێژوویان، لە روانگەی بون ناسی خۆیان بەرزەتر یان بێ بەدیل لە ئەوانی دی بزانن.

ناکرێ تێگەیشتن لە رابـردو تێکەڵی داوەریەکانی ئاکاری بێت. بە ملدان بۆ مێژوو، ئاکارەکان بە لاواز تاوانبار دەکرێن، چونکە خۆیان لە سەر بێزاری هەڵدەچنن کە ئەرستۆ ناتوندوتیژ و ناشەڕانی پێناسەی دەکات - بێزاری بە ناو زڕانـدن، ڕێ لە شیکاری نـاوزڕاو دەگرێت. بە هەمانشێوە کە کلمەن روسە دەنوسێت: ((بێدەسەڵاتی، خۆدزینەوە لە هەر هەوڵێکی هـزری بۆ تێگەیشتن لە بێدەسەڵاتی رێپێدراو دەکـات، واتـا داوەریـەکـی ئاکاری بــەردەوام بە خۆدزینەوە لە شیکارو هاوکات خۆدزینەوە لە هزر لێکدەدرێتەوە.))، ئاکار سوکانەی کۆمۆنیزم یان نازیزم ئەم راستییە لە بەرچاو ناگرێ کە ئەم سیستەمانە شانازیان بە ئەخلاقیانەوە دەکرد. ئەمان نەیاندەویست ئاکار هەڵوەشێننەوە، بەڵکو هەوڵیاندەدا ئاکارێکی دیکەی نەیار بە بنەماکانی ئاکاری ئەوانی دی ئاڕاستە بکەن.12

ئالان بادیۆ بیردەهێنێتەوە کە: ((لایەنگرانی ئایدۆلۆژی ئاکاری سورن لەسەر تایبەتی بونی سڕینەوەی نازیەکان، بە ناوی شەڕی رەها کە زۆرجار بە شێوازی زەقـی سیاسی بونی دیـاردەی نازیزم بەگشتی رەتدەکەنەوە، بەڵام ئەم هەڵوێستە لاوازو هیچ ئازایەتیەکی تێدا نییە.... داکۆکیکارانی ((دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ))، وەکو مەیدانی ((پێکەوەبون)) شەیدای پێناسەکەی هانا ئارێنتن بۆ سیاسەت، {بەڵام} خودی هیتلەر بۆ ئەڵمانیەکان شتێکی زیاتر لە ((پێکەوە بون) )ی نەدەویست)). سیستەمە تۆتالیتارەکان،

سیستەمی سیاسین. تێگەیشتن لێی بۆ بە توندی ئیدانەکردنیان بەسە کە ئەم سیستەمانە لە روانگەی سیاسییەوە باش نین: هەمان تایبەتمەدی سیاسی لاوەکی و باش نەبونیان، پەسند نەکردنی ناوەڕۆکەکەیان پشتڕاست دەکاتەوە.

هزری شەڕی رەها لە کاروباری مرۆڤایەتیدا بێ مانایە، چونکە رەهای ئەم جیهانیە نییە. لە روانگەی مەعریفەی ئەرێنی، نەك هەر ئازارەکان و کارەساتەکان (بـەراورد نەکراو) بەڵکو کۆمەڵە تاوانێکیش نییە، کە هەرگیز بـەراورد ناکرێن. راستە هۆکارەکانی کەڵك لێوەرگیراو بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە تائێستا بەکارنەبراون. ئەنجامگیری ناکرێ کە ئەم تاوانانە ((بێ هاوتا)) ن. کـردەی تاوانکارانەی کارێك دەرەنجامی ماهیەتی تاوانکردنیەتی نەك شمەکی بەکار نەهێنراو بۆ ئەنجامدانی. بەمەش دەکرێ هەمو رووداوەکـان بەیەکەوە بەراورد بکەی کە لە مەیدانێکدا روودەدەن. هەمو رووداوەکانیش هاوکات هەم بـژاردە و هەم زۆر تایبەت و هەم تـەواو شایانی بـەراورد کردنن.

دوا قسە جیاکردنەوەی سیستەمی تۆتالیتار لە رووی گۆڕینیان بۆ شەڕێکی رەها، لە بیرمان دەباتەوە کە سیستەمە تۆتالیتارەکان نەیارەکانیان بە نـاوی شـەڕی رەهـا دەناسێنن. شـەڕی رەهـا لێکجیاکردنەوەی سیستە تۆتالیتارەکان و دوورخستنەوەیان لە مرۆڤایەتی، پەیوەندی بەو مەرامەوە هەیە کە ئەو سیستەمانە باوەڕیان پێبوو.

# بەشی حەوتەم
# کۆمەڵی کامڵ

رۆبێرت نیسبێت

دەبێت پەسەندی بکەین کە هیچ وێنایەکی هزری و بێ وێنە لە پێشنیازی تۆتالیتاریزمدا نییە، هیچ بەهایەکی کەلتوری یان واتایی بێ وێنە نییە، کە نەکرێ جەوهەریانە بیخاتە وێنایەکی ناوەندی کۆمەڵگایەکی تۆتالیتارەوە. دەکرێ هەمان هێندەی ناوەکیەکی رەگەزی بێت، دەکرێ وەکیەکی رەگەزیش بێت، هێندەی بە دینی داوێـن پاکی گونجاوە، هەڵگەڕانەوەش گونجاوە، دەکرێ کار بە ئەندازەی سەرمایەو برایەتی مەسیحی هێندەی جەماوەری زەحمەتکێش ئەم وێنایە پێکبهێنن. ئەوەی تەوەرییە خستنەڕووی وێنایەکی تایبەتی جەماوەر نییە، بەڵکو زیاتر نەزۆك کردن و تێکدانی هەمو وێناکانی دیکەو خستنە بەردەستی هەمو پەیوەندیەکانی مرۆڤایەتیە لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی، ئەگەر خستنەڕووەکە ئەم وێنایە بێت.

هــەژاری و نــەداری ئـابـوری، یـان شتی وەهـا هـۆکـاری سەرەکی سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم نین: ئەم چەشنە شیکارانە خـودی ئەو هەوڵە ناوردانەن کە دەیانەوێ شەڕی گەورە، دەسکەوتی کۆی شەڕەکانی بچوکترین بنوێنێت. رەنگە هــەژاری، لە هەلومەرجی تایبەتدا، بـواری هێزبێت بۆ

پەنابردنەبەر سەرۆکێکی تۆتالیتار، هەروەها وەك نمونەی واتایی هەمو بێ بەشی و ناکامیەکانی واقعی و خەیاڵی کۆمەڵگایەك بە کاربرێت، بەڵام هـەژاری خۆی لە خۆیدا مرۆڤەکان ناچار ناکات دەسەڵاتی تۆتالیتار پەسەند بکەن. مەسەلەی بنچینەیی مەیدانی کۆمەڵایەتییە، واتا هەستی بێ ناسنامەیی بون و ئەندام نەبونی یاسایی لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئاکاری، رەنگە ئەمانە هەژاریان لەگەڵ بێت، یان نەبێت.

سەرچاوەی کاریگەری تۆتالیتاریزم تایبەت ناکرێت بە چینێك یان بەشێك لە کۆمەڵ. مارکسیزم، کاریگەری رەتنەکراوەی لە گەشەدان بەم بیروباوەڕەی چاودێرانی وریا هەبو کە گۆڕانی زۆر، سەرچاوەی هەوڵە دوا کەوتووەکانی گروپێك لە تاکەکانی سەرمایەداری بو بۆ پاراستنی ئابوری بو.

ئەمە لـەم رووەوە بو کە لە یەکەم قۆناغی وەرچـەرخـانـی حزبی نازی هەندێك لە خاوەن کارگەکانی پلەبەرز کۆمەکی دارایی ئەم حزبەیان کرد و زۆر درەنـگ تێگەیشتن کە خەڵکانی هەمیشە نەفس نزم خیانەت دەکـەن. لەسەر ئەم بنچینەیە، دەرکـەوت کە ناکرێ تۆتالیتاریزم لە هەوڵی تاڵانخوازانەی سەرمایەداری جیابکەینەوە.

دەبێ بزانین کە دەکرێت تۆتالیتاریزم بە ئاسانی دەرەنجامی کاری بەڕێوەبەرانی پیشەیی، کەسانێك بزانی کە بۆخۆیان دژی سەرمایەداران شۆڕشییان کرد، یا سەرۆکانی کرێکاری، بیرمەندان، سەرۆکانی کڵێسا یان هەر گروپێکی روناکبیر کە رەنگە بۆخۆیان لە روانگەی ستراتیژی رەوتی پەڕینەوە لە کۆمەڵگای ئازاد بۆ تۆتالیتاریزم بە هۆی شۆڕش، یان ئەریستۆکراسی بە ئەنجام بگەیەنن.

لانیکەم دەکـرێ شێلگیرانە تۆتالیتاریزم - لە شێوازی نازیزستی و فاشتیستیەکەی - بە جوڵانەوەی ((دواکەوتووانە))ی بزانی. تۆتالیتاریزم، بە

مانایەك تایبەتمەندێتی شۆڕشگێڕی نییە، کە لە سـەدەی نـۆزدە تێگەیەنراو دەبێت، بەڵام ناکرێ لە هیچ شێوەیەکیدا بە گوتەزای کاردانەوەی پارێزگارانەی بزانی، ئەگەر تۆتالیتاریزم وەك هەوڵی کەمینەیەك بۆ پاراستنی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی هەبو لە رێگای هێز بناسێنین، بە شێوازێکی پێکەنیناوی پشێوی و گەردیلەیی بونی فراوانی جوڵانەوەکانمان وەك نازیزم لەزەین نەگرتووە. تۆتالیتاریزم نەك هەروا کە هەندێجار بە پوچی بانگەشە دەکرێ دەسکەوتی دەمودەستی پارێزگاری سەدەی نۆزدە نییە، بەڵکو لە بنچینەدا دژیەتی.

ناکرێ تۆتالیتاریزم بۆ کاری بەپێی هێزو تۆقاندن کورت بکەیەوە. بەدەر لە بابەتەکەیە کە بە تەرزێکی ترسناك، لە وڵاتانی تۆتالیتاریدا هەن. جەوهەری تۆتالیتاریزم لە پەیوەندی بە جەماوەرەوەیەو سەرۆکان لە بەرامبەر جەماوەر هەرگیز سود لە تاکتیکی ئەهریمەنی ژوورەکانی ئەشکەنجەدان و کەمپەکانی مردن و کاری زۆرەملێیی وەرناگرن. سیستەمی تۆتالیتار سود لە هێزو تۆقاندنی جێیەك وەردەگـرن کە پێویست بێت، واتا بۆ لە بەینبردنی کەمینە رێکخراوەکان - وەك سەندیکای کرێکاران، کڵێساکان و گروپی نەتەوەیی یاخی، بەڵام لە بەرامبەردا کۆمەڵە کەسانێك بۆچونی تەواو جیاواز دەگرنەبەر، کە بە نەمانی ئەم رێکخراوە کۆمەڵایەتیانە رزگاریان دەبێت. بۆچونی لە سەر بنەمای تەکنیکەکانی نزیکی دەروونـزانـی - وەك زمان لوسی، دووڕویـی، بەرتیلخۆری، خستنەڕووی وێنای نوێی جەماوەر و هەمو هونەرەکانی بە گوێ دادانی مۆدێرن.

خۆمان فریوداوە گەر پێمانوابێ حکومەتە تۆتالیتارەکان و هیواو ئاواتەکانی جەماوەر هەمیشە لێکدژن. لەم مەیدانەدا نوسینەکانی هانا ئارێنت زۆر رۆشنگەرە.

لە روانگەی ناچاری بێ پێشینە کە رژێمە تۆتالیتارەکان بۆ خەڵکی خۆیان بە دیاریان هێناوە - سام و ترس بۆ زۆرینە و ناڕازی بون بۆ هەموان باوەڕکردن بەم کارە زۆر ناخۆشە کە بـەردەوام جوڵانەوەی جەماوەری لە پێشەوەی رژێمە تۆتالیتارەکانەوە بون و ئەم رژێمانە بۆ گەیشتن بە ئامانج ((حەوجێ و پشتییان بە پاڵپشتی جەماوەر ئەستور))ە، بە گەیشتنە دەسەڵاتی هیتلەر بە پێی پێوەرەکانی حکومەتی زۆرینە، رووداوی یاسایی بو هیتلەر و ستالین هیچکامیان نەیانتوانیووە بەبێ متمانەبون بە جەماوەر سەرۆکایەتی کۆمەڵی گـەورە بپارێزن، گەلێك ئاڵۆزی ناوخۆیی و دەرەکییان تێپەڕاند و رووبەڕوی زۆر مەترسی دەرەنجامی ململانێی بەردەوامی ناو حزب بونەوە.

پێشەوای تۆتالیتار بێ مەیل نییە، کە خۆی بە رواڵەتی ((ئیرادەو ژیـری)) جەماوەر بزانێت. هیچ پەلامارێکی فکری دژی تۆتالیتاریزم لەو هزرە بێهودەتر نییە، کە رەفتاری دەوڵەتەکانی هیتلەرو ستالین بە سوکایەتی کردنی ئاشکراو بێزار لە خەڵك دەزانێت. رەنگە دەوڵەتی لەم چەشنە پەنا بۆ زمـان لوسی و رازیکردن بـەرن، بـەڵام قەت بە ئاشکرا سوکایەتییان بە خەڵك نـەدەکـرد. هەر پشت ئەستور بو بە پارێزگاری خەڵك کە رێی بە مۆسۆلۆنی دەدا فاشیزمی خۆی ناوبنێ ((دیموکراسی رێکخراو، چەقگیرو بە توانا)) و هیتلەر رایشی سێیەم ((لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئـازادی پێشەوا لە دیموکراسی تیوتۆنی1 بگات))، هەروەها هەوڵەکانی سەرۆکانی سۆڤیەتمان بیر نەچۆتەوە کە بـەردەوام دەکۆشان سیاسەت و کارەکانیان هاوشانی نەریتی دیموکراسی خۆرئاواو هەوڵی بەردەوامییان، بۆ پاراستن و پاڵپشتی خەڵك لەم سیاسەتانە، بزانن.

هـەروەهـا دوو بۆچونی ناڕاستی تـر هـەیـە، لـە هـەمـوان گرنگتر بۆچونەکانی پێشترە کـە هـەریـەکـەیـان بـەنـۆرەی خـۆی دەبـنـە کۆسپی

بـەردەم تێگەیشتن لە تۆتالیتاریزم. بۆچونی یەکەم تۆتالیتاریزم بە جۆرێك ناعەقڵانیەتی فـراوان و جـۆری پێشترو پەرێشانی کۆمەڵی دەزانـن. لێرەدا ئێمە قوربانی گەشبینی کەم مایەیەکین کە بە درێژایی دوو سەدەی رابردو، تایبەتمەندیەکانی هزری خۆرئاوا بـووە. ئێمە سورین لەسەر ناعەقڵانیەت و خراپە پیشاندان بە یەکتری کە لە بنەڕەتدا ناعەقڵانیشە. ئێمە خۆمان بەم بیروباوەڕە دڵخۆش دەکەین کە ناعەقڵانی بونمان بەم شێوەیە جێگیر کردووە، ئەم سیستەمە بەهۆی هەمان تایبەتمەندی دەفەوتێت.

دەوڵەتی کامڵ خراپەیەکە، بـەڵام ئەگەر توخمە عەقڵانیە زۆر بە هێزەکەی لە زەیـن نەگرین، دەوڵەتی کامڵ بەپێی بنەمای رێکخراوەیی لانیکەم هێندەی کارگەیەکی پیشەسازی گەورە، حزبێکی سیاسی جەماوەری، یان ئەریستکۆراسی گەورەی دەوڵەتی مۆدێرن، عەقڵانییە، لە راستیدا ناکرێ دەوڵەتی کامڵ بەبێ بەربوارێك بە زەیـن دابێت کە تا سنوری تـەواووی هۆکار بێت.

ئەو بانگەشەیەی خەڵکانێکی نامۆ هزری نازیزم یان مارکسیزمیان پەسەند کرد، کە بە پێشەکی ئابوری و ئەقڵانی وەك بڵێین دەتوانین بیتاقە بە دانیشتوانی دارستانەکانی ئەمازۆن بفرۆشین.

دەوڵەتی کامڵ عەقڵانییە، چونکە پێداویستی بنچینەیی وەك ئاسایش و زانیاری و ئاشنایی لە کەسایەتی مرۆڤدا دەناسێتەوەو هەوڵدەدا بە هەر پیلان و تەکنیکێك، پێداویستیەکان بە هەلومەرجی سیاسی هـزراوی رازی بکات. دەوڵەتی کامڵ عەقڵانییە، چونکە دوای سڕینەوەی هەمو تایبەتمەندییە رواڵەتی و بێ ناوەرۆکەکان، شوێنی قوربانیکردن یان سەمبۆلێکی کەلتورێکە کە میراتی رابـردووە و بە کۆسپێکی بنچینەیی بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی تێروتەسەلی ئیرادەی خەڵك دادەنرێت. پوچ و بێ نـاوەرۆك و سیمبۆلێکی

نوێ بەهۆی دەسەڵاتدارانی تۆتالیتار بنیات دەنرێن، بەڵام بنیات دەنێرن تا لە رووی پێشنیازەوە بکەونە دەسەڵاتی سیاسیەوە و بەم رێگایە دەستکاری هەستی خەڵك دەستکەوێت. ئاڵۆزی زمانی و شێوازی کۆن، لە کاتی پێویست، بە قازانجی بنەمای پەیوەندی عەقڵانی تری نامێنێ کە بۆ هەمو ئەندامانی کۆمەڵ بە ئاسانی تێگەیەنراوە: رواڵەتە یاساییە کۆنەکان بە قازانجی دیسپلینی یاسایی بێویژدانانەترو عەقڵانیتر ئاڵۆز یان کاراتر دەبن؛ کاتێك هەلومەرج پێویست بکات شێوە زیادەکان یان ناپەیوەندی شادمانی و سەرگەرمی، بە وریایی یان بە هێز، قەدەغە دەکرێن و شێوەی نوێ شوێنیان دەگرێتەوە کە تەبای ئامانجەکانی دەوڵەتن. هەرچەند ئۆردووگاکانی کاری زۆرەملێیی و مەرگی نازی لە روانگەی ئاکاریەوە زۆر کارەساتبار بون، بەڵام ناتوانین عەقڵانیەتی جەوهەری رەفتاریان لە زەین نەگرین. ئەقڵانیەتیان نەك لە کارایی بێویژدانانەی پیلانەکانیان بەڵکو لە هەڵوەشانەوەی بەپێی بەرنامەڕێژی و تێفکرینی ورد، قوربانی و چاودێرێکە کە لە تێکڕای رەهەندە هەستپێکراوەکانی واتایی کەسایەتی هاوشێوەن.

گەر بەم گریمانەیە دەست پێ بکەین کە تۆتالیتاریزم ناعەقڵانی و هەربەو بەڵگەیە بە خۆ وێرانکەر تاوانبار کراوە، لە راستیدا لە روانگەی ئەوپەڕی بێ عەقڵانە دەست بەشێوەیەکی کۆمەڵایەتی دەکەین کە لە هەمان هونەری عەقڵانی بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی، بەڕێوەبردنی ئابوری و دەروونزانی کۆمەڵایەتی مۆدێرن بۆ پاراستنی خۆیان و تۆکمە کردنی هەرچی زیاتری ناسنامەکەیان لە زەینی خەڵکەکەیدا سود وەردەگرێت.

بۆچونێکی دیکە سەرچاوە لە پێشگریمانەی فەلسەفەی پێشکەوتن دەگرێت کە بەو ئەندازە زیانی بۆ تێگەیشتنمان لە تۆتالیتاریزم هەیە. دەڵێ ئەمجۆرەی شێوەی کۆمەڵایەتی جۆرێك بێسەروبەرەیی یان لادان لە

ڕێی دیاریکراوی مێژوو پیشان دەدات. لێرە بەگژ جۆرێك پشێوی و لادانی نێوان کار لە ڕوانگەی ئاکاری باش و لە ڕوانگەی مێژووییدا چوینەوە. ئێمە ماوەیەکی زۆر، نەك ئـازادی سیاسی، مافەکان و دادپـەروەریـمان بە تاکە توخمی بنچینەیی چاکەی ئاکاری، بەڵکو بە پێویستی مێژووییمان بینیوە، زۆربـەی لێکۆڵەرەوانی جوڵانەوەکانی نازیزم و کۆمۆنیزمی سۆڤیەت وەك لادەر لە ڕێگاکانی وەرچەرخانی سروشتی شارستانیەت لە زەین دەگرن.

لەسەر بنەمای هەمان ڕوانگە، هەندێك هـەوڵـدەدەن تۆتالیتاریزم بخەنە گوتەزای دەشتەکیخوازی و هۆزخوازی کۆنەوە. هەوڵی لەم چەشنە بەشێکی ڕوانگەی فـراوانـتری فەلسەفەی ئاکارە کە هەمو خراپییەکان بە گەڕانەوە دەزانـن بۆ رابـردو، گوایە پەیوەندی، نێوان زەمـەن و بارودۆخی ئاکارە. دەوترێت دەوڵەتی کامڵ جگە لە گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵیەتی شارستانیەت، شتێکی دیکە نییە، ئەم دەوڵەتە دەستکەوتی هێزەکانی تاریکی تایبەتە کە لە سەدە پێشکەوتووەکانی ئاکاردا لەودیو بەرزەخودی مرۆڤ دامرکاونەوە و هەنوکە لە چوارچێوەی نازیزم و کۆمۆنیزم دا سەرهەڵدەدەن. ڕەنگە لە گرژیەکانی هزری پێشکەوتندا ئەم ڕوانگەیەی پێ خۆشبێت، بەڵام پێشنیازی بانگەشەی تۆتالیتاریزم بە ناوی ناعەقڵانیەتێکی کۆمەڵی گەورە، لە خشتەبەر دەبێت. لێکجیاکردنەوەی هەمو کارەساتەکان بە ناوی گەڕانەوە بۆ رابـردو، بە هەمانجۆر کە ڕینۆڵد نیبور وتویەتی، وەك تاریفکردنی شێتی تاکە وەك گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی.

ئەم گریمانەیە لەم ڕوانگەیەوە ترسناکە کە تۆتالیتاریزم جۆرێك پێشهاتی ترسناك، پشێوی و لادانێکە دەبێت بە سەپاندنی یاسای پێشکەوتنی مێژوویی، ریفۆرم بکرێت، بەڵام ئەگەر یاسای پێشکەوتنی وەها تاك ڕێبازی هەیە نەمان توانیوە ئاشکرایان بکەین و پاساوی مێژوویی بۆ ئەم بیروباوەڕە،

که تۆتالیتاریزم زیاتر له باوەڕی ناسروشتی بونی وەرچەرخانی دیموکراسی، یان لیبرالیزم وەرچەرخانێکی ناسروشتییە.

تۆتالیتاریزم دوو توخمی تــەوەری هەیە: یەك ئامادەیی جەماوەرو دوو ئایدۆلۆژی کۆمەڵگای سیاسی، له زێدەڕۆترین شێوەی هیچ یەك لەم دوو توخمە نەبونی پەیوەندی بە ئەوی دی شایانی تاریفکردن نییە، چونکە هەردوکییان له کۆمەڵگای مۆدێرن مامەڵەی هەستیاریان بە یەکەوە هەیە. ئەو چالاکیانە هاوکاری سەقامگیری دەوڵەتێکی رەهــای خــاوەن دەسەڵاتی تەواویش دەکات کە مەیدانی پێکهاتنی جەماوەر دەڕەخسێنێت. هەرشتێك هاوکاری زیادبونی پانتایی جەماوەریشە کە دەسەڵات و توانای دەوڵەت له پەیوەندی بە تاك زیاد دەکات...

لەگەڵ ئــەوەشــدا، جەوهەری جەماوەر له بەکارهێنانی ژمارەیاندا نییە، لایەنی چۆنایەتی جەماوەر گرنگە نەك لایەنی چەندایەتییان. هەندێجار ژمــارەی دانیشتوانێك زۆر زۆرە، وەك هیند، بەڵام بە هۆی جێگیری بنەمای کۆمەڵایەتیەکەی لە هەلومەرجی جەماوەری بە دوور دەبێت. خاڵی بنچینەیی لە شێوەبەندی جــەمــاوەری گەردیلەیی بونی هەمو بۆنە کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکانە کە بە هۆیانەوە مرۆڤەکان بە سروشتی لە ئەندامێتی کۆمەڵگادا دەگــەن. جەماوەر، کۆمەڵێك لە تاکەکانی جێ متمانە نەبو، تەنیاو بەهۆی بڕیار یان هەلومەرجی مێژوویی، بۆتە گەردیلەی پەتی تۆزی کۆمەڵایەتی، لە جەماوەردا هەمو پەیوەندی و دەسەڵاتی ئاسایی کارایی دامەزراوەیی و مانای دەروونزانی نەبو بە زەین دەگــەن. لەوە خراپتر پەیوەندی وەهاو دەسەڵات زیاتر دووژمنانە بە زەین دەگەن و تاکەکانی نەك ئاسایش بەڵکو نائومێد دەبن...

کاتێك جــەمــاوەر ژمــارەی شایانی تێبینی و هــەروەك دەستکەوتی

دەرەنجامی هێزەکانی مێژوویی هەبوبن، نیوەی کاری سەرۆکی تۆتالیتاری بۆ ئەنجام دراوە. لەم هەلومەرجەدا، ئایا کارێکی تریش دەمێنێتەوە جگە لە تەواوکردنی کاری مێژوو - ئەگەر پێویست بێت، لەسەر بنەمای تاکخوازی کردنی پاشماوەی ئەنجومەن و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی؟ ئایا شتێك جگە لە رزگاری جەماوەر لە تەنیایی، نائومێدی و سەریەشەو رێنمایی کردنیان بەرە و خاکی وادە دراوی دەوڵەتی رەهاو رزگاری بەخش دەمێنێتەوە؟ ئەم پرۆسەی پێکهاتنی جەماوەرە نەگران و نە زۆر ناخۆشە، چونکە لە پێوانەیەکی فراواندا بەهۆی پرۆسەیەك پێکدێت کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەها کەلتوریەکانی لە بەینبردووە، پەیوەندی و بەهاگەلێك کە مرۆڤەکان بە سروشتی لەگەڵیاندا دەژین و تێیدا نەك هەر هەستکردن بە یاسا، بەڵکو دەبنە لایەنگری ئازادی.

بەڵام کاتێك جەماوەر لە پێوانەدا زۆر نییە، لە شوێنێك جەماوەری خەڵك پێویست دەکات، کە زەینیەتی تۆتالیتار بەهۆی خێرا داگیرکردنی دەسەڵات دەبێتە فەرمانڕەوا: دەبێ لێرەدا بێویژدانیترین هێز لە کورتترین ماوەدا کارێك بکات، کە لە تێکڕای کۆمەڵگاکاندا بە رەفتاری هێزەکانی مێژوو ئەنجام درابو.

لێرەدا ترسناکترین کاری تۆتالیتاریزمی دەردەکەوێت: کارێك کە نەك لە نوسینی دەربارەی جەماوەری هەبو، بەڵکو دەربارەی ئەو تاکانە ئەنجام دەدرێ کە هێشتاش بە زۆری پەیوەستن بە لادێ، کڵێسا، خێزان یان یەکێتییە کرێکاریەکان، واتا پەیوەندییان هەیە کە تاکەکان لە هەلومەرجی حەتمی جەماوەری دووردەخاتەوە. ئەگەر نەکرێ بە بانگەشەو ئاسان و بێ ترس و تۆقاندن و تێچون لە بەینیان ببەی، دەبێ بەهۆی هەمو هونەرەکانی ئەشکەنجەدان، جیاکردنەوە یان بە تۆپزی لەوکەسانەی هۆگریانن، لە

بەینبردنی بە ڕێکی ناسنامە یاساییەکان، کوشتن و گواستنەوەی بەشی زۆری دانیشتوان بۆ کەمپەکانی کار لە بەینیان ببەی.

توندوتیژی و ترسی روسیای سۆڤیەت کە رەنگە لە زۆر لاوە، تەنانەت لە ئەڵمانیای نازی زیاتر بو، لەو واقعیەتەوە بو کە لە سۆڤیەت تا دەسپێکی جەنگی جیهانی یەکەم، جەماوەرێکی وا نەبو. پەیوەندی چینایەتی، خێزانی، دێهاتی و ئەنجومەنی کۆن نزیکەی هێندەی سەدەکانی ناوەڕاست بە هێز بون. تەنیا لە دەوروبەرێکی کەمی روسیا ئەم پەیوەندیە نەمابوو جەماوەر لە سەر هەڵدان دابو.

لەم رووەوە بەرایی دەیەی 1920، دەستپێکی وێرانی هەمو پەیوەندیە باوەکان و هەڵوەشاندنەوەی هەمو پێگە کۆنەکانە، هەروەها ئێرە دەبێتە سەرەتای گۆڕینی ئەنجومەنە پیشەییە پسپۆڕیەکان بۆ ئامرازی جێبەجێکردنی حکومەت. دەرکەوت کە ئارەزووە کۆنەکەی روناکبیرانی روسی لە سەر هەمان بنەما ئارەزویەکی پوچە، کە دەکرێت لە روسیا لە سەربنەمای دامەزراوە سۆسیالیستیەکانی جوتیاری سۆسیالیزم دابمەزرێنی تا پاشان رێکخراوەکانی کرێکاری شاری لە سەرهەڵدان هاوکاری بکەن. چونکە دەسەڵاتدارانی نوێی روسیا تێگەیشتن کە بونی دامەزراوەکان و دەسەڵاتی رکابەر، ئەوجۆرە دەسەڵاتە پێویستە بۆ سەقامگیری رێسای مارکسیستی، ماوەیەکی زۆر بەردەوام نەبو. ئەنجومەنی هەمەگری میللەت، دەکرا ئەوجۆرە رەهاترین و چەقگیرترین دەسەڵاتی سیاسی دابمەزرێ، بۆ سەقامگیری و پاراستنی ئەم دەسەڵاتەو هاتنەئارای جەماوەری لێکترازاو، بووە پڕپۆڵەو بێ جیاوازی پێویست بو کە مارکس پێشبینی کردبو.

دەکرێت تۆتالیتاریزم بە پڕۆسەی ئاوابونی تاکیەت بزانین، بەڵام بە لێکدانەوەی بنچینەییتر، تۆتالیتاریزم پێش هەموشتێك لە بەینبردنی پەیوەندی

کۆمەڵایەتییە کە تاکیەتی ناوی گەشە دەکات. باڵادەستانی تۆتالیتار هەوڵ نادەن تاکەکان لە بەینبەرن، چونکە تاکەکان لە زۆرترین ژمارەدا پێویستی یاسای تازەن. ئەوەی خوازراوە لە بەینبردنی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەیە کە بەردەوام بە هۆی بونی سەربەخۆییان رێ لە پێکهاتنی کۆمەڵێکی سیاسی رەها دەگرن.

تاك هەر بێدەسەڵات نییە، ئیرادەو مێشکی تاك، بێ بە هێزکردنی نەریتی ئەنجومەنی، لاوازو بەردەوام نییە، باڵا دەستانی تۆتالیتار زۆرباش ئەوە دەزانن. کە ناسنەمە کۆمەڵایەتی و کەلتوری کەسەکان بنە پڕپۆڵەو کاتێك واقعیەتی ئازادی و یاسا لە ناوچە کەمەکانی کۆمەڵگا بشاردرێنەوە، تەنانەت زامنی یاسایی و یاسا سروشتیەکانیش لە بەرچاوی خەڵك نرخییان نابێت.

بەمەش یەکەم ئامانجی حکومەتی تۆتالیتار لە بەینبردنی بەردەوامی هەمو جۆرە رێکخراوێکی سەربەخۆ و خۆ ورووژێنەرە، چونکە بە وردبوونەی کۆمەڵایەتی، بەها سیاسیەکانی بەربەستی نێوان ئازادی و ستەمکاری وەك پێویست لاواز دەبن و سەرەنجام نامێنن.

نەمانی یان لاوازبونی ناوچەی گچکەی کۆمەڵگا، هەڵگرتنەوە یان سنوردارکردنی پانتایی ئەڵتەرناتیڤی کەلتوری بۆ تاك هەوڵی ئابوری، ئایین و خودێتی بە دیاری دێنن، هاوکات بە مانای لە بەینبردنی رەگی بەگژداچونەوەی ستەمکاری لە شێوەی فراوانیەتی. بەمەش تۆتالیتاریزم لە رەهەندی نەرێنیەکەی، پرۆسەی کۆتایی نەهاتوی پوچگەرایی کەلتورییە. ئەگینا چۆن دەکرێت تاك لە نەریتەکان و بەهاکان جیابکەیەوە، ئەگەر بە دەست لێنەدراوی بمێننەوە، بەردەوام تاك بە رابردوی کەلتوریەکەی دەبەستنەوە؟ بۆ پاراستنی ئازادی، هەبونی هەستێك بۆ رابردو زۆر پێویستترە

لە ئومێد بە داهاتو. یەکەمیان واتایی و واقیعیە، بەڵام دووەم وەك پێویست بێ شێوەیە و بە ئاسانی کەسانێك ڕێنماییان دەکات کە دەتوانن هەیمەنە بەسەر کاروباوەری مرۆڤدا بکەن. هەوڵی بەردەوامی حکومەتی تۆتالیتار بۆ تێکدانی مێشك هەر لەم ڕووەوەیــە، هەروەها بە کارهێنانی هونەری داهێنان بۆ لە بەینبردنی وەفاداریە کۆمەڵایەتیەکانیش بە هەمان ئامانج پێکدێت، چونکە وەفاداریە کۆمەڵایەتیەکان پانتاییەکن کە مێشکی تاکی ناویان بە هێزبووە و دەسەڵاتی بەگژداچونەوە دەدۆزنەوە.

بەم شێوەیە تۆتالیتاریزم بە هۆی لە ناوبردنی لایەنەکانی بەهایی و پەیوەندی نێوانگیری دەشێت کە بە گشتی کەسایەتی تاك پەروەردە دەکەن و خۆیان لە دەســەڵات و هەوەسبازی دەرەوە دەپارێزن. تۆتالیتاریزم وەك لوتکەی دەست درێژی کردنە سەر ژیانی تایبەتی مرۆڤ باسی کراوە، بەڵام کە دەستدرێژی دەکرێتە سەر حەرامسەرای کەسی کە پێشتر، مەیدانی کۆمەڵایەتی، حــەرامــســەرای کەسی - خــێــزان، کڵێساو ئەنجومەنەکان - ورد وورد بوبێت. کۆیلەیی سیاسی مــرۆڤ پێویستی ڕزگاربونی لەهەمو دەسەڵاتەکان و ئەندامیەتیە (ئەوجۆرەی نازیەکان و کۆمۆنیستەکان باسیان دەکــرد، لە مپەری بــەردەم ئــیــرادەی خــەڵــك)، بە پلەی جــیــاواز، تــاك لە دەسەڵاتی سیاسی دەرەوە جیادەکاتەوە و دەی پارێزێت.

یەکێتی کرێکاری بێلایەن لە ئەڵمانیای نازی بە بڕیاری قەدەغەبونی هەمو جۆرە ڕێکخراوێکی ئابوری سەربەخۆ دەفەوتێت. گرنگ بونی کرێکار نەبو، بەڵکو واقعیەتی کۆمەڵایەتی یەکێتی بو. هەمو ڕێکخراوە سەربەخۆکان هەڵگیرانەوە و بە نایاسایی ڕاگەیەندران. پۆلێن ناوەندی خزمەتگوزاری، گروپەکانی هــاوکــاری ئــارەزومــەنــدانــە، ئەنجومەنی هاوڕێیان، تەنانەت ئەنجومەنە مۆزیکیەکان و مۆرناسی.

حکومەتی تۆتالیتار، ئەمجۆرە رێکخراوانەی، وەك سـەرچـاوەی بە زەبـری نەیاری هەنوکە لە قەڵەم دەدان، چونکە خەڵکەکانی بۆ ئامانجێك کۆ دەبـونـەوە هەرچەند بێ مەبەست بو، بـەڵام رەنـگـدەرەوەی ئامانجی حکومەتی ناوەندی نەبو، چونکە رێکخراوەکان بۆخۆیان لە ناو خەڵك و بە ناوی کۆمەڵگایەك و خەڵك وەك جەماوەر دادەنێن.

سـەربـاری ئـەم واقعیەتە کە حکومەتی نازیەکان لە بـەرایـی کار بۆ کێشکردنی هەستی شیاوی خۆی سـودی لە سیمبۆلی خێزان و ئایین وەردەگـرت، بە کـردەوە بونی خێزان و ئایین وەك یەکێتی کرێکاری بێ وەستان دەکەوتە بەر پەلاماری حکومەت و حزب. زەینیەتی وریای تۆتالیتار باش ئاگادارە کە رەنگە لە داهاتو هێزە تایبەتەکانی خودێتی و ملدانی ئایینی، بەهاکان و پاڵنەرەکان مەیدانی جیاجیا بڕەخسێنن، هەروەها لە دانیشتوانێکی زیندو دا دەیهێڵنەوە. بەمەش رزگار بونی هەر ئەندامێك، بە تایبەت لاوان، لە خێزان پێویستیەکی رەها بو. ئەم نامۆبونی رۆحیە بەرنامە بۆ رێـژراو لە خودێتی نەك هەر لە رێگای پڕۆسە نەرێنیەکانی سیخوڕی و زمان لێدان، بەڵکو بە هۆی شیکردنەوەی بنەماکانی کارای ئەندامێتی خێزان و لە رێگای جێگرەوەکردنی دەوری سیاسی نوێ و سەرنجڕاکێش دەبێت. ئەمە هـونـەری جـیـاواز بـون،÷بـەڵام وردبـونـی خێزان و هـەرجـۆرە گروپ بەندیەك بنەڕەتی بو کە جیاوازی لە نێوان خەڵك وەك کۆمەڵگاو خەڵك وەك جەماوەری بێ فکر، بێ گیان و بێ بنەڕەت دەکـرد. تۆتالیتاریزم بۆ بەدیهێنانی نەخشەی خۆی پێویستی بە بۆشاییەکی رۆحی و کەلتورییە.

تۆتالیتاریزم ئایدۆلۆژی پوچ گەرایە، بـەڵام پوچگەرایی بەس نییە، ناتوانی بە راڤەی نەرێنی هیچ جوڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بە هێز ئاشکرا بکەی. بــەردەوام ئامانجی ئەرێنی و پەیوەندی کێشکردن هەیە کە ئەم

کـاری وێرانکەر شتێك نییە، جگە لە ئـامـادە و تەختکردنی ڕێگاکەی، ئەگەر توخمەکانی سەلماندن لە دەوڵەتی کامڵ زۆر بەهێز نەبینین، لە جەوهەرەکەی ناگەین. بێ کێشکردنی توندوزۆر، تۆتالیتاریزم لە سەدەی بیست، سەرکەوتنی نائاسایی بۆ جەماوەری ئەو تاکانە دەستەبەر نەکرد کە ڕەگی هەمیشەیی و ئاسایی ئەندامێتی و بیروباوەڕیان نەمابو.

وردبـونـی بەهاکان و پەیوەندیە کۆنەکان تا مـاوەیـەك بۆشایی پەیوەندی لێ ناکەوێتەوە. بلیمەتی سەرۆکی تۆتالیتار لەم کارە سەرچاوە لە زانیاری قوڵ دەگـرێ کە کەسایەتی مرۆڤ بەرگەی گۆشەگیری ئاکاری ناگرێت، هەروەها ئەم بلیمەتیە ڕەگی بۆ ئەو زانیاریە دەگەڕێتەوە، کاتێك دەسەڵاتی ڕەهاو بەردەوام پەسەند دەکرێت کە بەشێوەیەك لەبەر دەستی کۆمەڵ و ئەندامیەتی بە زەیندا بێت.

لێرەدا سـەرەداوی نزیکایەتی کارەساتاوی و تەنیایی تاکمان لەبەر دەستە. بەزانینی ئـەم ڕاستیەی دەروونـزانـی کە ژیـان جیا لە هەستی ئەندامێتی زۆربەی خەڵك بەرگەی سیستەمێکی گەورەتر ناگرێ، سەرۆکانی دەوڵـەتـی کامڵ وزەی خۆیان نـەك بۆ تێکدانی سیستەمی کـۆن سەرف دەکەن، بەڵکو سیستەمی نوێی پێ دادەمەزرێنن.

ئەم سیستەمە نوێیە کۆمەڵگایەکی سیاسی کامڵی ڕەهایە. کۆمەڵگایەك کە بە وەلانانی هەمو شێوەکانی ئەندامێتی و دۆزینەوەی شوناس بۆتە ڕەهـا، کە ڕەنگە بونیان دژی سیستەمی نـوێ بێت. ئـەم کۆمەڵگایە بە جەختکردنەوە دەبێتە ڕەها کە هەمو هزرەکان، بیروباوەڕەکان، پەرستن و ئەندامیەتیەکان لە ستراکتۆری دەوڵەتدا پێکبێن. ڕەهاخوازی مرۆڤێك یـان دارودەسـتـەیـەك یـان چینێك نییە، کە ناسنامەی مێژوویی دەداتـە دەوڵەتی تۆتالیتار؛ بەڵکو پانتایی ڕەهای بنەماکانی ڕاپەڕاندنی دەوڵەت بۆ

قەڵەمڕەوی کۆمەڵایەتی و دەروون زانییە کە پێشتر بەردەستی زۆربەی ڕێکخراوە جیاجیاکان بو. تۆتالیتاریزم پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەربەخۆی دانیشتوانێك لە بەین دەبا، بەڵام هاوکات بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێ جێی پەیوەندی کۆن دەگرێتەوە کە هەریەك ماناو گرەنتی راپەڕاندنیان لە ستراکتۆری ناوەندی دەوڵەت دەست دەکەوێت.

دەوڵەتی کامڵ یەکپارچەیە. لە سەر ئەو بنەمایە بەڵگەی ژمارەیەك لێکۆڵەرەوەی بەناوبانگ بەڵگەیەکی قەناعەت پێکەر نییە، کە بونی دەسەڵاتی حزبی لە دەوڵەتی کامڵ و ئامادەیی هاوتەریبی ئەریستۆکراسی فەرمی بەڵگەو دەلیلە لەسەر بونی لێکدژیەکان. یەك حزبی تۆتالیتار شتێك جگە لە هەنگاوێکی کاتی، بـەڵام پێویست لە رووی گەیشتن بە ستراکتۆری حکومەتی فەرمی لە زەیـن دەگیردرێت، کە لە ئاکامدا هیچ جۆرە وەفاداریەکی تێکدەر و هەراسانکەری تێدا نابێت کە حزب لەگەڵ خۆی دەیهێنێت. رەنگە حزب گوشاری توندو قورس بەسەر ئەریستۆکراسی واقعیدا بسەپێنێت، بـەڵام کارایی جەوهەریەکەی پەلەکردنە، بۆ ئەوە نەخشەی حـزب کـێـشراوە نـەك خەڵك وەك تێکڕاییەك، بەڵکو خودی ئەریستۆکراسیش بە ئامانجی سیاسی هاوڕای کۆمەڵگای تۆتالیتار بکات. دوو بە هەمو تێچونێك کە ((دەوڵەتی دوو فاقی)) دامـەزرا دەسەڵاتی حزبی لەگەڵە، گرنگ ئەوەیە کە حزب کۆمەڵە ئامانجێك دیاری دەکات، کە دەبێ بەسەر تێکڕای دانیشتوان و ئەریستۆکراسی فەرمی باڵادەستدا بسەپێنرێت. رەنگە حزب لە دەرەوەی مەیدانی فەرمی حکومەتێك بەڕێوەببات، بەڵام هەرگیز لە دەرەوەی پانتایی ئامانجێك نییە، کە تێکڕای کۆمەڵگای رەهاو تایبەتیین.

هیچ جۆره گازندەیەك نییە، ستراكتۆری تەباو یەكپارچەی دەوڵەتی تۆتالیتار سەرچاوەگرتو لە نـەزۆك كردن یان لە ناوبردنی هەمو گروپ و ئەو پێگانەیە كە بەهەر ڕێگایەك، لە وەفـاداری جەماوەر بۆ دەوڵەت كەم دەكەنەوە.

بەهەمانجۆر كە پیتەر دروكر بیری هێنایەوە، نەمانی جیاوازی كۆمەڵگای مەدەنی ئاسایی و سوپا تایبەتمەندی دەوڵەتی كامڵە. فرەیی سروشتی كۆمەڵگا نامێنێ و دۆگمایی و توانای ڕەهـای نەتەوەیی هەلومەرجی شەڕ ژیانی مرۆڤ ئۆرگانیزە دەكـات... هەر بڕیارێك پەیوەندی بە مانایەكەوە هەبێ بۆ بڕیارێكی جەنگی دەگۆڕێ كە تاكتیك و ستراتیژیەكانی شەڕ بدۆزێتەوە. هەر كێشەیەك و هەر كۆسپێكی سەرۆكی تۆتالیتار بەخەیاڵی شەڕ گرنگی دژی ئەهریمەنی و داكۆكی لە بەرامبەر سەركوتكردنی دەربڕین دەبێت. هەر لادانێكی گرنگ لە ڕێبازی فەرمی لە هونەر، سیاسەت، زانست و ئابوری بەوپەڕی بێویژدانی وەك یەكێتی و ئامادەیی دەسڕردرێتەوە. سەرەنجام هەمو پەیوەندیەكان وەك كاری پەیوەندی بارەگایی لە زەین دەگیردرێن.

گۆڕینی تێكڕای كۆمەڵگا بۆ سیستەمێك لەسەر بنەمای ڕێسای سوپایی هەڵسەنگاندنی بە ویژدانانەو ڕاستی ئامانجی تۆتالیتاریزمی نازی و كۆمۆنیزمە، بەڵام جیاوازی لە نێوان ئەم ئامانج و ئەو ئامانج هەیە، كە هەوڵدەدا كۆمەڵگا بۆ سیستەمێكی لەسەر بنەمای كارگە بگۆڕێ، ئیدارە یان شێتخانەیە، بـەڵام نابێ ئەم بـەراوردكـردنـە بەلاڕێماندا ببات. لێرەدا مەسەلەی بنچینەیی نەك شەڕ، ڕەگـەز یان چینی ئابوری، بەڵكو دەوڵەت بە شێوەیەكی ڕەها جێی هەمو ڕێكخراوە جۆراوجۆرەكانی گرتۆتەوە كە لە دۆخی سروشتیدا كۆمەڵگا پێكدەهێنن.

لە سیستەمی تۆتالیتاردا، هەمو لایەنەكانی كۆمەڵایەتی پێویست و

پابەندی یەکترین. ئەم سیستەمە پێویستی بە جەماوەرێکە بە هەمانجۆر کە جەماوەر پێویستییان پێیەتی. لە کاتی هەڵوەشانەوە، یەکپارچە و لێکترازان، یەکگرتو لە کاتی کـوژانـەوە وروژێـنـەرە. باڵادەستانی کۆمەڵگای کامڵ، سیمبۆلی خۆیان دەکەنە جێگرەوەی سیمبۆلێك کە جەماوەرەکان نەماون.

شێوەی سۆسیالیستی دەسەڵات حەتمییە، چونکە دەسەڵاتێك مایە پوچ و کارا نابێت، کە بە زەین دەگا دووره دەست بێت، چاوپۆشین لەوەی کە چۆن بە بێویژدانی دەسەپێنرێت. دەبێ لە هەر قۆناغێك بە زەین بگات کە دەسەڵاتی حکومەت سەرچاوەی بۆ ئیرادەی بنچینەیی خەڵك دەگەڕێتەوە. بەمەش حکومەت لە جیاتی ئەوەی کە ئیرادەی دژ بە شێوەیەکی توندوتیژو بێبەزەییانە بشێوێنێ، بـەرژەوەنـدی کارەکە لە نەرمکردن، لاوازکـردن و کەمکردنەوە دەزانـێـت، چونکە لە سەرکوتکردنی ئیرادەی دژ مەیدان و دەرفەتی پێویست بۆ دەربڕینی نەیاری ئاشکرا هەیە، کە ڕەنگە شەڕ گەورە پیشان بداو سیمبولێکی بە هێز لە ئازار بێنێتەدی.

دەبـێ مانایەکی نوێ بۆ هاوڕاکردنی گشتی، بدۆزرێتەوە. تەنانەت دەبـێ ((مێشکی)) نوێ دروسـت بکرێت تا جێی ئەو مێشکانە بگرێتەوە کە بە بیرهێنانەوەی بەردەوامی شێوەی پێشتری کۆمەڵگا، بـەردەوام دژی شێوەی نوێن. دەبـێ بۆچونی نوێ لە چاکەو شـەڕ، ڕاستی و درۆ، ئـازادی و زۆرەملێیی، کاری پیرۆز و کاری دنیایی لە زەینی خەڵکدا دەربکەون تا جێی بۆچونە نەماوەکان بگرنەوە. دەبێت دوبـارە مێژوو، هونەر، زانست و ئاکاری کەلتوری لە ناوەندێکی نوێ بەدی بهێنرێن. دەسەڵاتی تۆتالیتار بە بێ پۆشەرێك لە بیروباوەڕی واتایی بەرگە نەگیراوە.

بـەڵام وەرچەرخانی ڕۆحـی خەڵك، هاتنەدی ماناو سیمبولی نوێ، ناتوانێ لەمەیدانی هاتنە ئـارای کۆمەڵایەتی و بیرو بـاوەڕو مانا جیابێت.

لێرەدایە کە دەرکەوتنی واقعی سیستەمی تۆتالیتار دەست پێدەکات. وردبونی گروپ و ئەنجومەنەکانی کۆنی لەگەڵدایە بە دامەزراندنی ڕێکخراوی نوێ کە هەریەکێکییان بۆ نەهێشتنی پێداویستیەکان و بینینی کاراییەك پێشنیاز دەکرێن کە رەگییان بۆ شێوە کۆنەکانی گروپ بەندی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە. ئەم دامەزراندنە نوێیانە کە هەریەکەیان کارایی ئەرێنی و دیاریکراویان هەیە. بە حەتمی جەماوەر دەیپارێزن. لەم گروپانەدا باسی پوچی بەرگە نەگرو ماهیەتی ئەهریمەنی کۆمەڵگای جەماوەری ناکرێت. گروپی لەم چەشنە جیاوازی لە نێوان ئەندامیەت و گۆشەگیری، ئومێد و نائومێدی، بون و نەبون، دەکـەن. بە شکڵگرتنی ئەم گروپانە تاکەکان لە هەستی نامۆیی، دووژمنایەتی و ئەقڵی شەڕانی رزگاریان دەبێت. ئەم ئەنجومەنانە مەیدانی شوناس دۆزینەوە و ئینتیمای کەسی نین، بەڵکو مەیدانی پێویستی بە گوێ دادانی تۆتالیتاریزمیش دەبن.

کاتێك بەهای کەلتوری و مانای واتایی کۆن بە نەمانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ((کـۆن)) لاواز بـووە و لەبیر بچنەوە لە سیستەمی تۆتالیتار ماناو بەهای نـوێ سـەرهـەڵـدەدەن کە لە دامـەزراوەکـان و کۆمەڵی نوێ تۆکمە دەبـن، لەگەڵ جێگرەوەی کۆمەڵایەتی نوێ کۆمەڵەیەکی نوێ لە وەفاداریەکان، بەهاکان و تەنانەت بۆچونی نوێ دەردەکەون.

دەسەڵاتی تۆتالیتار لەسەر ئیرادەی تاکەکان پرۆسەیەکی گوماناوی، شاردراوە و شکڵی لە سیحربازی لە سەر بنەمای نا عەقڵخوازی زۆرو نالۆژیکی نییە، کە زۆر بە هێزو توندە، بەڵکو بە شێوەیەکی عەقلانی و بـەردەوام بەهۆی بەدیهێنانی کردەوەکان، پلەوپایەکان و وەفـاداری نوێ دەرکـەوت و دەپارێزرێت کە ئیرادەی مرۆڤایەتی دەخاتە ژێردەسەلاتی خۆیەوە.

رەنگە شوێنەوار و ئاماژەکانی رواڵەتی ستراکتۆری کۆن نەسڕێتەوە.

واتا پەرلەمان یان ئەنجومەن هەر هەبێت. پێگەو پۆستەکانی سیستەمی ئیداری کۆن و نازناوەکانی ئیداری پێشوی دەست لێنەدراو بمێنێتەوە. هەڵبژاردنەکان و راپرسی خولاو باوی هەبو باسی ئازادی خرابێتە روو تەنانەت ئازادی تاك پەسند بکرێت، ئەگەر مەیدانی کۆمەڵایەتی بنچینەیی باوەڕوبیر بە شێوەیەك رێکبخرێن و لە ژێر کۆنترۆڵ دابن هیچکام لەم شوێنەوارانە بایەخییان نییە، چونکە بەردەوام لە ژێر کۆنترۆڵ و رێنماییدان. هاتنەدی تۆڕێك لە کردەوەو وەفاداریەکان گرنگە کە بکرێت بگاتە تایبەتیترین قوڵایی ژیانی مرۆڤ، واتا ئەو شوێنەی هزرو بیروباوەڕەکان هاتونەدی و گەشە دەکەن.

هەمو شارەزاییەکانی ئەقڵانی کارتێکەری کۆمەڵایەتی مۆدێرن لە پرۆسەی هاوچەشن کردنی دوبارە دەکوڵێتەوە. رێکخراوی تر دادەمەزرێن کە بەپێی شوێن، کار و پەیوەندی وەستاونەوە. هەمان هێز رێکخراوی نوێ بۆ هاوچەشن کردنی گروپی تەمەن و رەگەزی خێزان دادەمەزرێنێت، کە بەردەوام هەوڵدەدات جەوهەری کۆمەڵایەتی خێزانی کۆن نەهێڵێت. یەکێتیە کرێکاریەکان یان سەرلەنوێ دەبنە کرێکارانی دەوڵەت، یان بۆ رێکخراوە کرێکاریە تازەکان کە جێی رێکخراوە کرێکاریە کۆنەکان دەگرنەوە. گروپی پیشەیی، زانستی و هونەری نوێ دروست دەبن، تەنانەت ئەنجومەنە نوێیەکان بۆ سەرگەرمی جۆراوجۆری خەڵك بەدی دێت.

بە هەمانجۆر کە دەروونزانانی تۆتالیتار باش دەزانن، لە ناخی ئەم دامەزراوە فەرمی نوێیانەی لەسەر بنەمای کردەوە و مانای دیاریکراو، بە شێوەیەکی حەتمی لە قۆناغێکدا، تۆڕی گرنگتری پەیوەندی نافەرمی نوێ، وەفاداریەکان و کاریگەری کۆمەڵایەتی نوێ و لەگەڵییان بەردەوام تێگەیشتنێکی نوێ لە پێگەی کەسی دێتە ئارا کە بە وێنەی زنجیرەیەك

لە خوارتترین تاکەکان تا باڵاترین ناوەندەکانی حکومەتی بەردەستی خۆی دەبێت.

بـەڵام گرووپەکان، ئەنجومەنەکان و پۆستە فەرمیە تازەکان بەبێ هەڵاواردن بکەرانی خودی دەوڵەتن. زۆربونیان لە ژمارەیاندایە نەك وەفاداری یان ئامانجی مەبەستیان. هەر رێکخراوێك بە مەبەستی پانتایی کۆمەڵایەتی و دەروونزانی بەڕێوەبردنی ناوەندی دەوڵـەت دێتەدی. هەریەك مەیدانی بەرایی بۆ سەر لە نوێ کەسایەتی پەروەراندنی سیاسی مرۆڤ دەڕەخسێنێ کە درێژەی پڕۆسەی پوچخوازی کەسایەتی لابراوی کۆمەڵایەتییە. هەریەك، سەرەنجام، ئامڕازی حکومەتی ناوەندن، کۆمەڵەی دەروونزانی کە جارێکی دیکە لە نۆژەنکردنەوەی جەماوەری زانیاری مرۆڤایەتی دەکۆڵنەوە. هەمو ئەم گروپانە، لەگەڵ تایبەتمەندیەتی پلەوپایەی قوڵییان، هۆکاری بەدیهێنانی ئـەم وێنەیی رەگــەز، پڕۆلیتاریا یـان جـۆری مرۆڤن، کە بە سـەر بنەمای کۆمەڵگای سیاسی تێکڕایی و رەها باڵادەستە.

## بەشی هەشتەم
## دوو روانگە دەربارەی  کۆمەڵگای جەماوەری

کۆرن هاوزەر

تیـۆری کۆمەڵگای جـەمـاوەری دوو سـەرچـاوەی فکری سەرەکی هەیە. سەرچاوەی یەکەم کاردانەوەیەك بو بۆ گۆڕانکاری شۆڕشگێڕی لە کۆمەڵگای ئەوروپی (بە تایبەت فەرەنسا) سەدەی نۆزدەو سەرچاوەی دووەم بەهۆی سەرهەڵدانی تۆتالیتاریزم، بە تایبەت لە روسیاو ئەڵمانیا، سەدەی بیست دەرکـەوت. دەکرێت یەکەمین و سەرەکیترین سەرچاوەی رەخنەی دیموکراسی لە کۆمەڵگای ئەریستۆکراسی ناوبنێی کۆمەڵگای جەماوەری و دووەم رەخنەی دیموکراسی لە کۆمەڵگای جەماوەری.

یەکەمیان داکۆکی لە بەهای دەستەبژێران لە بەرامبەر سەرهەڵدانی بەشداری جەماوەری دەکـات، دووەمیان بەرگری لە بەها دیموکراسیەکان دەکات لە بەرامبەر سەرهەڵدانی دەستەبژێران کە سورن لەسەر دەسەڵاتی کامڵ. سەنگەری بـەرگـری لە بەرامبەر ئەریستۆکراسی دیموکراتەکان دەگرنەبەر کە لە شەڕی فکری و دامەزراوەکانی ئەریستۆکراسی سەرکەوتن و هەوڵدەدەن بەهاکانیان لە بەرامبەر خەباتخوازی تۆتالیتاری بپارێزن.

هەرجۆرە دژایەتیەکی فکری گۆڕانکاری شۆڕشگێڕی بە ناچاری لەسەر بنەمای هزری کۆمەڵگای جەماوەری نییە، ئەو ڕەخنانەی کە لە ڕەوتی کاروباری سەدەی نۆزدە گیران و ناودەنرێن تیۆرەکانی کۆمەڵگای جەماوەری، ئەم پرۆسەی کۆمەڵایەتی یەکلاکەرەوەی لە دەستچونی بێ هاوتای دەستەبژێران و بە سەرهەڵدانی بەشداری جەماوەری دەزانن لە ژیانی کەلتوری و سیاسیدا. بۆرکهارت و گۆستاڤ لۆبۆن لەوانە ڕەخنەگرانی ئەریستۆکراسی مەیلی جەماوەری سەدەی نۆزدەن و خوزێ ئۆرتیگای گاست و کارڵ مانهایم، لە باسی دەستەبژێرانی خۆیان، بە نوێنەری سەدەی بیستی ئەم ڕوانگەیە دادەنرێن1.

بەمەش، هەمو ڕەخنەکانی دیموکراسی لە تۆتالیتاریزم لەسەر تیۆری کۆمەڵگای جەماوەری نەوەستاوەتەوە. ڕەنگە ئەم کۆمەڵە ڕەخنەیە ناوبنرێن تیۆرەکانی کۆمەڵگای جەماوەری پرۆسەی کۆمەڵایەتی یەکلاکەرەوەی لە دەستچونی لێکجیاکردنەوە و جیایی لە دەستەبژێران و سەرهەڵدانی دەستەبژێرانی دەزانی کە بۆ ئامادەکردنی تێکڕای دانیشتوان لێبڕاون. ئەمیل لدررۆ و هانا ئارێنت نوێنەرانی پێشەنگی ئەم بۆچونەی ماهیەتی کۆمەڵگای جەماوەرین.2

ئەم ڕەخنەگرانەی دیموکراسی، بە شێوەیەکی لێکدژ زۆرتر پشت ئەستورن بە ئامرازەکانی فکری کە بیرمەندانی ئەریستۆکراسی بە درێژایی سەدەی نۆزدە لە دژی شەپۆلی ئایدۆلۆژی دیموکراسی بەکاری دەهێنن. هزری تەوەریەکەی پاراستنی بەهای بنچینەیی (بە تایبەت ئازادی) پێویستی جیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی لە بەشەکانی کۆمەڵگای بەرجەستە کەری بەهاکانین، کە تیۆرداڕێژەرانی دیموکراسی لە ڕەخنەگرانی ئەریستۆکراسی قەرزیان کردووە. ڕەخنەگرانی ئەریستۆکراسی و دیموکراسی کۆمەڵگای جەماوەری لە بارەیەوە کۆکن، تەنانەت کە ناوەڕۆکی ئەم بەهایانە - وەك ماهیەتی ئازادی - هەربەو

پێودانگە، لەو بەشانەی کۆمەڵگا کۆکن کە ئەو بەهایانە بەرجەستە دەکەن.

روانگەی ئەریستۆکراسی دەربارەی ئازادی جەخت لەو پێگانە دەکەنەوە رێـی چالاکی دەدا، دەبـێ مرۆڤەکان بـەوجـۆرە چالاکی بکەن، واتـا، بەپێی پێوەری رەفتاری دروسـت. بە بـاوەڕی مانهایم، ئەم وێناکردنەی ئـازادی دژی بۆچونی وەکیەکخوازییە: (({تیۆر دارێژەرانی ئەریستۆکراسی} لەوباوەڕەدان کە مرۆڤەکان... لە بنچینەدا وەکیەك نین، نایەکسن لە بەخشش و تواناکان و ناوەکیەك لە مەڕ هێزی زەینیان)). پێوەری رەفتاری دروست لە چینەکانی باڵاتری کۆمەڵگا زۆر گەشەیان کردووە و لەم رووەوە ((هەڵگرانی راستەقینە)) و ((بکەرانی راستەقینە))ی ئازادی گروپی خاوەن ئەندام و پێکەوە بەستراوی دەستەبژێرانی ئەریستۆکراسی پێکدەهێنن.

((ئازادی)) مڵك و دارایی جۆراوجۆری فیودالیزم کە ئاماژەی ((ئیمتیازات)) یانەو تایبەتمەندێتی دیاریکراوی چۆنایەتی و نایەکسانخوازی لێرەدا دوبارە دەبوژێتەوە، کە بە مانای سەدەکانی ناوەڕاست دەپارێزرێت)). یاسای باوی لەسەر بنەمای یاسای ئاکاری دەستەبژێرانی ئەریستۆکراسی لێکجیادەکاتەوەو بەوهۆیەوە ئازادی دەپارێزێت.

لە لاکـەی دیکە روانـگـەی دیموکراسی دەربـارەی ئـازادی بریتییە لە کەمکردنەوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، واتا لابردنی زۆربـەی چوارچێوەکانی دەرەوە لەسەر تـاك کە تەبای ئـازادی هەمو تاکەکان بێت. ئـازادی جێ باس پشتی بە یەکسانی یاسایی ئەستورە. ئەم بەهایە لە تێکڕای کۆمەڵگادا بەرجەستە دەبێت. بەمەش بەهەمانجۆر کە گروپەکانی سەربەخۆکان خەڵك لە دەسەڵاتی دەستەبژێران دەپارێزێت، ژیانی گروپی سەربەخۆی هاوڵاتیش پارێزەری ئازادین.

به کورتی، لەم دوو لێکدانەوەی کۆمەڵگای جەماوەری دوو بۆچونی جیاوازی ئازادی و بنەمای کۆمەڵایەتی هەیە. لێکدانەوەی یەکەم کۆمەڵگای جەماوەری بە کۆمەڵێك هەلومەرج دەزانێ کە دەستەبژێرانی لە بەردەم گوشاری جەماوەریدان. لێکدانەوەی دووەم کۆمەڵگای جەماوەری بە کۆمەڵێك هەلومەرج دەزانێ کە لە ژێریدا، خەڵك لە بەردەم گوشاری دەستەبژێراندان، هەردووکییان کۆمەڵگای جەماوەری بە کۆمەڵگایەکی بێ پارێزگار و رووت دەزانن کە، بە شێکی کۆمەڵگاکەی راستەوخۆ بەردەستی هێزە دەرەکیەکانن و ئەم کارە پێگەی ئازادی لە رزۆك دەکات. لێرەدا هەوڵدەدرێ تیۆری تێکڕایی دەربارەی کۆمەڵگای جەماوەری لێکبداتەوە کە هەردوو رەخنەی دیموکراسی و ئەریستۆکراسی لە خۆیدا جێی توخمگەلێکی کردبێتەوە. ئامانجی ئەم وتارە گەیشتن بەم چەشنە کارەیە.

بەڵام بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، دەبێ لێکدانەوەی ناتەواوو باس وروژێنەری ئەم تیۆرە شرۆڤە بکەین. بەمەش دەبێت لە بەڵگەی سەرەکی رەخنەی ئەریستۆکراسیانەی کۆمەڵگای جەماوەری بکۆڵینەوە، پاشان رەخنەی دیموکراسی کۆمەڵگای جەماوەری شیکار بکەین. یەك دەبێت بنەمای جیاوازی ئەم دوو روانگەیە دەرببڕین. ئێمە ئمانەوێ زیاتر لەوە لە رووی بەهاییەوە روانگەکان شرۆڤە بکەین، حەزدەکەین بنەمای تیۆری هەر روانگەیەك شیکار بکەین. جیاوازی نێوان ئەم دوو روانگەیە لە سەر ئەم بنچینەیە کە ئایا پێگەی دەستەبژێران بە پێوەری ((کۆمەڵگای جەماوەری)) دەناسرێ یان پێگەی هاوڵاتی. واتا هەر تیۆرێك کە تایبەتێتی یەکلاکەرەوەی کۆمەڵگای جەماوەری بەردەست بونی دەستەبژێران بۆ جەماوەر بزانێ ((ئەریستۆکراسیانە)) دەناسرێت، لە کاتێکدا تیۆرێك کە تایبەتمەندی بنچینەیی کۆمەڵگای جەماوەری دەستگەیشتنی دەستەبژێران بە هاوڵاتیانی

ورد ورد بو بـزانـێ، بە ((دیـمـوکـراسـی)) لە قەڵەم دەدرێ. هەڵبژاردنی وشەکانی ((ئەریستۆکراسیانە)) و ((دیموکراسی)) بۆ شرۆڤـەی ئەم دوو تیۆرە نابێ ئەم واقعیەتە بشارێتەوە کە ئەم پۆلێنکاریە زیاتر شیکاریە تا بەهایی. بەم حاڵە نزیکییەك لە نێوان هەریەك لەم دوو هەڵوێستەی تیۆری و رووی بەهایی هەیە. زۆربەی تیۆرداڕێژەرانی کۆمەڵگای جەماوەری بەهای ئەریستۆکراسییان پاراستووە کە تیۆرەکانیان پشتی بە لە دەستچونی لێکجیاکردنەوەی دەستەبژێران ئەستورە، لە کاتێکدا زۆربـەی نوسەرانی داکۆکیکاری بەها دیموکراسیەکانیش بون کە تیۆرەکانیان جەخت لە لە دەستچونی لێکجیاکردنەوەی هاووڵاتیان دەکـاتـەوە. لە چەند لایەکەوە رووبـەڕوی نوسەرانێك دەبینەوە کە بەرگری لە جۆرێك بەها دەکـەن، بەڵام تیۆری جیاواز شرۆڤە دەکەن. بابەت و نوسینەکان بەپێی هەڵوێستی تیۆری، نەك بەهایی پۆلێنکاری دەکرێن، وەك نمونە ئەم کـارە روونـی دەکاتەوە بۆچی مانهایم بە نوێنەری روانگەی ((ئەریستۆکراسانە)) دەزانـن، تیۆری کۆمەڵگای جەماوەریەکەی، هەرچەند بۆ پاراستنی بەهاکان بە وەفایە، بەڵام بەرەو ئەو بـاوەڕە دەچێ کە بەشداری جەماوەری کـردەوەی دەستەبژێران لاواز دەکات.

لە پەیوەندی بە ماهیەتی تیۆری ئەم قاتبەندیە (زیاتر لە پەیوەندیە بەهاییەکەی) خاڵی دووەمیش هەیە کە دەبێت بخرێتە ژێر سەرنجەوە. ئێمە زیاتر لە وەی بمانەوێ کاری تیۆرداڕێژەرانی تایبەتی بین، حەزدەکەین لۆژیکی هەر بەڵگەیەك تاوتوێ بکەین. بەشی جیای مەسەلە لۆژیکیە پێکەوە بەستراوەکانی دەربـارەی ماهیەتی کۆمەڵگای جـەمـاوەری، پەیوەندی بە گریمانەی سەرەکی هەر روانگەیەکەوە هەیە. رەنگە تیۆرداڕێژێکی تایبەتی رەهەندی هەردوو بەڵگەکە لە نوسینەکانیدا لە بەرچاو بگرێ، بێ ئەوەی لەم

راگـوزەرە، پێشنیازی روونی هەر بەڵگەیەك یان شرۆڤەی تێكڕایی و لۆژیكی تیۆری كۆمەڵگای جەماوەری بخاتەڕو، بەمەش لە وانەیە هەندێجار هەمان نوسەر لە زەمەنێكدا بە پاڵپشتی لە چەند مەسەلەیەك بكۆڵێتەوە كە لە روانگەی ئەریستۆكراسیانە بەرجەستە بووە و لە كاتێكی تردا بە پشتگیری لە مەسەلەیەك كە لە روانگەی دیموكراسیدا جێی كراوەتەوە، ئەگەر بیرخۆمانی بێنینەوە هزرەكان نەك مرۆڤەكان، مەسەلەی پۆلێنكارین، ئەم كارە نابێتە هۆی پێشوی بە گشتی، راستە كەسانێك حەزدەكەن پرۆسەی كۆمەڵایەتیەك لە بەرچاو نەگرن كە گریمانەی سەرەكی قوتابخانەیەك پەسەند دەكەن كە تـەوەری گریمانەی سەرەكی قوتابخانەیەكی دیكەیە. بەم حاڵە چەند هەڵاواردنێكیش هەیە، وەك نمونە تۆكویل كەسێكە كە نەك تەنیا پێویستی لێكجیاكردنەوەی دەستەبژێران، بەڵكو دەوری گروپە سەربەخۆ جیاجیاكانی لە لێكجیاكردنەوەیان شیكار كردووە كە هاوڵاتین. مەسەلەی لە بەرچاوگرتنی ئێمە نوێكردنەوەی مێژوویی هزرەكانی سەربە كۆمەڵگای جەماوەری نییە، بەڵكو نوێ كردنەوەی لۆژیكی دوو نەریتی هزری بەرچاوە كە لەو ئەدەبەدا ئاوێتە بون و پەیوەندی بە كۆمەڵگای جەماوەریەوە هەیە. تیۆری تێكڕایی و موتوربەكراوی كۆمەڵگای جەماوەری ئێمە بە گوێرەی چەند توخمێك وەستاوەتەوە كە هەر دوو نەریتی لێوەرگیراوە. هاوكات ئەم تیۆرە هۆگری ناسینی پێگە لە بارەكانی سەرهەڵدانی بەها دیموكراسیەكانە.

لە دەستچونی دەسەڵات لە كۆمەڵگای جەماوەری

رەخنەگرانی ئەریستۆكراسی كۆمەڵگای بـــۆرژوازی بە درێژایی سـەدەی نـۆزدە، رەشبینانە لە پێوەرە بەهاییەكانیانی كۆڵیەوە كە تاكەكان بەوپێیە لە سەردەمی ماتریالیزم و وەكیەكخوازی ڕۆژانە دەژین. لۆبۆن ئەم

ناوەرۆکەی بە لێکدانەوەی سۆسیۆلۆژی دەخاتەڕوو ئەم قۆناغەی ناوناوە ((سەردەمی جەماوەرەکان)) و بەڕاوێژێکی توندو ناخۆش، جەماوەری بە ئامرازی داڕوخانی شارستانیەت ناساند: ((کۆمەڵانی خەڵك فەرمانڕەوایەو ئەمە دەبێتە هۆی زۆربونی شەپۆلی بەربەریەت)). ئۆرتێگا ئەم هزرە بە ((ڕاپەڕینی جەماوەر)) دەناسێنێ، واتا هەلومەرجێك کە ((فەرمانڕەوایەتی خەڵکانی بێدەسەلات))ی لێدەکەوێتەوە. تی. ئێس. ئەلیوتی ڕەخنەگری هاوچەرخ، وشەی ((کۆمەڵگای جەماوەری)) بە مانای نەرێنی و سوك بۆ ناونانی کاولکاریەك بەکاردەبرد کە بانگەشە دەکات، بەهۆی گوشارە جەماوەریەکان لەسەر بەهاکان و دەستەبژێران دەرکەوتووە.

تیۆرداڕێژەرانی ئەریستۆکراسیانە لەوباوەڕەدان کە ئازادی و وەکیەکی پێکەوە ناتەبان: ((گەشەکردنی مافەکانی وەکیەکی دیموکراسی، بە هەمانجۆر کە دەرەنجام3 پێشبینی دەکات، پاساو بۆ هەڵەیەکی وەکیەکی مافەکان دەهێنێتەوە)).

ئەزمون نمونەی ڕاستەقینەی ئەم وێنەسازی، شۆڕشی فەرەنساو شۆڕشەکانی 1848 دژی رژێمە کۆنەکان بون. خاڵی سەنگینی ئەم وێنەسازیەی کۆمەڵگا وەکیەکخوازە و کۆمەڵگایەکی لەم چەشنە (جەماوەری) بنەمای ئەخلاقی بۆ بەگژداچونەوەی دیکتاتۆری قەیسەریزم و بەرگرتن لە حەتمیەتی سیاسی و داڕوخانی کەلتوری نییە.

تۆکویل لەسەر هەمان بنەمای نوسی:

لەو باوەڕەدام کە سەقامگیری حکومەتێکی ڕەهاو ستەمکار لە ناو خەڵکانێك ئاسانترە کە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی تردا، لە پێگەی کۆمەڵگادا یەکسانن؛ لەوباڕەدام، ئەگەر جارێکی تر حکومەتێکی لەم چەشنە لە ناو خەڵکانێکی وەهادا جێگیربێت، نەك هەر خەڵك سەرکوت دەکات،

بەڵکو وردە وردە لە باڵاترین تایبەتمەندیەکانی مرۆڤایەتی دایان دەماڵێت.

بۆرکهارت دەنوسێ:

لەبەرئەوەی دەکرێ جەماوەر گوشار لە سەرۆکەکانیان بکەن، بەهاکان (پێگە، دارایـی، ئایین، نەریتی بەرچاو و زانیاری باڵا) دەبێ بە دوای یەکدا ببنە قوربانی.

مانهایم دەڵێت:

تایبەتمەندی ئـازادی کۆمەڵگای جەماوەری دیموکراسی، بە گەشەی ئاست و خولیا بۆ بەشداری گشتی تێکڕا، نەك ژمارەی چۆنایەتی دەستەبژێران زیاد دەکات، بەڵکو دەستەبژێران لە تایبەتمەندی بێ هاوتا بێبەش دەکات، کە پێویستیان پێیەتی... دەکـرێ نەبونی سـەرۆك لە کۆمەڵگای جەماوەری لیبراڵی کۆندا دەرەنجامی خراپتربونی رەوتـی هەڵبژاردنی دەستەبژێران بزانین. دەبێت ئێمە بزانین لە کۆمەڵگای جەماوەری مۆدێرن، ئەم لایەنگری نەکردنەی تێکڕایی دەرفـەتـی سەرهەڵدان دەداتـە گروپەکانی مامەڵەی دیکتاتۆری.

لینین دەڵێت:

لە شوێنێك پشێوی ترسناك لە کرداری راستی دەسەڵات دەردەکەوێت، کە هزرەکانی جەماوەری بەسەر حکومەتدا زاڵبێت. ئەم پشێوییە حکومەت لاواز و تەنانەت توانای ئیفلیج دەکات.

بۆچونی ئـەم نوسەرانە لە کۆمەڵگای جـەمـاوەری بریتییە لە سێ لێکدانەوەی بنچینەیی:

1. یەکسانخوازی زۆرو زەوەنــد (لـە دەستچونی دەسـەڵاتـی بـاو)؛ 2. مەیلی زۆر بۆ پاڵپشتی شێوەکانی دژی ئەریستۆکراسیانەی حکومەت (داخـوازی دەسەڵاتی جـەمـاوەری)؛ 3. فەرمانڕەوایی جەماوەر (باڵادەستی

دەسەڵاتی درۆ). (کۆمەڵگای جەماوەری) لەم فەزای گوتارییە، دژی سیستەمی ئەریستۆکراسیانەیە. کۆمەڵگای جەماوەری بارودۆخێکە کە حکومەتە جەماوەریەکەی، یان راستەوخۆ یان بە هۆی خەڵك خەڵەتێنی پاڵپشتی تێکڕای خەڵك، جێی حکومەتی ئەریستۆکراسی دەگرێتەوە. ئەم بارودۆخە مانای یەکسانی بیروباوەڕە لە دیاریکردنی رێبازی کۆمەڵاتی. بۆیە کۆمەڵگای جەماوەری کۆمەڵگایەکی یەکسانخوازە کە جەماوەرەکەی سەرۆك لە رەگەزی خۆیان هەڵدەبژێرن، لە ئەنجامدا هۆکانی حکومەتی ناشایستە دەرەخسێنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە پێی رەخنەی ئەریستۆکراسیانە، نەبونی دەسەڵاتی زۆرینە تایبەتمەندی کۆمەڵگای جەماوەری نییە، کۆمەڵگای جەماوەری دیاردەیەکی نوێیەو ئەم بابەتە بەردەوام کەمتەرخەمە بەرامبەری.4 مانهایم لە بارەیەوە دەڵێت: لێکۆڵەرەوەیەك کە گۆڕانکاری وەك لە دەستچونی شێوازەکانی هونەری بەرجەستە، بەردەوام نەبونی هزری فرەکراو، یان ئاوابوونی سەرۆکی تاوتوێ دەکات، (ئەگەر لە میکانیزمە کۆمەڵایەتیەکانی کاربەدەست لەودیوو کارەساتە واتاییە نزیکەکان نەگات باوەڕ دەکات... کە بونەوەرە مرۆڤایەتیەکانی ئەم قۆناغە تواناو داهێنان و دەستپێشخەری کەمتری لە بونەوەری قۆناغەکانی رابردو هەیە). ئەوەی گۆڕاوە، پەیوەندی بنەمایی نێوان زۆرینەو کەمینەیە لە کۆمەڵگای جەماوەریدا، زۆرینە دەرفەتێکی زۆری بۆ هەڵدەکەوێ بە دەستوەردان لەو مەیدانانە بکۆڵنەوە کە پێشتر لە بەردەست کەمینە دابووە. ئەم دەرفەتانە مەیدان دەرەخسێنن تا زۆرینەی خەڵکی بێ دەسەڵات بە بڕیاردان لە رێبازە کۆمەڵایەتی و پێودانگە کەلتوریەکان بکۆڵنەوە.

لەم روانگەیەوە کۆمەڵگای جەماوەریە کە ناهاوتا بون و بژاردەیی دەستەبژێرانی نـاوی لە دەستدەچێت 5: گروپە باڵادەستەکان لەم بنەما کۆمەڵایەتیەدا بەردەستن. گەیشتنی زۆر بە دەستەبژێران لە رواڵەتەکانی وەك هەڵبژاردنی گشتی راستەوخۆو چـاوەڕوان بونی هاوبەشی زاڵبونی هـزری گشتی سەرچاوە دەگرێت. کاتێك دەستەبژێران بە ئاسانی دەست پێگەیشتوبن، جەماوەر گوشاریان لێدەکەن پەیڕەوی لە ئیرادەی تێکڕایی زووتێپەڕ بکەن: (دەنگەکانی جەماوەر، دەنگی زاڵـە) (لۆبۆن). بەمەش لە دەستچونی دەسـەڵات بەشێك لە دەستەبژێرانی جێگیر، بۆ بەشداری لە لێکدانەوەی رێبازە کۆمەڵایەتیە بنچینەییەکان، سەرچاوەی بۆ دەرفەتەکان دەگەڕێتەوە.6

لە سیستەمێکدا کە گەیشتن بە دەستەبژێران دارێکی ئەوەندە بەرزە خەڵك گوشار دەخەنە سەر دەستەبژێران و دەبنە کۆسپی بەردەم دەوربینینی کـردەی داهێنەرو بـەردەوامـی بەهاکانیان. خەڵك چـاوەڕێ نین لە رووی بڕیاردانی جیاواز گۆڕانکاری تایبەتی بکرێت. رای گشتی کە بە ئیرادەی تێکڕایی زووتێپەڕ لێکیدەدەنەوە، بە داوەری یەکسەر، هەروەها کۆتایی هەمو مەسەلە سیاسی و بژاردەکان دادەنرێت. بۆیە هیچ کەسێکی تایبەت دەسەڵاتی نییە، رەنگە هەر کەسێك لە نێوانگیری و هەوڵ بۆ کاریگەر بون بە سەر بڕیاردان، خۆیان بە خاوەن ماف بزانن.

هەر بەو شێوەیە، بانگەشەی رەخنەگرانی ئەریستۆکراسی ئەوەیە کە ناکرێ ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان بە بێدەسەڵات بزانی، بەڵکو سیستەم بێدەسەڵاتە. سیستەم بۆ لێکجیاکردنەوەی تاکەکان هیچ ئامادەکاریەك لە شیاوی کەسانی بێ دەسـەڵات نابینێت؛ لەم رووەوە نایاب بون و بەرزەتری (لە فەرمانڕەوایی، هونەر یان تێکڕای مەیدانەکان) نە بە ئاشکرا گەشە

دەکات، نە دەپارێزرێت. بارودۆخێك کە دەستەبژێران ناتوانن داهێنەربن و نە بە قوڵی کاریگەریان بەسەر کۆمەڵگاوە هەبێت، لە کاتێکدا ئەم کارانە لە دەست دەستەبژێران دێن: (تا هەنوکە کەمینەیەکی ئەریستۆکراسی هزری ڕێنمایی شارستانیەتەکانیان کردووە و هێناویاننەدی نەك جەماوەر. جەماوەر تەنیا تێکدەدەن و وێران دەکەن).

کاتێك بەشداری خەڵك کۆنترۆڵ نەکرێت، ئازادی و هەروەها دەسەڵات نامێنێت. بەزەین دەگات یەکسانخوازی دژی ئازادی تاك بێت، چونکە (ئازادی نەك ئیرادەی جەماوەر بەڵکو بەهۆی ئەریستۆکراسیانەی سروشتی دلێری و لە ڕێگەی گەورەیی و شکۆ - سەروتر لە زۆرینەی بێت - یاسای ئاکاری دەپارێزرێت).

بەڵام ئایا واقعیەتی پەتی چەندایەتی بەشداری فراوانی مەیدانی ڕێبازی کۆمەڵایەتییە کە ڕەفتاری دەستەبژێران و لەم راگوزەرە، ئازادی لە بەین دەبات؟ رەخنەگرانی ئەریستۆکراسی رەتی ناکەنەوە کە ئەگەر خەڵك تەنها لە مەسەلەی تایبەتی بە ڕێکوپێك و کۆنترۆڵکراو بەپێی کۆمەڵێك ڕێسا بەشداری لە پرۆسەی بڕیارداندا بکەن، دەستەبژێران لە بەشداری نابەجێ و نائاسایی جەماوەر دەپارێزرێن و دەتوانن کردەی بنچینەییان ئەنجام بدەن. بەم حاڵە پێیانوایە کە بەشداری خەڵك بە راستی بەم چەشنە نییە، بەم شێوەیە لۆبۆن بۆ شیکردنەوەی بەشداری خەڵك لە شوێنێك سود لە لێکدانەوەی وەك کارتێکراو، بێ ئاگا، هەڵنەسەنگێندراو، نا بەردەوام و هاوشێوەیان وەردەگرێت، کە دەستەبژێران بەردەستن. ئۆرتێگا بە راوێژێکی هاوشێوەی کەڕەمسۆیی جەماوەر قسە دەکات. ئەم رەخنەگرانەی ئەریستۆکراسی کۆمەڵگای جەماوەری بەڵگە دێننەوە ئازادی دەکەوێتە مەترسییەوە، کە خەڵك بە شێوازێکی شڵەژاو سەرکێش بەشداری پرۆسەی بڕیاردان دەکەن.

دەبێ لە ڕەخنەگرانی ئەریستۆکراسی بپرسی کە چۆن یەکسانی دەرفەتی بەشداری بە دەستێوەردانی ناهاوسەنگ و ناخودێتی، وەك نمونە لە مانگرتنە سیاسیەکاندا، دەشکێتەوە. ڕەنگە ئێمەش لەو باوەڕەدابین کە گەیشتنی زیاد بە دەستەبژێران مەرجی پێویستی ڕەفتاری جەماوەرە، بەڵام ئەمە مەرجێکی بەس نییە، چونکە لە وانەیە بێجگە لە دەستەبژێران بەهۆی گروپ و بەهاکانی خۆیان بۆخۆیان کۆنترۆڵی بکەن. واتا ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگا کە بەهاکانی خۆیان بە هەمان بەهای بنچینەیی سیستەمی یاسایی دەزانـن، شیمانە دەکرێ دەرفەتەکان بۆ لەسەر کار لابردنی دەستە بژێران نەقۆزنەوە. لەلاکەی تر، ڕەنگە خەڵکانێك بێزاری خۆیان بە سود وەرگرتن لە دەستگەیشترین ئامڕازی کـردە بۆ سەپاندنی ئیرادەی خۆی ئاشکرا بکات، کە لە کۆمەڵگا بونەتە بێگانە، بە کورتی دەبێت سەرچاوەی ڕەفتاری جەماوەری نەك تەنیا لە بنەمای دەستەبژێران، بەڵکو لە بنەمای هاوڵاتیان و هەلومەرجی نزیك بە ژیانی تایبەتی جەماوەری بۆی بگەڕێی کە ڕەفتاریان جەماوەریانەیە. دەستەبژێرانی کـراوەو جەماوەری، دەتوانن دەرگـا بۆ بەشداری ناخودێتی و نا هاوسەنگ لە ئەنجومەنە ژیاریەکانی کۆمەڵگای کـراوە بکەنەوە، بـەڵام ناتوانن بۆ ئـەم کـارە ناچاریان بکەن. ڕەخنەی دیموکراسی بارودۆخێك دیاری دەکات کە خەڵکەکەی بەرەو کاری جەماوەری هاندەدرێن، دەکرێت روانگەی ئەریستۆکراسیانەی کۆمەڵگای جەماوەری لە هەژمارکردنی ئەو پێگانە بەهێز بێت.7

لە دەستچونی هاوپەیوەندی لە کۆمەڵگای جەماوەری

لە روانگەی دیموکراسییەوە، مەترسی کۆمەڵگای جەماوەری زیاتر لەوەیە کە چۆن دەکرێت دەستە نەبژێران دەسەڵاتی دەستەبژێران بپارێزن

و نەك چۆن دەستەبژێران جەماوەر بپارێزن. ئەم جیاوازیە بەشێکە لە جیـاوازی گـەورەتـر کە ئـەم دوو روانگەیە لێکجیادەکاتەوە: لە لایـەك، هۆگری دەرفەتەکان و کـردەوەی کەمینەو لەلاکەی دی، هۆگری دەرفەتی بـاو بۆ زۆریـنـەی خەڵك لە رووی بـەشـداری لە ژیانی کۆمەڵی. روانگەی ئەریستۆکراسیانە، لێکدانەوەی رێبازی کۆمەڵایەتی گـەورەی لە چێوەی بەرپرسیەت و دەسەڵاتی کەمینە دەزانێت، لە کاتێکدا روانگەی دیموکراسی بە ئاماژە دەردەبڕێت کە بە شێوەیەکی بە زەبر هەمو ئەندامانی کۆمەڵگا لەم بەرپرسیەتە بەشدارن.

رەخنەگرانی ئەریستۆکراسی، سەرچاوەی لە دەستچونی ئـازادی بە سەرهەڵدانی بەشداری جەماوەری دەزانن لەو مەیدانەی کە پێشتر بەردەستی تاکەکانی دەسـەڵات بو. کۆمەڵگای جەماوەری بارودۆخێکە کەمینە، لە ژێر دەسەڵاتی زۆرینەدایە. رەخنەگرانی دیموکراسی سەرچاوەی لە دەستچونی ئازادی لە ئامادەیی جەماوەر لەو مەیدانانە دەزانن کە پێشتر پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی گروپ و تاکەوە هەبو: کۆمەڵگای جەماوەری بارودۆخێکە زۆریـنـەی لە ژێـر هەیمەنەی کەمینەدایە. کـورت وکرمانجی بۆچونێك، کۆمەڵگای جەماوەری دیموکراسی بێ سنور (بە لێکدانەوەی ئۆرتیگا (پۆست دیموکراسی)) دەزانێ و ئەوی دی حەتمی بێ سنور دەیخوێنێتەوە.

دیـارە هەنوکە دوو لێکدانەوەی پێکەوە بەستراون. هانا ئارێنت، لە بارەیەوە دەڵێت: (تێکڕای بەرهەمە نوسراوەکانی رەفتاری جەماوەری و دەروونـزانـی جەماوەری، حیکمەتی سەردەمی کۆن، واتا نزیکایەتی نێوان دیموکراسی و دیکتاتۆری و نزیکی نێوان فەرمانڕەوایی شەقاوە و حەتمیەتی پیشانداوە و کردویەتیە گشتی. بۆچونی سەرەکی شرۆڤـەی ئارێنتە کە نزیکایەتیەکی وا بە چەمکی کۆمەڵگای جەماوەری دەستدەکەوێ؛ بەڵام

ڕاستە کە دیموکراسی بێ سنور حەتمیەتی بێ سنور نییە، تەنانەت ئەگەر کارێکی لەم چەشنە ڕووبدا هەنوکە دەبێت ئاشکرا بکرێ، کە چۆن تیۆری کۆمەڵگای جەماوەری لەوانەیە ئەم پەیوەندییە دەستنیشان بکات.

جیاوازیەکی تری نێوان دوو ڕوانگەی کۆمەڵگای جەماوەری، ئاکامی یەکسانخوازی لە بەرچاو دەگرێت. ڕەخنەی دیموکراسی نە یەکسانی پێگەکان لە خۆیدا بە تێکدەری ئازادی دەزانێ و نە بۆ داکۆکی لە ئازادی سەرنجی لەسەر دەستەبژێرانە. لەم ڕوانگەیەوە، تایبەتمەندی سەرەکی جەماوەر بێ بەزەیی و دواکەوتوویی بەوجۆرە نییە، کە ڕەخنەی ئەریستۆکراسیانە بانگەشە دەکات، بەڵکو گۆشەگیری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بێ شێوە و بەسەریەکدا تەپیووە. ئەوکاتە دەکرێ ڕەفتاری جەماوەری بە ئەندازەی تایبەتمەندی خەڵك پێگەی گرنگی باڵای هەبێت کە تایبەتمەندێتی تاکەکانی چینی خوارێ: (کەسانی زۆر هەڵکەوتوو خاوەن ئاوەز بە تایبەتی {لە ئەورووپای دوای شەڕ} کێشدەکرێنە جوڵانەوە جەماوەریەکانەوە).

لە ڕەوتی شۆڕشەکانی نازی و بەڵشەفیکی، لەگەڵ تێکدانی دوابەدوای دیموکراسی سیاسی، دەستەبژێرانی دەسەڵاتدار لە سەر کار لابراون. ڕەخنە گرانی دیموکراسی لەسەر هەڵدانی شیمانەیی دەستەبژێرانی جێگرەوە نیگەرانن.

کۆمەڵگای تاکخوازی خاڵی قورسی ئەم هزرەیە. کۆمەڵگای جەماوەری بارودۆخێکە، ئاپۆرەی تاکەکانی بەهۆی پەیوەندییان بە دەسەڵاتێکی هاوبەشەوە پەیوەندییان پێکەوەیە، بە تایبەت دەوڵەت. واتا تاکەکان لە گروپی سەربە خۆی جیاجیا ڕاستەوخۆ پێکەوە بەستراو نین. لەم هەلومەرجەدا، دانیشتوان نە لە گروپی دەسەڵاتدار جیادەبێتەوە و نە لە توخمەکانی ناخی، چونکە لێکجیاکردنەوە پێویستی بە زۆرینەی دامەزراوە سەربەخۆ، تەنانەت

لێکدژەکانە کە هەریەکەیان بۆ نەهێشتنی مەترسیەك وەك پێویست بە هێزبن کە ئاڕاستەی سەربەخۆیی تاکە، بەڵام بە باوەڕی ئەم تیۆرداڕێژانە، ڕێك لاوازو نەمانی گروپی کۆمەڵایەتی وەها، لە یەکسانیان زیاترە، کە تایبەتمەندی کۆمەڵگایەکی جەماوەری پێکدەهێنێت. پێیانوایە خەڵك شایستەی ئەوە نین بتوانن ڕەفتاری خۆیان و ئەوانی دی کۆنترۆڵ بکەن. تاکخوازی بونی کۆمەڵ، هەستی نامۆیی و شڵەژانی بە هێز بەدی دێنێ. بۆیە تاك بۆ ڕزگاری لەم گرژی و ئاڵۆزیانە هۆگری ڕەفتاری زێدەڕۆیی دەبێت. لە کۆمەڵگای جەماوەری، ئامادەیی هەرچی زووتر بۆ هێنانەدی خۆشەویستی زۆر بۆ سیمبول و سەرۆك هەیە. (دەکرێ وەفاداریەکی وا لە کەسانی گۆشەگیرو بێ پەیوەندی کۆمەڵایەتیتر چاوەڕوان بکرێت .... دەکرێت کەسانێك بە هۆی ئینتما بۆ جوڵانەوەیەك هەست بکەن لەم جیهانەدا پێگەیان هەیە.) وەفاداری کامڵی بنەمای دەروونزانی دەسەڵاتی تەواو، واتا تۆتالیتاریزمە.

سێ زاراوەی بنچینەیی هەیە کە بە ناوەوەیی لە ڕەخنەی دیموکراسی لە کۆمەڵگای جەماوەری دەخرێتەڕوو: 1. تاکخوازی بونی زۆرو زەوەند (لە دەستچونی هاوپەیوەندی)؛ 2. ئامادەییەکی زۆر بۆ قبوڵکردنی ئایدۆلۆژیە نوێیەکان (خوازیاری هاوپەیوەندی نوێ)؛ 3. تۆتالیتاریزم (دەسەڵاتی هاوپێوەندی درۆ). لەم گوتارەدا، کۆمەڵگای جەماوەری بە بارودۆخێك دەوترێ کە دەسەڵاتی دەستبژێرانی جێی دەسەڵاتی دیموکراسی گرتۆتەوە. کۆمەڵگای جەماوەری بە واتایی بۆتە کۆمەڵگای تاکخوازو بەشێوەیەکی زەینی دانیشتوانێکە بۆتە بێگانە. بەمەش کۆمەڵگای جەماوەری سیستەمێکە دانیشتوانی بۆ ئامادەبون بە ئاسانی بەردەستی دەستەبژێرانن.

کاتێك دەستەبژێران بە ئاسانی دەگەنە جەماوەر کە ژیانی کۆمەڵی سەربەخۆ بێت. زاراوەی جەماوەر (بە خەڵکانێك دەوترێت کە... ناکرێ لە ڕێکخراوێکی لەسەر بنەمای بـەرژەوەنـدی هاوبەش، لە حزبی سیاسی، یان حکومەتی ناوخۆیی، یان لە ڕێکخراوە پیشەییەکاندا، یان یەکێتیە کرێکاریەکان پێکبێنی.) نەبونی پەیوەندی سەربەخۆ، نامۆیی کۆمەڵایەتی فراوانی لێدەکەوێتەوە. نامۆیی حەزو پەنابردنەبەر جوڵانەوە جەماوەریەکان زیاد دەکات، چونکە جوڵانەوەکان هۆکاری بێزاری لە بارودۆخی هەبو مژدەدەری جیهانی جیـاوازن. بە کورتی جەماوەرێك بە ئاسانی تەیار دەبـن کە بونە تاکخواز. تۆتالیتاریزم دۆخێکی ئامادەیی تەواوە، بۆیە کۆمەڵگای جەماوەری لە بەرامبەر جوڵانەوەو ڕژێمە تۆتالیتارەکان بە توندی زیانی بەردەکەوێت.

دەبێت لە ڕەخنەگرانی دیموکراسی بپرسی کە ئایا کۆمەڵگای جەماوەری وەك پێویست کۆمەڵگایەکی تۆتالیتارە یـان ڕەنگە وابێت. ڕەخنەگرانی دیموکراسی تۆتالیتاریزم بە کۆمەڵگایەکی جەماوەری لێکدەدەنەوە، چونکە دەسەڵاتی دەستەبژێران مانای سەرەکی بۆچونیان لە تۆتالیتاریزم دەبێت کە بەپێی دانێشتوانێکی ئامادەکراو وەستاوەتەوە. بەم حاڵە حەزدەکەن کۆمەڵگایەك ناوبنێن کۆمەڵگای جەماوەری، کە لە بەرامبەر تۆتالیتاریزمدا لاوازە. وەك نمونە، نـاوی دەنێن ئەڵمانیای سەردەمی وایـمار و ئەڵمانیای سەردەمی نازی. کارێکی وەها مەسەلەی سیمبولی دەرکەوتنی ئەم حکومەتانە دادەپۆشێت، چونکە چەند هۆکارێك وەك پێویست هەمان هۆکار نین کە دەبنەهۆی بەردەوامی و مانەوەی ڕژێمە تۆتالیتارەکان لە کاتی زەوتکردنی دەسـەڵات کە مەیدان بۆ پێکهاتنی جوڵانەوەکانی تۆتالیتار لە دیموکراسی سیاسی دەڕەخسێنێت. دەبێت جیاوازی بکەین لە نێوان کۆمەڵگای جەماوەری و کۆمەڵگای تۆتالیتار.

ئێستا دەبێت لێکیبدەینەوە، ئەوجۆرەی کە تیۆرداڕێژەرانی دیموکراسی بە ئاماژە دەڵێن، ئایا دانیشتوانێکی بەردەست هەلومەرجی هاوکاری پێکهاتنی جوڵانەوە جەماوەریەکان بەدی دێنێت؟ لانیکەم سێ بەڵگە هەیە کە روونیدەکاتەوە سەرباری مەرجی بەردەست بونی دانیشتوان، گەیشتنی باڵا بە دەستەبژێرانیش پێویستە. یەك بۆ ئامادەکردنی جەماوەری بەردەست، بکەرانی ئامادەکاری وەك نمونە، وتەبێژان و رێکخراوە کۆمۆنیستەکان دەبێ پەیوەندی بە ژمارەیەکی زۆری خەڵکەوە بکەن.

ئەم کارە پێویستی گەیشتنە بە کەناڵەکانی پەیوەندی، ئەگەر رێگای گەیشتن بە دەسەڵات کراوە نەبێت، تامەزرۆیەکی کەم بۆ ئامادەبوون و هاندانی جەماوەر دەبێت، لەم مانایەدا دەکرێ دەستەبژێرانی بەردەست وەك موگناتیس، دەربارەی سەرۆکانی تۆتالیتاری داهاتوو جەماوەری ناڕازی رەفتار بکەن. خەڵکی ئاپۆرە (واتە کۆمەڵێکی بێ شێوەو پێکەوە بەستراو) لە بەرامبەر ئامادەییەکی زۆر زیان هەڵگرە، گەر گەیشتن بە هۆکارەکانی پەیوەندی و دەسەڵات هەبێت، دژی دەستەبژێران (وەك سەرۆکانی کۆمۆنیستی) ناتوانن دەرفەت بۆ جڵەوکردنی تێکڕای دەسەڵات بێنن.

دوو سەرکەوتنی جوڵانەوەی تۆتالیتار پەیوەندی بە زەرەمەندی دەستەبژێرانەوە هەیە. نابێت دەستەبژێرانی بەردەست یەکسان بە دەستەبژێرانی زەرەرمەند بزانی، بۆیە بە هێزی و لاوازی دەستەبژێرانی سەربە هۆکاری جیاواز لە پلەی پێگەیشتنیانە. دەستەبژێرانی بەردەستی زەرەرمەند لە دەستەبژێرانی کە بەردەست نین. کاتێك گەیشتن ئاستی نزم بێت، دەستەبژێران بە شێوەیەکی رێژەیی لە گوشاری خەڵك پارێزراون، بە شێوەیەك کە جوڵانەوە جەماوەریەکان بە بێ دەستەبژێرانی روخێنەرو درز نانەوە وردە وردە لە بەین دەبرێن.

بەڵگەی سێیەم دانیشتوانی بەردەست خۆی لە خۆیدا دەسەڵاتی دەستەبژێران بەدی ناهێنن، رژێمی تۆتالیتار بەهۆی دەستەبژێرانی تازە جێگیر دەبن کە بە سەرکەوتوویی دانیشتوانی بەردەستیان ئامادە کردووە، بەڵام ئەگەر لە راستیدا تاکە مەرج و پێگەی کارێکی وەها دەستەبژێرانی نوێ دەسـەڵات بگرنە دەسـت، چۆنە دەسەڵاتی تێروتەسەلیان بە دەست نەهێناوە؟ کە دەستەبژێرانی کۆن، لەم پێگەیە بەهرەمەند (واتە، دانیشتوانی تاکخوازی بەردەست بۆ ئامادەکردن) بـون، بە رواڵـەت دەستەبژێران بە هۆی پەیوەندی و بەهاکانیان خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن. دەستەبژێرانی کۆن بە گشتی بێ ئیرادە و توانای ئامادەکردنی دانیشتوانێکی گەورە بون، چما کاتێك بونی سیستەمی کۆمەڵایەتی، بۆ نمونە لە سەردەمی شەڕ یان شۆڕش، بکەوێتە مەترسییەوە، واتا جوڵانەوەی تەیارکراوی ژێر رێنمایی نوێنەرانی دامەزراوەکان مەیلی ئەنجامدانی چالاکی سەربازیان دژی دوژمنانی ناوەوەو دەرەوە هەبێت. رەنگە جوڵانەوەیەکی جەماوەری لەم چەشنە لە کاردانەوە بە ئامادەکردنی هێزەکان لە لایەن میللەتێکی دیکە یان گروپی شۆڕشگێڕو یان لە کاردانەوە بە چاوەڕوانی ئامادەکردنێکی وەها دووژمنان ئەنجامییان دابێت. لە هەلومەرجێکی وادایـە کە رەنگە کۆمەڵگای جەماوەری لە ژێر ئـاڵای سەرۆکی زیاتر یاسایی (تا دژی یاسا) بـەرەو تۆتالیتاریزم بجوڵێن. سیمبۆلی (دەوڵەتی بارەگایی) رێك دۆخێکی ئامادەکردنە کە دەستەبژێران وەك ئاسایشی نیشتمانی بەرپایان کردووە.

بێگومان سەرهەڵدانی (دەوڵـەتـی بارەگایی) کاتێك مەیسەرە کە کۆمەڵگای جەماوەری دامەزرابێت. بـەڵام چەند هۆکارێك دەبنە کۆسپی بەردەم دەستەبژێران بۆ ئامادەکردنی دانیشتوان (بێجگە لە هەلومەرجەکانی شـەڕ). یەك ئەم دەستەبژێرانە بەشێکی رەوتـی لە کـاردان و لە بنچینەدا

پێشی لایەنگریەکانی رۆژانـە دەگرێت. کردەگەرێتی پێویستی بە سازدانی رەتـکـردنـەوەی شێوەی چالاکی رۆژانـەیـە. بۆیە دەیـەوێ لـەو گروپانەدا دەورببینێت، کە دەسەڵاتیان تایبەتە بە رێکارە باوەکان. کارێکی وا پێویستی بە دەستبژێرانی نوێی بە دەر لەو چوارچێوانەیە کە پێویستی بەشداری بە دامەزراوەیین بۆ کۆکردنەوەو تەیارکردنی کردەگەرێتی باو. دەستەبژێرانی تۆتالیتار، وەك شێوەیەك لە سەرۆکی کاریزمایی، لە قەڵەمڕەوی پڕۆسەکانی رۆژانەی ژیان دوور بووە و (بە هەمو رێساکان نامۆن).

بونی رکابەرێتی لە سەر سەرۆکایەتی، بەڵگەیەکی دیکەیە کە بۆچی دەستەبژێرانی هەبو بە دەگمەن دانیشتوانێکی گەورە هاندەدەن. ململانێی سەرۆکان لە بری میکانیزمی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی یەکتری رەفتار دەکەن، وەك ئەو هەوڵانەی کە بۆ ئامادەکردنی جەماوەر لە رووی گەشەپێدانی دەسەڵات دەدرێت.

سەرباری دەستەبژێرانی هەبو بە هۆی بەڵێنە بەهاییەکەیان کۆنترۆڵ دەبن. زۆرتر لە مەیدانی پاراستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی بە هێزن، چونکە پێگەکانیان بەهۆی بەها جێگیربووەکان رەوا دەبن. زۆرجار تاکی سەرکەوتوو بـەردەوام زیاتر مەیلییان لە رەچاوکردنی رێسای یارییە. رەنگە گەیشتن بە پێگەی ئاستی باڵا لە هەستکردنی بەرپرسیەتی زۆرو ئاگاداربون لە بەهای دامەزراوەکان بگێڕێتەوە و ببێتە هۆکاری.

بەمەش ئامادەیی خەڵك بە گشتی کارێکی دژی دەستەبژێرانە، چونکە نە پابەندی سیستەمی کۆمەڵایەتین و نە گرفتاری چوارچێوەکانی سەرچاوەگرتوی بەشداری هاوسەنگی دەسـەڵات. ئەم دژی دەستەبژێران بە ناچاری لە بونی هاوپەیمانانێك لە ناو جـەمـاوەرن، چونکە ئەمە تاکە رێـی دەستەبەرکردنی دەسـەڵاتـە لە کۆمەڵگای جـەمـاوەریـدا. ئاقیبەت،

دەستەبژێرانی فەرمی لە کۆمەڵگایەکی جەماوەری نەك ناتوانن دانیشتوانی گەورە ئامادە بکەن، بەڵکو توانای پێویستیان بۆ پاراستنی ڕێکخراوەکەیان نییە، لەبەرامبەردا کەلێنی ڕەخنەی دژی دەستەبژێرانی مکوڕ بە تێکدانی ڕژێمی هەبون.

سەرباری، دەکرێ بەم چەشنە ئەنجامگیریەکی بکرێ کە خەسارناسی باڵا لەبەرامبەر ڕەوتـی گەشەی تۆتالیتاریزم، بـەوە گریمانەکراوە کە دەستەبژێران و هاوڵاتی بەردەست بن. قوربانی جوڵانەوەیەکی تۆتالیتاری ڕوو لە گەشەی جەماوەری، هەروەها دەستەبژێرانی بێ پارێزەر و ڕووت پێکدەهێنن. چوونە نـاوەوەی دەستەبژێران بە هۆی جوڵانەوەی تۆتالیتاری سەرکەوتوو (بە هەمانجۆر کە نازیەکان چوونە ناو حکومەتی وایـمارەوە) لە سەرەتای یەکەم ئاماژەی بەردەست بونیەتی، بەڵام پاراستنی دانیشتوان لە دۆخی ئامادە لە لایەن دەستەبژێرانی تایبەتی (تۆتالیتار) پێویستی بە بـەردەسـت بونی دەستەبژێری کەمە؛ ئەگینا گروپی بـاڵادەسـت ناتوانێ دەسەڵاتی بپارێزێت.

بـەم شێوەیە، چەمکی کۆمەڵگای جـەمـاوەری بـۆ ئاشکراکردنی وەرچەرخانی کۆمەڵگای دیموکراسی بۆ کۆمەڵگای تۆتالیتار وەك پێویست ئاماژە بە دەستەبژێرانی بەردەست دەکـات. دەبـێ ڕەخنەی دیموکراسی لە کۆمەڵگای جـەمـاوەری بە تیۆری (دەستەبژێرانی بـەردەسـت) تـەواو بکرێت، کە ڕەخنەگرانی ئەریستۆکراسی خستیانەڕوو. ئێستا ئاشکرایە کاتێك هاوڵاتیان بەهۆی لەکیسچونی هاوپەیوەندی بەردەست بن، ئاکامی نەرێنی دەستەبژێرانی بەردەستیش خێرا زیاد دەکات کە ڕەخنەگرانی ئەریستۆکراسی پێشنیازی دەکەن.

تیۆردارێژەرانی ئەریستۆکراسی پێیانوایە هەرکە خەڵك دەرفەتی

بەشداری دیاریکردنی ڕێبازی کۆمەڵایەتیان هەبێت، بە شێوەیەکی کاولکارانە کارێکی وا ئەنجام دەدەن، بەڵام دەرفەتی بەشداری بەرفراوان لە کۆمەڵگای خۆی لە خۆیدا ئەو کردە جەماوەرییەی لێ ناکەوێتەوە کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەهامەندی کەلتوری ناتوانن جڵەوو سنوریان بۆ دابنێن. نەك هەمو ئەندامانی کۆمەڵگا، بەڵکو خەڵکانی ئاپۆڕەکان حەزدەکەن سود لە دەرفەتێك وەرگرن کە دەستەبژێرانی بەردەست ڕەخساندویانە و جڵەوپچڕاو بۆ کاریگەربون بە سەر پێوەرە جەماوەرییەکانی تێکڕای مەیدانەکانی کۆمەڵگا. ئەم کارە بە دوو بەڵگە ڕاستە، یەك، کاتێك ژمارەیەکی زۆری خەڵك وەك ئەندامی جەماوەرێك پەیوەندییان پێکەوە هەبێت، زیاتر گوشار لە دەستەبژێران دەکەن، تا ڕازیان بکەن، کە پێشتر بەهۆی جۆرەها گروپی میانڕەو دەخرێتەڕوو. دوو شیمانە دەکرێ ڕاستەوخۆ و بێ هۆ کاری وا ئەنجام بدەن، چونکە گروپە میانڕەوەکان کەمێك بۆ مەبەستدارکردن و لە هێڵەکدانی بەشداری جەماوەری لە کۆمەڵگای گەورەتر هەیە، لەئەنجامدا بەشداری جەماوەری ناعەقڵانی و جڵەو پچڕاو بە خۆوە دەگرێت، چونکە کەم مەسەلە هەیە ڕەنگە بەهۆی ئەزمونی کەسی و تاقیکردنەوەی ئەوانی دی لێیان بڕوانرێت. کاتێك خەڵك پەیوەندیان بە گروپە سەربەخۆکان پتەو نەبێت، دەکەونە بەردەم جۆرەها مەترسی و (شێوازەکانی دەستێوەردانی کردەخواز) دەکەونە کۆمەڵگای گەورەترەوە. بەشداری لە کاتە دیاریکراوەکان و بە شێوازی یاسایی بۆ بەرژەوەندی دیاریکراو وەك نمونە، لە ڕێگای یەکێتییە کرێکارییەکان و ئەنجومەنە بازرگانیەکان، یان لە هەڵبژاردنەکان شتێکەو هاتنە ئارای ڕەوشی شێوەی تایبەتی و تایبەتمەندی گوشاری ڕاستەوخۆ بۆ ئەنجومەنە هەستیارەکانی کۆمەڵگا، وەك (بەزۆری زەوتکراوی) ئەنجومەن، سود وەرگرتن لە باندی سیاسی سەرشەقام و

دڵڕەقی لەگەڵ ئەوەشدا، شتێکی دیکە. تیۆر داڕێژەرانی ئەریستۆکراسی لە جۆری دووەمــی چالاکی بەکۆمەڵی دەترسن، بەڵام لەم بۆچوونە هەڵەدان کە هۆی بەردەستی یەکسانی دەستەبژێرانە: دەبێت بەردەستی فراوان بە تاکخواز بونی کۆمەڵیش هەبێت.

بەمەش، هەر بۆچوونێك لە کۆمەڵگای جـەمـاوەری بۆ تـەواو بون، پێویستی بە بۆچوونێکی دیکەیە. ئەم دوو بۆچوونە بەتەنیشت یەکەوە بنەمای تیۆرێکی تێکڕایی دەربارەی کۆمەڵگای جەماوەری دەڕەخسێنن.

## بەشی نۆیەم
## کەلتور و کەسایەتی لە کۆمەڵگای جەماوەری

کۆرن هاوزەر

تەنیا لە رووی ماهیەتەوە بنەما کۆمەڵایەتیەکەی کۆمەڵگا ناناسن، بەڵکو دەبێت لە چۆنایەتی کەلتورو کردەی دەروونناسانەی ئەندامەکانیشی ئاگاداربێت. پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەك مەیلییان لە بەهرەمەندی رەوایەتی کەلتوری و پاراستنی دەروونناسانەیە. ئەم وتارە هەوڵدەدات تایبەتمەندی کەلتوری و دەروونناسانەی چوار جۆر کۆمەڵگا دەستنیشان بکات و پیشانی بدا کە چۆن ناکرێت تایبەتمەندی کەلتوری و دەروونناسانەی کۆمەڵگای جەماوەری مەیدانی پێویست بۆ پێکهاتنی دامەزراوەکانی دیموکراسی بڕەخسێنێت.

### تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای جەماوەری

نەبونی گروپی ناوخۆیی جیاجیا یان نەبونی فرە کەلتوری پەیوەندیی و لەسەر هەمان پێودانگ، بونی پەیوەندی جەماوەری سەر بە ئامادەیی پێوەرە جەماوەریەکان. کاتێك پێوەری جەماوەری شوێنی کەلتوری ناوچەیی بگرێتەوە بنەمای کەلتوری و وەفاداری چەندلایەو زیادبونی رەوایەتی

جـەمـاوەری، بـەردەسـت بونی دانیشتوان لاوازتــر دەكـات، هـەروەهـا بە لاوازكـردن و كەمكردنەوەی بەهای پێوەرەكانی دەستەبژێران و ڕەوایەتی دەسەڵات، دەستەبژێران زیاتر بەردەست دەبن. پێوەرە جەماوەریەكان وەك بنەمای هەیمەنەو سازدانی ژمارەیەكی زۆری خەڵك بە ئاسانی لەلایەن دەستەبژێرانی جەماوەرخواز بەكار دەبرێن.

سەرباری كۆمەڵگایەك مەیدانی كەلتوری بە هێزی بۆ داكۆكی لە دامـەزراوە بنچینەییەكان، بە تایبەتی دیموكراسی لیبراڵ نییە، كە پێوەرە جەماوەریەكان تایبەتمەندێتی، بۆ شرۆڤـەی ئەم بەڵگەیە دەبێت سەرەتا پێناسەی پێوەرە جەماوەریەكان بكەین.

ڕەخنەگرانی كەلتوری جـەمـاوەری بـە گشتی كۆكن كـە پێوەرە جەماوەریەكانی چوونیەكن (واتــە، هاوشێوە و یـەك ریتم) و هاوكات ناجێگیر (واتــە، بە ئاسانی دەگـۆڕێـن). جـیـاوازی كەلتوری پێویستی بە جیاوازی كۆمەڵایەتییە. كۆمەڵگای جـەمـاوەری دەبێتەهۆی لەكیسچونی ژیانی كۆمەڵی، مەیدانی چوونیەكی كەلتوری ئاسان دەكات. ئەم چوونیەكە نـەك هاوشێوەكردنی واقعی پـێـوەرەكـان دەگـرێـتـەوە، بەڵكو ڕەهەندی بەهامەندیشی هەیە. چوونیەكی لە سیاسەت، ڕەوایـەتـی كەلتوری لە چوارچێوەی پۆپۆلیزم بە دەست دێنێت. (باوەڕ بە متمانەو ڕاستی خۆیی و بێهۆی ئیرادەی خەڵك) گرنگە. چوونیەكی بـاوەڕ لە نێوان ژمارەیەكی زۆر لە خەڵك پێوەری بنچینەییە، پێوەرێك كە دەربـارەی بەها باوەكان، پێوەری پیشەیی و سەربەخۆیی دامـەزراوەیـی لە سەرترە. پۆپۆلیزم هۆو هۆكاری كۆمەڵگای جەماوەرییە. ناوەوەیی بونی باوەڕ بە متمانەی خۆیی و بێهۆی هزری جەماوەر، خەڵك بۆ چالاكی لە جوڵانەوەی جەماوەری هاندەدات، جوڵانەوەگەلێك كە هەوڵدەدەن ڕێبازو كارمەندەكانی هەمو دامەزراوەكان

دیـاری بکەن. بۆ نمونە، مـەك کارتیزم8 وەك جوڵانەوەیەکی جەماوەری هەوڵیدەدا پەلاماری ڕێبازو سوپا، وەزارەتـی کاروباری دەرەوە، ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز، زانکۆی هارڤارد و دامەزراوەکانی دیکە بدات.

ســەرەڕای، پـێـوەرە جەماوەریەکان گـۆڕاوو ناجێگیرن. هەرکاتێك پێوەرەکان بەهۆی ژمارەیەکی زۆرخەڵك دیاری بکرێن، مەیلییان لە گۆڕانی ناوەڕۆکە. سەرباری کاتێك ژمارەیەکی زۆر خەڵك وەك ئەندامی کۆمەڵێکی پێکەوە بەستراو جیانەکراوە (جەماوەر) پێوەرەکانی دیاری بکەن، ئەوکاتە گۆڕانی نـاوەڕۆك زیاتر جۆری جیابووەوە دەبـن، بۆ نمونە پێوەرە ڕەهاکان لەگەڵ شێوازی ژیانی خەڵك لە پێگەی ئەندامانی چینە کۆمەڵایەتیەکانی جیاکراوە دەبێتە هۆی گۆڕانی بەردەوام. ڕەنگە کتوپڕ لە کاتێکدا پێوەرەکانی هاوتای کردەی خەڵك لە پێگەی ئەندامی جەماوەرێك و پێشبینی نەکراو، وەك شەپۆلەکان و هەڵکشانەکان، بگۆڕێن.

بــەم حاڵە ڕەنـگـە ئـەو پـێـوەرانـە وەك پێشنیاری زاڵ بـۆ ژیانی کۆمەڵگایەك بمێنێتەوە کە بەپێی حەزی جەماوەر دیـاری دەکرێن. بەهۆی ڕێکخراوی جەماوەری بپارێزرێن و بەردەوامی بەم بنەمایە بـدەن. پێوەرە جەماوەریەکان، جێی پارێزگاری ئەو ڕێکخراوانەیە کە خەڵك بە ئەندامی دانیشتوانێك یان بازاڕ (جەماوەر) جیانەبۆوە دەزانن.

ئەم پێوەرانە لەم ڕووەوە پاڵپشتی ڕێکخراوی جەماوەرین کە بەهۆی میدیای پەیوەندی جەماوەری یان سەرکەوتنی سیاسی حزبە جەماوەریەکان و هاوشێوەی بۆ سەرکەوتنی بازرگانی هاوکاری پێکهاتن و پاراستنی دانیشتوانی ئاپۆڕەی ناوبراو دەکات.

پەیکەری مانا کە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی وەك پێویست ئەفرێنەری یەکسانی جـەمـاوەری یـان داوایـەکـی زۆری بۆ یەکسانی سیاسی نییە، تا

یاسای یەکسانی بۆ سڕینەوەی هەمو جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان بە هەڵە وەرنەگیردرێن، کۆمەڵگای دیموکراسی بە توندی سەرکوتی فرەیی کەلتوری نەکردووە، تەنانەت کە ئیمتیازاتی چینایەتی پتەو بۆ گەشەی دیموکراسی نامێنن، زۆرجار شێوەی دیکەی جیاوازی کۆمەڵایەتی و یەکسانخوازی گەشە دەکەن، بەمەش چونکە خەڵك وەك بەشداربون لە جۆرەها گروپی سەربەخۆ، هەڵبژاردنی سیاسی ئەنجام بدەن، حکومەتی زۆرینە لەمەیدانی سیاسەت بە ناچاری پۆپۆلیزمخوازانە نابێت. زۆرینەخوازی کۆمەڵایەتی فرەیی و زۆرینەی مەیدانی کەلتورو سیاسەتی لێدەکەوێتەوە. هاوکات پەیوەندی نێوان وردە کەلتورە جیاجیاکان، پێوەرەکان زۆر دەگـۆڕن، بە هەمانجۆر کە خەڵکی کەلتورە جیاجیاکان بــەردەوام بە یەکەوەو بە پێوەری فرەجۆرو زۆرجـار لێکدژ لە پەیوەندیدان. سەرباری، گۆڕانخوازی و فرەجۆری پێوەری بەهایی لە حکومەتی زۆرینەدا هەیە. ئەم گۆڕانخوازی و فرەجۆری دەستەبەری هاوڕایی بۆ سیستەمی زۆرینەخواز زەحمەت دەکات.

کۆمەڵگای کۆمەڵی لە مەیدانی دەستەبەری هاوڕایی رووبــەڕوی کێشەیەکی وانەبۆتەوە، چونکە نەریت پێوەرەکان جێگیر دەکـات. هاوکات پێوەرەکان بە هۆی پێگەشەوە لێکجیادەبنەوە. پێوەرەکانی پێگەیەك (وەك پیاو ماقوڵان) جیاوازە لەو پێوەرانەی کە بۆ پێگەیەکی تر (وەك جوتیاران) پابەندکەرن، لەگەڵ ئەوەشدا جێگیر بونی پێوەر لە کۆمەڵگای کۆمەڵی زیان بە شایستەیی نوێکردنەوەو تەبایی سەرکەوتنە نوێیەکان دەگەیەنێت، وەك کاریگەری کەلتورێکی نامۆ بە سیستەمی کۆمەڵی پێشتر گۆشەگیر.

پێوەرەکان لە کۆمەڵگای تۆتالیتار تایبەتمەندیەتی جێگیربوویان هەیە، چونکە بەهۆی دەستەبژێرانی سیاسی بەهرەمەند لە قۆرخکردنی دەسەڵات دیـاری دەکرێن. سەرباری پێوەرەکان چوونیەك و هاوشێوە دەبـن، چونکە

دانیشتوان لە روانگەی کۆمەڵایەتی لێکجیانەکراونەوە، ئەگەر پێوەرەکان چوونیەك نەبون، دەستەبژێران نەیاندەتوانی بۆ کۆنتڕۆڵ و ئامادەکردن سودیان لێوەرگرن. ئەمجۆرە جیاوازیانەی پێوەری کەلتوری بەم شێوەیەی خوارەوەن کە چوار جۆر کۆمەڵگا لێکجیادەکاتەوە:

پێوەرە لێکجیاکراوەکان    پێوەرە چوونیەکەکان

پێوەرە جێگیرکراوەکان    نەریتخوازی    یەکگرتووخوازی

پێوەرە گۆڕاوەکان    زۆرینەخوازی    پۆپۆلیزم

ئێمە بە بەراوردکردنی نمونەی جۆرەکانی کەلتوری و کۆمەڵگا، تێدەگەین کە جەماوەری تاکخواز بو، مەیدانی چوونیەکی کەلتوری فەراهەم دەکەن و دەستەبژێرانی بەردەست، گۆڕانی کەلتوری ئاسان دەکات. کاتێك کە خەڵك دۆخی کۆمەڵەیەکی لێکجیابۆوە بە خۆوە دەگرێت، تواناى بۆ گەشەی پێوەرەکانی جیابۆوە بە پێی پێگەو گروپ زیاترە. کاتێك دەستەبژێران بەردەستن، دەتوانن زیاتر پێوەرە جێگیرکراوەکان بپارێزن. بەم حاڵە پەیوەندی تاکی نێوان جیاکراوە، یان جێگیری کەلتوری لە لێکجیاکردنەوەی کەلتوری زیاترە. رەنگە بەڵگەی ئەو سیستەمە فێرکارییە بەسەر ئەم وڵاتە باڵادەست بێت. لە لاکەی دیکە هەلومەرج لە فەرەنسا بە پێچەوانەیەو ئەم ئەنجامە سروشتی دەستەبژێرخوازانی دامەزراوەکانی فێرکاری ئەو وڵاتە دەبێت.

کەوابوو دەبێ بۆ پیشاندانی بۆچوونمان لە سەر پێوەرە جەماوەریەکان سەرنج لە پێوەرەکانی ئاکامی سیاسی ئەو پێوەرانە بدەین. بە هۆی پابەندی بە پێوەرەکانی جەماوەر، دەستەبژێران و هاوڵاتیان زیاتر دەبنە هاوشێوە. ئەم تێکەڵاوی کردارانە سەرچاوە لە هاوپەیوەندی راستەوخۆی هەر کردەوەیەك بۆ کردەوەیەکی دیکەیە. پێویستی راستەوخۆ گەڕانەوە،

بۆ بنەمای هاوبەشی کاردانـەوەی ژمارەیەکی زۆری خەڵك (لە بەرامبەر گەڕان بۆ دەستەبەری پارێزگاری بە دانانی پێکهاتەی جیاواز لە سەرچاوە و گروپەکان پێکەوە) سەرچاوەی بوونی جەماوەرە، ئەگەر دەستەبژێران وەك ئەندامی جەماوەرێکی سەرتاسەری، نەك وەك ئەندامی گروپی لێکجیاکراوە، پەنابەرنەبەر خەڵك، شوێنی خۆیان دەدەنە دژە دەستەبژێرانێك کە بە دوای پارێزگاری جەماوەریەوەن، ئەگەر پەنابەرنەبەر جەماوەر زیاتر دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی هێزی دەرەکـیـەوە. وەك نمونە، لە بەرامبەر فەرمانی کەسانێك زەرەرمـەنـدن، کە بانگەشەی (وتەبێژی) جـەمـاوەرن. کاتێك ئەمە روویـدا سەرۆکەکان لە رووی بەستنی پەیوەندی بە جەماوەرەوە بۆ هاوپەیمانان و شەریکی بە زەبر دەگەڕێنەوە، ئەوەش بە بەکاربردنی (رواڵەتیترین ئەزمونەکان {واتە بە} پەنا بۆ کەسانێك دەبەن کە وەڵامی پێوەرە هونەریەکان بدەنەوە و ئامادەبن بۆ رێککەوتن دەربـارەی مەسەلەی هەنوکەیی))، تا ئەو ئاستەی کە ئەم کارە دەرفەتێك بۆ گروپە خاوەن مامەڵەی دیکتاتۆری دەڕەخسێنێت و دەکـرێ نمونەی زەقـی لە کـردەی هاوبەشی سۆسیالیستەکان، لەگەڵ کۆمۆنیستەکان (بۆ نمونە لە بەرەکانی خەڵك و حزبە هاوپەیمانەکان) ببینی، (پڕۆسەیەك کە بە گشتی بۆتە هۆی ئاوابونی رێکخراوە سۆسیالیستەکان).

هەرکاتێك کە سۆسیالیستەکان لە پەیوەندییان بە بەهاکانی باوی لیبرالّ دیموکراسی نەگەیشتن و گرنگیان بە ئامانجی سیاسی و ئابوری بێهۆی تایبەتیدا، بەجۆرێك ئاراستەی هاوکاری هەرکەسێکییان زانیووە کە ئەو ئامانجە دەپارێزێت، ئەم خەسار هەڵگرە زیادی کردووە.

نمونەیەکی تری نەپاراستنی ناسنامەی سیاسی لە ئەنجامی باڵادەستی تێبینی هەلخوازانە بە سەر بەها بنچینەییەکانی هاوکاری کردنی پارێزگارانەی ئەڵمانی بەجولانەوەی نـازی دەبینرێت. رۆشنینگ پارێزگاری ئەڵمانی کە

بۆخۆی هاوکاری نازیەکان بو، بەم چەشنە ئەم لاوازیەی شیکار کردووە: (لە بنچینەدا، دەبێت بیربهێنرێتەوە کە دنیای هزری ناسیۆنالیستەکان، پارێزگاران و چینی ناوەڕاستی لیبراڵ و ئەریستۆکراسان و روناکبیران، کەوتبوونە بەرپەلاماری گومان کردنەوە. تێکڕای ئەم چینەی (باڵادەست) کە لە جەماوەری پرۆلیتاریای شارە گەورەکان کەمتر نەبون، مەیلی خەیاڵ پوچییان هەبوو تەنانەت لەم مەیدانەدا خێراتر لە چینی کرێکار لە جوڵە دابوون. باوەڕبون بە نەریتەکانی روو لە ئاوابوون و باوەڕ بە ئامێرەکان و ئامڕازەکان و ماتریالیزم لە نێوان چینی باڵادەستی باو لە زۆربوون و دەستی لە نەیاری هاوپەیمانانی ناسیۆنال سۆسیالیزم هەڵگرتبو. نەبوونی تیۆر شیمانە دەکرێ خاڵی بەهێزی {نازیەکان}ە؛ بەڵام لە پاشایەتی و پارێزکاری بە نەبونی نەریتی لاوازیەك لە قەڵەم دەدرێت).

کاتێك پارێزگارانی پێشڕەو باوەڕیان بە پێویستی ئۆرگانیزەکردنی جەماوەر بو کە بۆ ئەم ئامانجە هاوپەیمانیەتیان، لەگەڵ ناسیۆنال سۆسیالیستەکان بەست لە ناوچونی پارێزگاری لە ئەڵمانیا بە ئاشکرا دەبینرێت.

بە کورتی، گروپە سیاسیەکان، سۆسیالیستەکان یان پارێزگاران، کە پێوەرە جەماوەریەکان دەکەنە شوێنگرەوەی پێوەرەکانی خۆیان، وەك هێزی سەربەخۆ ناتوانن خۆیان بپارێزن. هەرکاتێك ئەم گروپانە نەتوانن لایەنگری تایبەتی خۆیان دیاری بکەن، سەرۆکان وئەندامانی ئەم گروپانە دەکەونە بەردەم دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی دەستەبژێرانی جەماوەرخوازەوە. (نەبونی ئەم لایەنگری تێکڕاییە لە کۆمەڵگای جەماوەری مۆدێرن، دەرفەتی سەرهەڵدان دەداتە گروپەکانی مامەڵە کردە دیکتاتۆریانە.)

تایبەتمەندیەکانی دەروونناسانەی کۆمەڵگای جەماوەری

کۆمەڵگای جەماوەری، بە جیاکردنەوەی خەڵك لە ئامانجی کۆمەڵایەتی گەورەتر، لە خۆشی جیایان دەکاتەوە. تاکێك کە هەستدەکات لە کۆمەڵگا خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتییەو بونی بە کەڵکە، وێنایەکی ئەرێنی لە خۆی دەخاتەڕوو، بەڵام تاکێك کە دەرفەتی بەشداری کۆمەڵایەتی نییە، تێگەیشتنی لە خۆی بێ بەهایەو ئاڕاستەکردنی بۆچوونی خـوازراو لە خۆی زەحمەت دەبێت. (نامۆیی لە خود) تاك بۆ (چارەسەری) کردەگەرایانە لە بەرامبەر پشێوی بۆ نامۆیی کەسی ئامادە دەکـات، چونکە تاکێك کە بۆچوونی لە سەر خۆی ئەرێنی نییە، زۆرتـر ئامادەی گۆشەگیری و دوورکەوتنەوەیە لە کۆمەڵگا. دەستەبژێران و هاوڵاتیان لە خۆ نامۆو خەسارهەڵگر، بە ئاسانی کێشدەکرێنە جوڵانەوە جەماوەریەکانەوە. رەخنەگرانی کۆمەڵگای جەماوەری بە گشتی هاوڕان کە ئەم دەروونناسیە توشی (نامۆیی لە خود) بووە: {ئەو} خۆی بە بونەوەرێکی بەهرەمەند لە هێزو شایستەیی پێویست نازانێ، بەڵکو (شت)ێکی لاوازو بێ بایەخ دەزانێ کە پشتی بە هێزی دەرەوەی خۆی قایمە و بە مانە بەڕە لەسەر جەوهەری ژیانی هەڵدەداتەوە.) جیاکردنەوەی تاك (خێزانەکەی) لە پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان و بەهای کەلتوری سەرەکی، تاك لە خۆی جیادەکاتەوە. بەم شێوەیە جەماوەرێك حەزی هەستکردنی نامۆیی خۆیان دەدۆزنەوە، کە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی هەست بە نامۆیی دەکەن.

توێژینەوەیەك لە ناو کرێکارانی پیشەیی دەری دەخـات، کە ئەو تاکانەی هەستی نامۆیی کۆمەڵایەتییان هەیە (ئاماژەی نەبونی متمانەیە بە تاکەکەی ترو بە داهاتو)، لانیکەم بە سەرنجدان بە مەسەلە سیاسییەکان، لە بنچینەدا توانای کەسیشیان لاوازە، ئەگەر لاوازی کەسی لە مەسەلە سیاسیەکان بە ئاماژەی لە خۆ نامۆبون بزانین، ئەوکاتە ئەم زانیارییە پیشانیدەدا کە ئەو

کرێکارە پیشەییانە هەستدەکەن لە هاوکارانیان جیان و هاوکات متمانەیان بەخۆشیان نییە.

نامۆیی کۆمەڵایەتی

| بێ کەڵکی سیاسی | سەرو و | خواروو |
|---|---|---|
| بەرزی | 60% | 12% |
| نزمی | 9 | 56 |

ڕێژەی بەرزی کرێکارەکان کە هەستی نامۆیی کۆمەڵایەتی هاوکات لە خۆش نامۆن و لە خـوارەوە هەست بە خۆکردن دەسکەوتی کەسیان، بـەراوردی خـوارەوە لە دەرفەتەکانی پێشکەوتنی تاکی و ناساندنی ناڕازیە کەسیەکان سەرهەڵدەدا.

نامۆیی کۆمەڵایەتی

| ڕازی بوون لە ژیان | سەروو | خواروو |
|---|---|---|
| بەرزی | 45% | 12% |
| نزمی | 27 | 37 |

کاردانەوەیەکی ئاسایی بە نامۆیی لە خـود، پشێوی لێرەو لـەوێ و گەڕانە بە دوای شێوەکانی دیکەی هاوپێوەندیدا. تاك نامۆ بووە، نەگونجانی کەسایەتی {یان تێکڕایی خود} و لە بەرامبەردا دەسەڵات زۆر خەسار هەڵگرە. کۆمەڵگای جـەمـاوەری، چوونیەکی بـاوەڕ شوێنی سیمبولەکانی کەلتوری جیاجیا دەگرێتەوە. بۆیە تاکی لە خۆ نامۆ ناچارە ئەم باوەڕە جەماوەریە لە مەیدانی جۆری هەستکردنی لە خۆی بە ڕێنماییەکان و کارنامەکان بگۆڕێت. (لـە جیاتی گـەڕان بە دوای ڕەزامـەنـدی هاوتای کەسایەتی تایبەتیان بە شێوەی هەنوکە و ئامادە لە خاوەن میدیا جەماوەری، یان لە جەماوەرەکان وەری دەگـرن. بەم بەڵگەیە ئەم کـارە ئەنجامدەدا کە هەست ناکات لە

مەودوا بتوانێت سەربەخۆ بڕیار لەوشتانە بدا کە بۆی گونجاون.) سەرباری ئەوە، مرۆڤی جەماوەری بۆچوونی جیانەکراوە لە خۆی دەکاتە جێگرەوەی بۆچوونی بە تاك بو؛ وەڵامی پرسیاری هەمیشەیی (من کێم؟) بە کارنامەی (من هاوشێوەی تاکەکانی دیکەم) دەداتەوە.

لـە لاکـەی دیـکـە، لـە کۆمەڵگای زۆریـنـەخـواز گونجانی گـروپ و کەلتورەکانی ناوچەیی بنەمای پەیوەندی پتەوتر دەکا و گروپ و کەلتورە جیاجیاکان مـاوە دەدەنــە تـاك تا بـۆچـوون لە خـودی بــژاردە و تایبەتی بخاتەڕو. زۆرینەخوازی کۆمەڵایەتی و کەلتوری مرۆڤەکانی سەربەخۆ و لێکجیا باردەهێنێت، چونکە فرەیی دامەزراوەکان و بەهاکان، ڕێنمایی تاك دەکات بۆ هەڵسەگاندنی سیمبۆلەکانی رەفتار و متوربەکردنی توخمەکان لە چەندین سیمبول و گۆڕینی بۆ ناسنامەیەکی تایبەتی. مرۆڤی سەربەخۆ وەك تاکێك ڕێز لە خۆی دەگرێت، خۆی بە تواناو بەهرەمەند لە شایستەیی بڕیاردان لە ژیانی خۆی و کاریگەر بوون لە سەر ژیانی هاوڕێکانی دەزانێت. سەربەخۆیی تاکی جیا لە کۆمەڵگاو کەلتور گەشە ناکات، بەڵکو پێویستی زۆرینەخوازی کەلتوری و کۆمەڵایەتییە. کۆمەڵگای زۆرینە نەخواز جیهانی کۆمەڵایەتی فرەیی بۆ پــەروەردە و پاراستنی کەسە سەربەخۆکان نییە، ئەوکاتە لە کۆمەڵگای زۆرینەخوازی مرۆڤایەتی کە لە کەلتوری دەسەڵات نامۆ بووە شیمانە دەکرێت خۆشی نامۆ دەبێت، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگای زۆرینە خواز، وەفاداری جێگرەوە هەیە کە تاك هاوڕا دەکەن بە کۆمەڵگاکەیەوە.

لە کۆمەڵگای کۆمەڵایەتیدا، تاك بە هاوچەشن بوون بە پێوەرەکان و دەسەڵاتە باوەکانە کە دەتوانێ پەیوەندی رەزامەندی بە خۆیەوە هەبێت. هەربۆیە دەروونناسە تایبەتیەکانی کۆمەڵگای کۆمەڵایەتی، نەریتخوازە. نەریتخوازی مەیدانی قبوڵکردنی خۆی وەك ئەندامێکی کۆمەڵ و نەك

بە نـاوی تاکێك دەڕەخسێنێت. (کەسی نەریتخواز ... بە زەحمەت خۆی بە تاکێك دەزانـێـت. بـەم حاڵە، کەمتر دێتەپێش کە چارەنوسی خـۆی بە پێی ئامانجی کەسی و هەمیشەیی ساز بکات، یان چارەنوسی منداڵەکانی لە چارەنوسی گروپی خێزانی جیابێت). یەك نەریتخوازی زیاتر لە وەی سەرچاوەی لە خۆ نامۆبون بێت، بناغەی خودی پەیوەندییە. دوو پابەندبون بە نەریت زیاتر لایەنگری خود تەوەر، مەیدانی بۆچونی گروپ تەوەر ئامادە دەکات، واتا مرۆڤ نەریتێك لە رووی بردنەسەری بەڵێنی خۆی بۆ گروپ و بۆ بەرگرتن لە شەرمەزاری و چاوبەرەژێری لای ئەندامانی گروپەکە بە کار دەبـات، لە کاتێکدا مرۆڤی جەماوەری بە مەبەستی زاڵبون بە سەر پشێوی ئێرە و ئەوێ کاردەکات کە متمانەی بەخۆی نامێنێت. سەربەخۆیی بەهۆی دەروونناسی زیاتر سەرچاوەی لە تاوانە تا چاو بەرەژێری یان پشێووی.

دەروونناسەکانی کۆمەڵگای تۆتالیتار، لە خۆ نامۆبوون، وەك مرۆڤی جـەمـاوەریـی، بـەڵام گـروپ تـەوەر، وەك مرۆڤی نەریتخوازە. کۆمەڵگای تۆتالیتار ئەم پێکهاتەیە بە رەتکردنەوەی تاك و گرنگیدان بە گـروپ (بە تایبەت حزبی لەگەڵ دەوڵـەت) دادەمەزرێنێت. تاك بە بەهرەمەند نەبون لە ژیانی تایبەتی رەواو سیمبولەکانی رەفتاری کەسی کەم، لە کۆمەڵگای تۆتالیتار تێگەیشتنی نەخوازراو بێکەڵکی لە تاکیەت هەیە و لە روانگەی دەروونناسی و رەفتارەوە تەسلیمی گروپ دەبێت. خۆی بە جیا لە گرووپ نازانێت. لە وێ گروپ لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دەستەبژێرانەیە کە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە. پەیڕەوی نائاسایی دەستەبژێران و دوژمنایەتی زێـدەڕۆ دەربارەی بێگانەکان {نامۆکان} تایبەتمەندێتی مرۆڤی تۆتالیتارە.

به خود وابەستە             لە خود نامۆ

گروپ تەوەر  مرۆڤی باو             مرۆڤی تۆتالیتار

خودتەوەر     مرۆڤی سەربەخۆ    مرۆڤی جەماوەری

دەکرێت بە پێی بایەخی میکانزم باسی چوار جۆر کۆمەڵگا بکەین کە خەڵك بە هۆیەوە رەفتاری خۆی و ئەوانی دی رێك دەخـات: رێز و چاوبەرەژێری لە کۆمەڵگای تیرەیی، تەڵقین دادان و پشێوی لە کۆمەڵگای جـەمـاوەری، پشت بەخۆ بەستن و تاوانکاری لە کۆمەڵگای زۆرینەخواز، سەرکێشی و ترس لە کۆمەڵگای تۆتالیتار.

بەراوردی تیپەکانی دەروونناسی بە جۆرەکانی کۆمەڵگا، دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بــەردەوام، مەیدانی پەیوەندی بەردەوام بە خود فەراهەم دەکات، چونکە دامەزراوەکانی (بەردەست) کراوە و ئازا، تاکخوازی هاندەدەن، بەڵام کاتێك تاکەکان جەماوەرێکی لێکجیابۆوە و پێکەوە بەستراوبن، هەریەکەیان شکڵدەر و پاراستنی ناسنامەیەکی سیاسی جێگیر زەحمەت دەکەن و کاتێك گروپە کۆمەڵایەتیەکان (بە تایبەت دەستەبژێران) داخراوبن، خەڵك دەرفەتی کەمە تا پەرە بەم هزرە بدات کە دەوڵەت و کۆمەڵگا زیاتر لەوەی کە لە خۆیدا ئامانج بن، مەرج و هۆکاری خۆشگوزەرانی و خۆشی تاکن.

دەروونناسە تایبەتیەکانی کۆمەڵگای جەماوەری مەیدانی پێویست بۆ دامەزراوەکانی لیبراڵ دیموکراسی نارەخسێنێ. مرۆڤی جەماوەری بە ئاشکرا بۆ ئامادەبون لە جوڵانەوە جەماوەریەکان بەردەستن، چونکە کۆمەڵێکی بە هێزی پێوەرە دەروونیەکانی نەماوە و هــەوڵــدەدات شوێنی پێوەرە جەماوەریەکان بگرێتەوە. تاکێك کە وێنایەکی ئەرێنی و خــوازراوی خۆی نییە، هەوڵدەدات لە رێگای ساردوسڕی یان کردەگەرایی بە سەر پشێوی لە

خۆنامۆبوندا زاڵبێت. ئەم ساردوسڕی و کردەگەرایی هەردووکیان کاردانەوەی تایبەتی مرۆڤی جەماوەرین. کاردانەوەی کردەگەرایانە بنەمای زۆری بەشداری جوڵانەوە جەماوەریەکانە، بە هەمانجۆر تاکەکان خەریکن ناسنامە دەرەوەییەکان بکەنە شوێنگرەوەی ناسنامە ناوەوەیەکان و خۆنەویست یان نەزانانە شوێنی خۆی بداتە بۆچوونی کۆمەڵی. بەمەش مرۆڤی جەماوەری لە بەرامبەر کێشکردنی جوڵانەوەی جەماوەری زەرەرمەندە، جوڵانەوەگەلێك کە بەو ڕێگایەك بۆ زاڵبون بە سەر ئازاری لە خۆ نامۆبوون دەخەنەڕوو ئەم ڕێگەیە سەرنج بە خودو لە بەرامبەردا، سەرنج و قوڵبونەوە لەسەر جوڵانەوەیە.

بەشداری لە جوڵانەوە جەماوەریەکان پێویستی بە پەیڕەوی لە سەرۆك و ئایدۆلۆژی لەلایەك و دووژمنایەتی جیهانی دەرەوە لە لاکەی دیکەیە. بەم شێوەیە تاکێك هەنوکە دەیەوێ خۆی سەربە دەستەبژێرانی جەماوەرخوازو جوڵانەوەی ڕێکخراو بنوێنێت کە پێشتر هەوڵیدەدا لە جەماوەری ڕێکخراودا بگاتە ڕەزامەندی گیانی و دەروونی، واتە مرۆڤی جەماوەری، تۆتالیتار نییە، بەڵام ڕەنگە بە ئاسانی بۆ کەسایەتی لەم چەشنە بگۆڕێت. بەم حاڵە تەنانەت کۆمەڵگای جەماوەری کاتێك بنەمای باڵادەست بەسەریدا دژی دیموکراسی نییە، لەوانەیە جوڵانەوەکانی دژی دیموکراسی جیاجیا لە خۆبگرێت. رادەی ڕێژەیی دەروونناسانی (جەماوەری و تۆتالیتار) هەرچەند بن، تایبەتمەنێتی هاوبەش لە خۆ نامۆبونیان لە بایەخی بنچینەیی بەهرەمەندە.

بە کورتی لە خۆنامۆبون تایبەت بە کۆمەڵگای جەماوەری نییە، بەڵام رادەی لەمجۆرە کۆمەڵگایەدا زۆرە، لە ئەنجامدا کۆمەڵگای جەماوەری لە ڕوانگەی دەروونناسی لە بەرامبەر گیراییەکان و داواکانی جوڵانەوە جەماوەریەکان خەسار هەڵگرن. مەیلەکانی جەماوەری لە مەیدانی

دەروونناسی و کەلتوری جوڵانەوەی جەماوەری دەردەکـەوێـت یان نا، لە بنچینەدا سەر بە بنەمای کۆمەڵایەتی و بابەتەکان دەبـێ، کە رووداوەکـان لەسەر بنەمایان دەق دەگـرن. راستە کە ملیۆنان ئەڵمانی تەسلیمی گیرایی نازیەکان بون، بێگومان پەیوەندی بە قەیرانەکانی ئابوری دەیەی 1920 و 1930یــەوە هەیە، چونکە لە هەلومەرجێکی وادا بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك زەحمەتە کە وەك بینەرانی رەشبین بۆ سیاسەت بمێننەوە. ئەمە بەو مانایەیە کە کۆمەڵگای جەماوەری لە کاتی قەیرانی ناتوانێ بە سیستەمی هەبو بەگژ هێرشی شۆڕشگێڕیدا بچێتەوە. قەیران بنەما ناجێگیرەکانی کۆمەڵگای جەماوەری هەڵوەشاندۆتەوە، لە ئەنجامدا مەیدانی پێکهاتنی جوڵانەوەی جەماوەری دژی دیموکراسی خۆش دەکەن.

پەراوێزەکان

1. ڕەخنەگرانی کاسۆلیکی کۆمەڵگای سەدەی نۆزدە، وەك دی بۆناڵد و دی مستەر هاوڕوانگەی ڕەخنەگرانی ئەریستۆکراسین، هەروەها ڕەخنەگرانی جوانناسی وەك ئاڕنۆڵد. بەگشتی، هەمویان کۆکن لە سەر دژایەتی بۆرژوازی سەدەی نۆزدە لە ڕازی بون بە تیۆری کۆمەڵگای جەماوەری.

2. دوا باسی ئارێنت (1956) دەربـارەی دەسەڵات ڕێك دوای ڕەخنەی ئەریستۆکراسی لە کۆمەڵگای جەماوەری دەکەوێت.

3. ڕەخنەگرانی تیۆری کۆمەڵگای جەماوەری بە گشتی جیاوازی ناکەن، لە نێوان لێکدانەوەی ئەریستۆکراسانە و دیموکراسی. نمونەی ئەم دواییە ڕەخنەی دانێڵ بێل (1956).

4. بەم شێوەیە، ئۆرتێگا دەڵێ کە کۆمەڵگای جەماوەری (لە مێژووی شارستانیەتی مۆدێردنماندا، دیاردەیەکی تەواوو نوێیە.)

5. وشـەی (دەستەبژێر) {Elite} ئـەوجـۆرەی کە لەم وتـارەدا بەکار دەبرێت ئاماژە بە ژمارەیەکی کەمی خەڵکە کە بانگەشە و بە ئەستۆگری بەرپرسیەتی هەبو و پاراستنی بەهاکان و ڕێبازە بنچینەییەکان لە چوارچێوەی شایستەییانن.

6. هەروەها ئۆرتێگا باسی (زاڵی... جەماوەر) دەکات.

7. هەندێك لـە بیرمەندانی ئەریستۆکراسیش لـەم مەسەلەیان کۆڵیوەتەوە و کاریگەریان بەسەر پۆلێنکاریەکانی تیۆرداڕێژەرانی دیموکراسی

داهاتودا هەبو، بەڵام تیۆرداڕێژەرانی دیموكراسی دەبێت دەركی بنەمایی لە سەرچاوەی رەفتاری جەماوەری گۆڕانی هاوپەیوەندیدا بڕەخسێنن. بەم شێوەیە، كیرك، بیرمەندێكی پارێزكاری نوێ، نوسیویەتی: (بە باوەڕی من هەڵەیەكی بنچینەیی كەسانی پارێزكار بێ ئاگاییان لە پێویستی هاوپێوەندی راستەقینەیە).

8. Mc Carthyism. زاراوەیەك بۆ جۆزێف مەك كارتی (57 - 1909) سیناتۆری ئەمریكی دەگەڕێتەوە، كە لە ساڵەكانی سەرەتایی دەیەی 1950 جوڵانەوەی دژە كۆمۆنیستی لە ناو ئەمریكا وەگەڕخستو زۆرێك لە بەرپرسان و بیرمەندانی بە تۆمەتی كۆمۆنیستی بون و چالاكی دژە ئەمەریكی ئازار و ئەشكەنجەدا. (و. ف).

پەراوێزەكان:

1. Chin. یەكەم خانەدان كە چینی یەكگرتو كرد و ئیمپڕاتۆریەكی بەرفراوانیان لە سەدەی 17 دامەزراند. ناوی چینی ئێستا لە ناوی ئەوانەوە وەرگیراوە. و. ف

2. 321 - 184) .Maury a پ.ز)، خانەدانی ماوریا لە هیندی كۆن كە بە یەكگرتنی هیندی باكور ئیمپراتۆریەكی گەورەی دامەزراند. .,ف

3. 1883 - 1957) Benito Mussolini)، سەرۆك، دامەزرێنر و تیۆرسێنی فاشیزم لە ئیتالیا. و. ف

4. 1868 - 1957) Horty)، دەریاوانی پوزتوگالی، لە ساڵی 192 تا 1944 جێگری دەسەڵاتی پورتوگال بو. و.ف

5. 1867 - 1935) Pilsudski J.)، كەسایەتی سیاسی دەستڕۆیشتو، لە پۆڵەندا لەنێوان دوو جەنگی جیهانی. و.ف

6. 1892 - F. Franco. (1975)، جـەنـەراڵ فرانکۆ سەرۆکی حزبی فاشیستی ئیسپانیاو فەرمانڕەوای ئەو وڵاتە لەساڵەکانی (76 - 1939). و. ف

7. 1889 - A. Salazar. (1970)، دیکتاتۆری پرتوگال لە مـاوەی ساڵەکانی 1932 تا 1968. و. ف

8. 1895 - J.D. Peron(1974)، سـەرۆك کـۆمـاری ئەرجەنتین، لە ماوەی ساڵەکانی 1946 تا 1955 و 1973 تا 1974. و. ف

9. Free World، ئەم چەمکە لە سەردەمی جەنگی سارد بەکاردەبرا و بەو وڵاتانە دەوترا کۆمۆنیست نەبون و لە کەمپەکانی بەرامبەری گرێبەستی نائازاد یا (لە بەنددا) هەژماردەکرا. و. ف

10. Kulaks، جوتیارانی خاوەن زەوی بون کە زۆربەیان پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بەهۆی هـەنـاردەی شۆڕشی زەوی زۆرتـر خانەدانەکانی روسی ببونە خاوەن زەوی، بەڵام دوای شۆڕش بەگژ رەوتی بەسۆسیالیست کردندا چوونەوە و سەرەنجام لەلایەن ستالین لە 1929 تەفروتونا بون. و. ف

11. Concentration Camps، ئۆردووگایەکە لە سەردەمی ستالین دامـەزراو ملیۆنان کەس لە ناویدا زیندانی سیاسی و دوژمنانی چینایەتیان بە بیانوی جۆراوجۆر گرتبوو ناچاریان دەکـردن وەك کۆیلە بۆ هەڵکەندنی جۆگەلەی ئاو، دروستکردنی رێگاو هتد. و. ف

پەراوێزەکان

1. (پەیوەندی نێوان سیاسەتەکانی تۆتالیتارو سەرچاوە زانستیەکان و تەکنەلۆژیا نزیکە بەبێ ئەم سەرچاوانە، تۆتالیتاریزم سنورێکی تایبەتی زیاتری پێ نابڕدرێت. ئاستێکی تایبەتی لە گەشەی تەکنەلۆژی بۆ بون و بەردەوامی رژێمی تۆتالیتار پێویستە، بەڵام ئەم پێویستیە خۆی لەخۆیدا بەس نییە...).

2. کوشتنی جولەکە بۆخۆی ناعەقڵانی بونی توندی رژێمی نازی دەردەخـات. لە راستیدا (بە زەین دەگـات هێنانەدەری شمەکی هەڵگرتن و گـوازراوە لە بـەرەی خـۆرهـەڵات، واتـە جێیەك كە زۆر پێویستی پێ بو، پاشان بەکارهێنانیان لە نەشتەرگەری ناپێویست، شێتانە بە زەین دەگات. بەتاڵکردنی ئەڵمانیا لە هێزی کارێك كە لە هەوڵی شـەڕی وڵاتـدا بەشدار بونیش هەربەو رادەیە شێتانەیە).

3. رێکەوت نییە، شمیت روخساری هیتلەری وەك (سەربازی سیاسی) هـانـدەدا كە پەیامی مێژوویی (ئـازادکـردنـی خەڵکی ئەڵمانیا لە پشێوی سەدەیەکی دەستورخوازی بۆرژوازیی) بەهۆیەوە تێکدانی تێکڕای (ئایدیالی لیبڕاڵ دیموکراسی) بە ئەستۆوە گرتووە.

4. دل توچە لە گفتوگۆ لەگەڵ رۆژنامەی ئێکسپێرسۆ {Expersso}، بەبۆنەی دوو سەد ساڵوەگەڕی شۆڕشی فەرەنسا، بیری هێنایەوە مافی هەندێك لە ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بو (کە جیهانی هاوچەرخیان بەناوی زانیاریەکی رێنمایی نەکراو تاریف دەکرد.)

5. زۆر سەرنجڕاکێشە كە روانگەی تیۆری رەخنەیی دەربارەی مۆدێرنێتە رێك هاوشێوەی روانگەی هایدگەر و ئەڤۆلایە. بە بـاوەڕی هایدگەر (لە روانگەیەکی میتافیزکی، واتـا بەلەبەرچاوگرتنی سروشتی دنیایی روسیا، ئەمەریکا و پەیوەندی بە گیان، هەردووکیان یەکتر هاوسەنك دەکـەن.) بە بـاوەڕی ئەڤۆلا، ئەمانە (دوو رووی شتێك)ن کە (یەکسانکردنی فکری، هاوڕەنگی لەگەڵ کۆمەڵ، ئاسایی کردنی زۆرەملێیی و رێکخراوی گەورەی دیـاردە تایبەتیەکانی ئەمریکین، بەڵام هاوتای ئایدیالی تێڕوانینی دەوڵەتی متمانەداریشن لە روسیا)، لە کاتێکدا هایدگەرو ئەڤۆلا لە نوستالیژیك بونی کۆمەڵگای پیرۆز ئاگادار بون، ئادورنۆ و هۆرکهایمەر لە هەمان تێگەیشتن

(زانیاری درۆ) مانەوە. بیریان دەکـردەوە کە بنیادەمەکان پێشکەوتوون لە کاتێکدا کە دواکەوتووی تەواو عەیار بون.

6. Sparta شارێکبو لە یۆنانی کۆن و ناوەندی دەوڵەتی کۆنی سپارت. (و. ف)

7. بەم بەڵگەیە بوو کە گرامشی لە پێناسەکردنی مارکسیزم بەناوی (ئاینێك کە کریستیانیەتی تەفرو تونا کرد) گومانی نەبو و بانگەشەی دەکرد کە لە رەوتی فۆرمۆلە بونی یاسای نوێ، (هاوشاری مۆدێرن) دەوڵەتی حزبی پێگەیەکی پیرۆزو کاری رەها دەدۆزێتەوە.

8. 1875 - G. Gentil(1944). فەیلەسوف و مامۆستای ئیتالی لایەنگری فاشیزم. (و. ف)

9. ئـەم ئوستورە نـەمـاوە. دوای ئـەوەی زانیمان کە (ئامانجی جێ مەبەستی ستالین دروستکردنی کۆمەڵگایەکی جـەمـاوەری بو، کە لەژێر چاودێری برایەکی گەورەتر مێشکی داشـۆراوە)، ئەریك هۆبزبام لەسەری دەڕوا کە (ئەم ئامانجە، لینین و بەڵشەفیکە کۆنەکانی، هەروەها مارکسی واق وڕمـاو دەکـرد). بە رواڵـەت لێرەدا هۆبزبام پشتی بە دەنگۆ و قسەی ئاسایی بەستووە. تەنانەت چاوێکی سەرپێیی بە بەرهەمە کۆکراوەکانی لینیندا دەگێڕێ کە تیۆرداڕێژی کۆنترۆڵی تۆتالیتاری و تیرۆریستی دەزگای لەبەین بەر بوو کە ستالین هێنایەئاراوە.

10. New economic Policy) Nep) مەبەستی سیاسەتی نوێی ئابوریە، کە لینین لە ساڵی 1921ی زاینی، بۆ نەهێشتنی قەیرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی روسیە پێشنیازی کرد. بەپێی ئەم پێشنیازە بازرگانی تایبەتی بەشێوەیەکی سنوردار بەگوێرەی بڕیارەکانی دەوڵـەت رێی پێدرا. کارگەی گچکە و دووکانەکان درانـــەوە خاوەنی پێشتریان، دەستکەوتی جیاوازی

ئاسایی بو و هەمو هەنگاوەکان کە لە راستیدا بە جۆرێك سازش لەگەڵ سەرمایەداری لەقەڵەم دەدرا. (و. ف)

11. Kulak. ئەندامی چینی خۆشگوزەرانی ئەو جوتیارانەی کە بە ریفۆرمی زەوی ساڵی 1906 بووە خاوەن زەوی. (و. ف)

12. دیارە ستراتیجیەتی نازیەکان لە دەسەڵاتدا جیاواز بو، ئارنست فرانکڵ، ناوی دەنا دەوڵەتی دووقات و دوانە - تێکەڵاویەکی ناوازە بۆ تاك لە رێکخستنی دەوڵەتی ئابوری و بەرژەوەندی سیاسی دەوڵەت - بە دامەزراوەیی کردنی نمونەی خوارەوە، سەرۆکانی نازی تێگەیشتن کە گەشەپێدانی پیشەسازی پێویستی دەکا بازاڕ سەر بە پابەندیەتی ئایدیۆلۆژی شۆڕش نەبێت، چونکە گەشەپێدانی پیشەسازی بەردەوام دەبو ئەم نەگونجانە بۆ ئابوری نازی عەقڵانیەتێکی رەخساند کە ئابوری روسیا نەیتوانی دەستەبەری بکات، چونکە روسیا بەپێی ناسین خوازیی مارکسیستی لینینستی بنیات نرابو.

پەراوێزەکان

1. Alex Deflfini and paul piccone, «Modernity, Libertarianism and Critical Theory:Reply to Pellicani», in, Telos, Number112. 46-Summer 1998,23.

2. رەتکردنەوەی (تۆتالیتاریزم) بە ناوی چەمکێکی تیۆری ناسودمەند، وەك پێویست بەمانای رەوایەتی رژێمەکان نییە، گەر بۆ تاریفکردنیان سود لەم چەمکە وەرگیراوە. بەڵکو لەجێدا رێگا بۆ پێداچوونەوەی شێلگیری ستالینیزم و نازیزم، بەشە بنچینەییەکانی وەرچەرخانێکی بە سەردەمی کردنی ناتەواو، واتە سەرهەڵدانی مۆدێرنێتە دەرەخسێنێت، پێداچوونەوەی

سەروتر لە شرۆڤـەی لاساییکردنەوەیی کە دوای جەنگی سارد خرایەڕوو (هــەروەك بەشێوەیەکی بـاو لـە ئەنجومەنی پـارێـزكـار نـــاسراوە)، یان خوێندنەوەکانی لیبڕاڵی دۆگماتیزمانەی (تۆتالیتاریزم) وەك دەرەنجامی پەتی (ناتەواوویە دیموکراسیەکان)، (واتا (دیموکراسی) خۆی لەخۆیدا بەس نییە، لیبڕاڵیزم خەریکە رۆژ بـەڕۆژ لە خۆرئاوا زیاتر لەبەرچاو ناگیردرێت.)، بە تۆمەتبارکردنی گەرماوگەرمی (تۆتالیتاریزم) وەك شتێکی نامۆ بە لیبڕاڵ دیموکراسی، ئـەم دوو راپـۆرتـەی جـۆری سەلماندنی بە هەڵەپەتکارانە، سەرەنجام پاش داخستنی ئەگەری خودێتی کەلتوری بنچینەییتری هەرسێ سیستەمی سیاسی تەواو دەبن. بەمەش سەرباری ئەم واقعیەتە کە نازیزم و ستالینیزم ئێستا بەشی مێژوویی کۆتایی هاتوون، هێشتا مەترسی دواکەوتویی کۆمەڵایەتی هەیە.

ئەم بابەتە فرێ بەسەر ئەگەری بوژانەوەی هیچکام لەو دوو رژێمە هەڵوەشاوە نییە، (وەك مێژوو خۆی دوبـارە ناکاتەوە)، بەڵام بە کرانەوەی سروشتی لۆژیکی مۆدێرنیستی و گۆڕانکاریەکان، ئەم مەترسیە لە ناخی سیستەمەکانی لیبڕاڵ دیموکراسی ناچارییە. دیارە شیکارگەلێك شتێکی نوێ نییە، کە ستالینیزم و نازیزم و بەرنامەی نوێ وەك ئاماژە جیاوازەکانی هەمان دیاردەی تێکڕاییتری مۆدێرنیتە پێشنیازی دەکات.

3. سـەربـاری ئـاگـاداری کـارای چـارەسـەری رەخـنـەی بەهێزکردن و بەردەوامی لۆژیکی باوی دەسەڵات تا پاراستنی دژایەتی دەروونی، هەروەها میکانیزمەکانی کۆنترۆڵ بکاتە دەروونـــی، پاڵنەری فرۆیدی مـارکـۆزە لە نەخشەکێشانی ئەم ئەنجامگیریە رای دەگرت کە ئەم سیستەمە چاوپۆشی لەبەردەوامی و لوتبەرزی، بۆ دوبارە بەرهەمهێناوەی کۆمەڵایەتی کاریگەری خۆڕسکی بنەماکانی کەلتوری خودە بە جۆرێك ئەوەندە دەیانپڕووکێنێ کە

خۆیان لە بەین دەبـەن، دواکەوتوویی دەروونناسی مارکۆزەی بۆ ئەولایە کێشکرد، بەهەشتی بـاوی کریستیانی (کە ئێستاکە بۆ کۆمەڵگای بێ چین گـۆڕاوە) بە پارکی منداڵی هەمیشەیی شێوزای جیاجیای لادان لێکی بداتەوە و لایەنگرانی ئەکادیمی خۆیان لە میراتی ئایدۆلۆژی پۆست عەقڵخواز رزگـار بکات، کە جیاوازیەکی وای لەگەڵ مارکسیزمی ئەرتەدۆکسی نییە، ئایدۆیۆلۆژی چینی ئەریستۆکراسی نوێ لاسایی کردنەوەیەکە (پێویستی راستەقینە) و (گرژیە نوێیەکان) دەبات بەرێوە.

هـەوڵ بۆ رەنـگ و رتوشکردنی ئـەم ژینگەناس خوازیە ناکامڵە کە بەهۆی دەروونکردنەوەی کۆمەڵە لاوەکیەکانی تیۆری وەك پەیوەندی واتایی (کە جەخت لە تایبەتێتی مرۆڤایەتی بنچینەییتری وەك (رێزگرتن) و (لۆژیك) دەکاتەوە) هەمو شتێك بۆ بێهۆی عەشق کورت دەکاتەوە، لانیکەم بە قبوڵ نەکراوی دەمێنێتەوە، کە لەچوارچێوەیەکی سروشتخوازانە دابن.

4. بەم حاڵە، مارکسیستە بیرکۆنەکان ئەم ئەنجامگیریە رەشبینانە رەتدەکەنەوە کە بە ناونیشانی تیۆرداڕێژانی رەخنەیی بە ناهاوڕایی جەخت لە بەردەوامی دیموکراسی و (راپەڕینی ئازادیخوازی) دەکەنەوە.

بەهەمانجۆر کە زانیاری بڵاونەبۆوەو بەڵگەنامەی وەرەقەکانی مارکۆزە لە فرانکفۆرت بەسادەیی پیشانی دەدا هزری مارکۆزە لە هەمان بەرایی واتا کاتێك بە تێڕوانینێکی گوماناویەوە تەماشای دیموکراسی دەکرد نالێکدژتر بو ، کە پێشوازی لە دەروون شیکاری دەکرد.

ئەگەر مەسەلەی یـەکـلاکـەرەوەی بـەرژەوەنـدی راسـت و درۆ (یان پێداویستی راسـت و درۆ) بێت، فەیلەسوف گونجاوترین کـەس بێت بۆ ناساندنی بەرژەوەندی راست و درۆ، کەوابوو دیموکراسی، بەهەمانجۆر کە کلنەر دانی پێدادەنێت، یان پێویست نییە، یان دەرەنجامێکی نەرێنی هەیە

کە ڕەنگە فاشیزمی لێ بکەوێتەوە. (ل255) بەمەش دیارنییە کە لە سەر چ بنەمایەك کلنەر و تێکڕایی مارکۆزەییەکان دەتوانن بەڵگەبێننەوە کە (تیۆری ڕەخنەیی ئەمڕۆ دەبێ زیاتر جەخت لە دیموکراسی بکاتەوە) (ل262)، دیموکراسی وەك ئامڕازێك، بۆ بە دیهێنانی ئامانجی بە ڕاستی (عەقڵانی) ئەوجۆرەی کە ئایدیۆلۆژەکانی مارکۆزەی دژی چینی نوێ یەکلایان دەکەنەوە.

5. دی ئەمیکۆ ئاماژە بە پەرەگرافی ڕۆشنگەری جۆرج ئێف. کنان دەکات کە لە بارەی زیاتری خوێندنەوەکانی (تۆتالیتاریزم) ڕاستە. کنان دەڵێ بۆچوونی تۆتالیتاریزمیەکەی سەرچاوەی لە ئەزمونی کەسی خۆی گرتووە، کارەساتی نازی یان ڕوسیا نییە، بەڵکو لە ڕاپۆرتە ئەدەبیەکانی ئۆروێڵ، کافکاو کۆستلەر سەرچاوە دەگرێت. (ل84).

6. بەم شێوەیە، هەنوکە چەمکی تۆتالیتاریزم سەرباری نەگونجانی تیۆری و ئاڵۆزیەکەی، نەك هەر پاڵپشتی ئایدۆلۆژی دۆخی هەبووە بۆ ڕەوایەتی لیبڕاڵی خۆهەڵکێشان، بەڵکو داوی بیرێکە کە لە لێکۆڵینەوەی سەرلەنوێی دیاردە ئاڵۆزەکانی وەك فاشیزم، نازیزم و لە هەموان زیاتر، بەر بە ئەریستۆکراسی چەقگەرا دەگرێت کە شێوەی جیاوازی مۆدێرنیستی هەمان پڕۆسەی دواکەوتویی کەلتوریین کە کۆمەڵگای خۆرئاوا لە سەر تاسەری سەدەی بیست تاقیکردۆتەوە. دەرهەق تەگبیری خەڵك فریودەریەك کە بەجۆرێك فاشیزم بەدەست دێنێتەوە، کە گوایە لە ئێستادا بژاردەیەکی ڕاستەقینەیە.

ئامانج لەم نوسینە ئەوەیە کە زۆربەی جوڵانەوەکانی نەیاری ئەوروپی نوێ و زۆرجار سەرلێشێواوو بە ناوی ڕاستخواز و دەسەڵاتخواز تاوانبار دەکرێن ، وەك پەرەپێدەری رووتی (مەترسی تۆتالیتار)ی فاشیستی ڕەتییان دەکاتەوە، کە بە لیبڕاڵ دیموکراسی نامۆیە.

7. بەشێوەیەکی سەرسامکەر، ئەمڕۆ وەرگرتنی نەهلیزم وەك تایبەتی حەتمی مۆدێرنیتە باویەتی و ئەمە بەهایەکە کە مۆدێرنیتە دەبێ لە جیاتی دانیشتن بە نەریت رابگات، لە هەموی خراپتر زۆرجار بازاڕێك وەك سەرچاوەی کێشەوگرفت دەناسێنرێت، کە پێش چەند ساڵێك روناکبیرانی پارێزکاری (لایەنگری حزبی کۆمۆنیست) راکێشراو تەلیسماوی (خۆلێ نەدزراوەی سۆسیالیزم) بون، ئێستا ئازادانە وەك جێنشین لەسەر مافی خوا باوەکان ئافەرین دەکرێت.

بە پێچەوانەی خوا سیاسیەکانی کارڵ شمیت، کە خوای باوی کاسۆلیکیەکەی شوێنی خۆی دەداتە دەوڵەتی مۆدێرن، خوای سیاسی لیبڕاڵی خوای پرۆتستانتە کە بەبێ ناوبژیوانی کڵێسا، جێی خۆی دەداتە بازاڕێکی ناو ون کە ((چێوەی دەسەڵات))، یان ((قەڵەمڕەو))ی ئێستا بۆ ((دەستی شاراوەیی)) گۆڕاوە کە بەردەوام ئابوری رێکدەخات. ئەوەی کە مینلا، پلیکانی و تێکڕای لیبڕاڵ رێبازەکانی ئایین نوێ نەیاتوانی تێی بگەن، ئەم خاڵە تا چەند واقعیەت و ماوەی بڕیاردانی سەربەخۆی مرۆڤی ئابوریەك شیکاری دەکرد، کە بازاڕ بێ ئەو ناتوانێت کاربکا کە نەهلیزمیەکەیان بەئاسانی وەك دەستکەوتی خۆلێ نەدزراوەی مۆدێرنێتە دەناسێنێت. لە لێکدانەوەی مارکسیستی بە نەهلیزم دەڵێن ((نامۆیی بوون)) و ((بوونە شت))، وردە وردە لەنوێووە سەرهەڵدانی لۆژیکی دەڕەخسێنێت کە مارکس لە کتێبی سەرمایە سەرچاوەی کرانەوەی لە وێرانکردنی بازاڕ و هەموو دامەزراوەکانی ((پۆست ستراکتۆری))دا دەدۆزێتەوە کە لیبڕاڵەکان باوەڕیانوایە خۆی لە خۆیدا پەیوەندی پێوە هەیە.

8. Nirvana، (لە بودیزم و هیندۆیزم) وەدەرنانی تاوان و خەیاڵەکان لە خود، مانای کوشتنی نەفس، یان خودە کە مایەی موکشا، یان رزگاری

دەبێت. (و. ف)

9. هەمان چەمکی جیهانبینی (Weltanschauung)، کە لە ئەڵمانیای کۆتایی سەدەی 18، واتا بەرایی رۆشنگەری ئەڵمانیاو لە دەرەنجامی قەیرانی بابەتی نەریتی گەشەی کرد.

10. بەهەمانجۆر کۆینتین لاور (Quentin Lauer) دەڵێـت: ((عەقڵخوازی، بۆخۆی... بنەمایەکی ناعەقڵانی هەیە. بەم مانایە کە خاڵی دەستپێکی باوەڕ بە ئەقڵە (کە عەقڵ بوونی بۆ نییە))...) تەنانەت هۆسرێڵی ئەقڵخواز لە هەمو ئەقڵخوازانەتر گومانی نەبو کە ئەم عەقڵی رۆشنگەریە وەك لادان و هۆکاری ڕاگرتن تاوانبار دەکـات کە نەمانی بنەماکانی بۆ واتاییخوازی، داخستن و گرفتی ئەنجامناسی ورووژێـنـەری بنچینەیی و داخستنی زەینیەتی راکێشابو کە بەرپرسی وەگەڕخستنی تێکڕای پڕۆژەی کەلتوریە، بەتایبەتی رەگی لە قەیرانی ئەوروپی و بەگشتی لەمۆدێرنیتەدایە. (پێشتر، لا 92 - 91). هەرچەند تەگبیرو چارەسەری قبوڵکراوی هۆسرێڵ ئامادەکردنی عەقڵخوازیەکی دیاردەناسی رادیکاڵتر بو، بەهەمانجۆر کە لاور بیردەهێنێتەوە، بەڵام بۆخۆی بەئاشکرا ئاگای لەم واقعیەتە نەبو کە بنەمای بەها ناسیەك کە ئەم پڕۆژە لەسەر ئەو بنیاتنرابوو، واتا قەڵەمڕەوی بیروباوەڕ (doxa) قەڵەمڕەو جیهانی دەستنیشانکراو یان بێلایەن نییە، بەڵکو قەڵەم رەوێکی مێژوویی و تایبەتە، لە روانگەی کەلتوری پێکهاتووە. دەکرێ ئەم بابەتە روونی بکاتەوە بۆچی لە کۆتایی تەمەنی خۆی بە بێزاریەوە گوتی پڕۆژەی عەقڵخوازی بەڵگەیی و ورد خرایە روو ((رووی لە کۆتایی)) بوو.

11. بـۆ ئاشنابوون بـە راپـۆرتـی نائاسایی باسی فەلسەفی ئەم مەسەلەیە بـڕوانـە: John Tate «The Hermeneutic Cirele Vs. the Englightenment», in Telos 110 (Winter 1998), pp. 9-38. هەمو

هەوڵە ئایدۆلۆژیەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری خستنەڕووی لێکدانەوەکانی ((جــەوهــەری)) و ((پــەیــوەنــدی)) جێگرەوە و هاوشێوەی عەقڵ بــو، تا لێکدانەوەی نـاوەڕۆکـی ئەقڵی وەك هۆکاری ئامڕازی بە هێز بناسێنێت، دەکـرێ بەبەڵگەی بێ ناوەڕۆکیەکەی، بە ئاسانی بێلایەنی پیشان بدرێ تا بنەمایەکی کەلتوری جێ متمانەی جیهانی ئامادە بکات، کە شوێنی هەموو لێکدانەوەکانی تایبەتی بە رواڵەت دڵخوازی لەسەربنەمای نەریتەکان، ئایین و ئوستورە بگرێتەوە. بەهەمانجۆر کە ئادورنۆ و هۆرکهایمەر لە دیالەکتیکی ڕۆشنگەری هێناویانەتە بەرباس پاڵنەری کەلتوری بە ئاڕاستەی وەستانەوەیە لەسەر عەقلانیەتی ئـامـڕازی، عەقلانیەتێك دەگـەڕێـتـەوە کە لەبەراییدا هەوڵیدەدا ئوستورەی بێ بناغە لەبەرچاو نەگرێت.

بـەم شێوەیە، تیۆری ڕەخنەیی، لە پێگەی رواڵـەتـی عەقڵخوازی خۆرئاوا، بە دەربڕینی هەمان ڕەخنەی داکوتەری مۆدێرنێتە دەکۆڵێتەوە کە سەرەتا ئەدمۆند بۆرك و هەمو نەیارانی شۆڕشی فەرەنسا لەوانە تۆکویل گەشەیان پێدا - ڕەخنەیەك کە بەشی لێکجیانەکراوەی هەمان ڕەخنەی پارێزکاری لیبڕالیزم بو کە بەسەرکەوتوویی فاشیزم و نازیزمی نێوان دوو جەنگی جیهانی خستیانەڕوو (هەمانکات قبوڵکرا).

12. بـۆ نمونە بـەم شـێـوازە هەوڵەکانی شـیـرات (Sherratt) بۆ خستنەڕووی خوێندنەوە ((ئەرێنی))یەکانی دیالەکتیکی نەرێنی، بە کورت کردنەوەی ئەم کتێبە بۆ نامەیەکی مەعریفەناسی رووت، پیشانی نەدا کە بەباوەڕی ئادورنۆ، لەژێر هەلومەرجی لاساییکردنەوەی ئاشتەوایی لەگەڵ سروشتی لێناکەوێتەوە، چونکە واقعیەت لەکەدار دەبێ و تێکڕای درۆین و درۆیە. لەئەنجامدا ڕەنگە هەرجۆرە ئاگاداریەك بەهۆی دیالەکتیکی نەرێنی دەستبکەوێ، دەبێت نەك تەنیا نەرێنی بێ بەڵکو دەبـێ گرەنتی بێ کە

سەرلەنوێ بەسیستەمی فەرمانڕەوا دەلکێتەوە.

13. هابرماس بە ئاگاداربوون لەوەی کە نەوەی یەکەمی تیۆردارێژانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە سەختی رەخنەکەیان بونیات ناوە، بـاوەڕی وایە بەردەوام بە خەمی خۆیان بۆ جۆرێك ((فەلسەفەی زانیاری)) دەگەڕانەوە کە بەلێکجیانەکراوەیی بەو رۆشنگەریە گرێدرابوو کە کەموکورتیەکانی هاوکات تۆمەتبار دەکرد.

هابرماس هەوڵدەدات بەدیلێك ئامادە بکات، بەڵام بە پێچەوانەوەی پێشینانی خۆی دەچێتە شوێنێکی جیاواز، لە جیاتی گەشەدان بە رەخنە هەوڵدەدات مۆدێرنێتە بەخستنەلاوەی زمان و پەیوەندی بەناوی بنەماکانی ناوەند زەینیەتی پاراستووە و تـەواو بکات. تەگبیرێکی شارەزاییانەی لەم چەشنە بۆ پاراستنی نەریت و کەلتور، کە لە دەقی جیهانخوازی و مۆدێرنیتە دەمێنێتەوە. زمانی خۆی لەخۆیدا رووبـــەڕووی تێکشکان دەبێتەوە، کە لەهەمو جێگەیەکی جیهان بەردەست و دزەکـراوە نە جیهانیە و نەبێلایەن، لە راستیدا دەکرێت تا ئاستێك بە بناغەی فـەزای نێوان زەینی دابنێ کە بەنیشتنەکانی کەلتوری و باو بێژمار تێروپڕ دەبێت. هەمویان بە هاوکاری بۆ نمونە، زمانەکان و گوێیەکانی ئاسیایی ئاشکراتر دەبن کە بەئاشکرا نەك نەریتەکان و کەلتورە تایبەتیەکان، بەڵکو بەهامەندی ئاکاری تایبەتیش لە خۆدەگرن. هەرچۆنێك بێت تەنانەت گەر چارەسەری هابرماسی لە هێنانەدی بنەمایەکی ناوەندی زەینیەتی بێلایەن و جێمتمانەی جیهانی سەرکەوتوو بێت، بەهەمانجۆر کە ئۆلین پیشانی داوە، دەرهەستەیی بە نائومێدی دەمێنێتەوەو ناتوانێ هیچ کارێك بکات، جگە لە شیکاری روناکبیرانی خاوەن هەڵوێستی راشکاوانە، بەڵام بێ دەسەڵات نییە کە تەنیا هاتوهاوار دەکات.

14. ئەمەبو پاڵپشتی سەرەکی رەخنەی ئادورنۆ لە سۆسیۆلۆژی کتێبی پێکدادان لە بابەت پۆزیتیڤیزم (1961)، سەرباری ئەو راستیەی کە ئەم کتێبە بەکردەوە پەیوەندی بە ئامانجی ناوبراوەوە نییە، هەروەها کارڵ پۆپەر بە بۆچوونی زۆر شێوە خوازانەی متمانەی بە رواڵەتی هەنوکەی سۆسیۆلۆژی زانستی کەمە. لە راستیدا پۆپەر و ئادورنۆ، سـەرەڕای دوژمنی بەرامبەریان، بە بانگەشەی زانستی سۆسیۆلۆژی هەردووکیان لە بەدگومانی هاوڕان.

15. نـوسـەرانـی (پـوچ گـەرایـی) پـۆپـەر بـە هـاوتـای قوتابخانەی ((پشتڕاستکەرەوەی زانستیەکە))ی دەزانن و ئاگادارنین ئەم دوو پاڵنەرە لە فەلسەفەی زانست هاوتان و پوچ گەرایی پۆپەر لە بەرامبەر پشتڕاستکەرەوە خوازی خراوەتەڕوو. (هەڵەبڕ)

16. وەدەرنـانــی هەمیشەیی ئـەم روانگانە بەناوی ((کۆنەپارێز)) لەسەربنەمای پێشگریمانەیی حەتمی تیۆری شایستەی بەرگری نەکردن و پێش سالانێك بێ متمانە بوی ((پێشکەوتن))ە کە بەوپێیە مۆدێرنێتەیەك بە حەتمی دوای دۆخـی پێش مۆدێرنێتە دێـت، ماهیەتێکی باشترە و هەر رەخنەیەك شوێنکەوتەی دۆزینەوەی ئەو شتەیە کە رەنگە بەهۆی جێگرەوەی سەرکەوتوانە دوای بۆچوونی مۆدێرنیتە لە سەر دۆخـی پێش مۆدێرن لە دەستچو بێت، ئـارەزوی نوستالیژیکی خەسارناسی بۆ رابـردوو لەدەستچووە، بە درێژایی نیو سەدەی رابـردو، لەئەنجامی پەیوەندییە ناپێویستەکانی شی نەکراوە بە فاشیزم و نازیزم، چەند رەخنەیەك لە مۆدێرنیتە لەم هێڵەدا گەشەی کرد کە زۆرجـار مۆری تۆتالیتاریان لێدەدراو بەبێ باسی تیۆری و سیاسی (رەوا) بێ هیچ جۆرە بەڵگەهێنانەوەیەکی بنچینەیی تاریف دەکرێن. بەسەر یەکەوە کام بنیادەمی عاقڵ دەیـەوێ دەستی بەتایبەتمەندیەکانی گـۆڕاوی هەرکام لەم رژێمانە بگات و مەترسی تۆمەتی پەیوەست بون بەم

ڕژێمانە قبوڵ دەکـات؟ بۆ ئاگاداربون لە نمونەیەکی سەرنجڕاکێشی ناتەبای لیبراڵ (لە روانگەی سیاسی راسـت) لە فەرەنسا سەیری ژمـارەی تایبەتی تلوس 99 - 98 (زستانی 1993 - بەهاری 1994) دەربـارەی (راستی نوێی فەرەنسا: راستی نـوێ - چەپی نـوێ - نمونەی نـوێ؟) کە پیشانی دەدا چۆن بەکردەوە پێکهاتەی لیبراڵی تێکڕای فەرەنسا بە تەریبی هەرجۆرە ئاماژەیەکی شیاو - راستەقینە یان وێناکراو - لە هاوشێوەیەکانی نێوان هەندێك رەخنەی کەلتوری ئەم دواییە و ئایدیۆلۆژی فاشیستی یان نازی سوك کردووە.

17. ئەم بابەتە بنچینەی قوتابخانەی فرانکفۆرتی لە ناوەڕاستی دەیەی 1930 بـو، کە هـەوڵ بۆ دیاریکردنی سەرهەڵدانی نازیزم لە پێشنیازی کۆمەڵیەکەی لەمەڕ دەسـەڵات و خێزان، نارێکی دەسـەڵات و خێزان بە بەڵگەیەکی سەرەکی راکێشەری دەسەڵاتی ئەرستۆکراسی و ستەمکاری بۆ تاك دەزانـێـت. دەکـرێ کەسایەتی بـاوك بە پێی لێکدانەوەی دەروون شیکارانەی بــەردەوام لە پێشڕەوانی هـزری ئەڵمانیا، بە خوازیەکی ناورد بزانێ بۆ نەریتەکانی کەلتوری پێکهێنەری کەسایەتی و کردەی تاکەکان کە هەمانکات، بەهۆی مۆدێرنێتەیەکەوە لە رەگوڕیشەوە هەڵدەکێشران، کە بەناو بانگترین مارکسیستەکان بۆ (سەرمایەداری) کورتیان کردبۆوە..

18. دەکرێ ئەم بابەتە هاوکاریمان بکات، بۆ دیاریکردنی شیمانەیی ئەم مەسەلەیە کە بۆچی بەشێوەی رواڵەتی بەرەو زیادبون، وەك جێگرەوەی کۆمۆنیزم لە ئیسلام دەڕوانێت. بە رواڵـەت لانیکەم لە داهاتویەکی نزیك دەکـرێ دوژمنێکی نـوێ دۆخێکی بەپەلەی گونجاو بێنێتەدی و کۆسپی لێکۆڵینەوەی مەسەلەسازی رەوایەتی پەیوەندی دەسەڵاتی نوێی ئەم سیستەمە دەبێت. دوای بڵاوبونەوەی کتێبی ساموئێل هانتینگتۆن بەناوی:

The Clash of Civlizations and the Remaking of the World ((New York Simon & Shuster, 1996

زۆر کتێبی دیکە بڵاوبوونەوە کە بـەردەوام مەترسی ئیسلامخوازییان بیردەهێنایەوە. لەوانە بڕوانە:

Fereydoun Hoveyda, The Broken Crescent, the «Threat» .(of Militant Lslamic Fundametalism (New York: Pacger, 1998

ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کێشەی شێلگیر نییە، کە چەقبەستویی ئایینی بەتایبەت پەنا بباتە بەر تیرۆریزم. خاڵەکە لێرەیە کە دەوری ڕەوایەتی بەخشی گونجاو دەبینێت.

19. سەرکەوتنەکانی زانستی، تەکنەلۆژی و پیشەسازی کە زۆرجـار لەگەڵ مۆدێرنێتە - تەنانەت پەیوەندیان بە گەشەی بـــازاڕەوە هەیە، وەك عەقڵانیەتی خۆبنیاتنەر، هیچ پەیوەندیەکی بەشیکاری ئایدیۆلۆژی مۆدێرنێتەوە نییە، کە پاڵپشتی باوی زیـادەی ناوێ. لەپڕ ئەم سەرکەوتنانە ئاوابونی تیۆری زۆرەملێیانەی تەکنەلۆژی، یان مارکسیستە ئەرتەدۆکسە کۆنەپەرستەکان پیشاندەدا کە هێشتاش پشتی بە ئەلگۆی ژێرخان و سەرخان ئەستورە، وەك نمونە نمونەکانی یابان یـان سەنگافورە دەریخست کە ئەم بابەتانە دژی کەلتور نین و بە کەڵکی ئایدیۆلۆژیەکی تایبەتی (وەك پرۆتستانتیزم یان کۆنفۆشیۆسیزم) نایەن، بە هەمانجۆر کە لێکۆڵەرانی یابانی وەك میشۆ مۆریشیما لە بە دەستهێنانەوەی باس و وروژێنەری ماکس ڤیبێر بۆ ڕونکردنەوەی سەرکەوتنەکانی یابان بانگەشەیان کردووە.

هەرچۆنێك بێت زۆرجـــار سەرکەوتنە مـادیـەکـان پەیوەندیان بە مۆدێرنێتەوە هەیە، بەڵام ناکرێ مۆدێرنێتە بە هۆکاری ئەم سەرکەوتنانە یان ئاکامیان بزانرێت. زۆرینەی فەیلەسوفەکانی سەدەی بیست، لە جۆن دیۆییەوە

بیگرە تا بندیتۆ کروچە، زانستی مۆدێرن، تەکنەلۆژی، بە پیشەسازی بوون و ئەلگۆکانی پەیوەندی نوێیان بە ئامرازێك دەزانــی کە سەرەنجام تەبای جۆری جیاجیای کەلتورەکان و ئەو نەریتانە دەبن کە سوودیان لێوەردەگرن.

دیــارە هۆسرێڵ دەیتوانی دەربــارەی قەیرانی زانستی ئـەوروپـی تا ئاستێك بنوسێت، چونکە بەشێوەیەکی ناباو زانستی وەك کەلتورێك دەدی تا کۆمەڵەیەك هۆکاری ئامرازی، بەم حاڵەش ئەگەر بۆچوونی بۆ زانست بەگشتی وەك کەلتوری خۆرئاوا وەردەگیردرێت، شیکارەکەی دەبێتە رەخنەی سەرکوتی مۆدێرنیتە.

20. ئەگەر پلیکانی راست دەکاو دیالەکتیکی رۆشنگەری دەرکەوتنەوەی درەنگتر لە وادەو دەرنەبڕاوی رەخنەی پارێزکارانەی لیبراڵیزم و مۆدێرنێتەیە، بەمەش ئاشکرایە کە بۆچی ئەم کتێبە قەت تەواو نەکراو، پاشان لە ئەمستردام بڵاوکرایەوەو ئەوجا نوسەرانی وەلایــان نا، لە کاتێکدا کە کۆمەڵی لیبراڵ دیموکراسی گرفتاری جەنگی جیهانی دژی رژێمەکانی نازی و فاشیستی بون، ئەو رژێمانەی کە بە زۆری گرفتاری مۆدێرنیتە و هەوڵ بۆ مۆدێرنیزاسیۆن بون، بەڵام خۆیان بە ناوی نەیارانی ئاشت نەبونەوەی لیبراڵیزم و رۆشنگەری پیشاندا، زۆرترین گەمژەیی بۆ پەنابەرانی جولەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەوەبوو کە بە دەربڕینی ئازادی هەر جۆرە رەخنەیەك لە وڵاتی خانەخوێی خۆیان بکۆڵنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەم وڵاتە لانیکەم هاوشێوەی دوژمنێك بێت کە خەریکی لەڕەگوڕیشەوە هەڵکێشانی ((رەگـەزی جولەکە)) بو، پاشان کە بەزەین دەگات نازیزم لە مەیدانی مێژوو سڕدراوەتەوە، دووبارە رەخنەیەك لە دەقی تیۆری رەخنەیی دەرکـەوت کە زۆرجـار بە داوی تۆتالیتارەوە بوو کە پلیکانی بەم چەشنە بە ناخۆشی دەزانێت.

21. لەسەر بنەمای دەستنوسە بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی مارکۆزە کە لە بەڵگەنامەی فرانکفۆرتدا هەیە، کلنەر دژی ((ئـەم هزرە باوە لە بەڵگە دەکۆڵێتەوە کە ئەندامانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە کاری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەیەی 1940 بگێڕنەوە.)) (هەمانشوێن، ل 246). کلنەر لە پشتگیری کردنی ئەم قسەیە، ئاماژە بە کۆمەڵێك دەستنوسی بڵاونەکراوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هەندێك وتاری پەرتوبڵاوی فاشیزم دەکات، کە بە راسپاردەی دەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەدرێژایی جەنگ ئەنجام درابو. جیا لەم بەڵگەیە ئەوەندە کاریگەریش نا، شتێکی دیکە دال لەسەر ئەوە کە مارکۆزە، یان هەر ئەندامێکی دیکەی دامەزراوە لەو سەردەمەدا نییە، بچوکترین هزری دەربـارەی بەکارهێنانی سیاسی واتایی یان ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێت؛ جگە لە گێڕانەوەی توتنی دەربــارەی دروشمە شاراوەکان کە چەپخوازانی نوێ لەساڵی 1968 بە کاریان دەبـرد. کاتێك کە مارکۆزە لەکۆتایی تەمەنی، هەوڵیداوە لە کتێبی گوتارێك دەربـارەی رزگاری (Boston: Beacon Press, 1969) پەلاماری سیاسەتی واتایی بدا، تاکە شتێك کە دەیتوانی بەخەیاڵی دابێت، یان تێفکرینی ئارەزومەندانە لەم بارەیەوە بو کە چۆن لە ڤێتنام، کوباو چین (شـۆڕش هەڵدەگیرسێ و لە رووی خەبات بۆ بەرگرتن لە ئیدارەی ئەریستۆکراسی سۆسیالیزم، بەرەوپێش دەبرێت).

نزیکەی دوو دەیـە دوای مردنی مـارکـۆزە، هێشتاش لایەنگرانی دەمارگیری مارکۆزە دەڵێن مارکۆزە لە کتێبی عەشق و شارستانیەت، تەنانەت پێشتر گەیشتبووە بنبەستی هـزری و جەخت لە کورتکردنەوەی میراتی سیاسی ((واتایی)) ئەم مرۆڤە ((بە رواڵـەت راستگۆ))، وەك پەراوێز نوسی بەرجەستەکردنی فۆکۆ لە جوڵانەوەی ئازادی هۆمۆسێکسخوازانە دەکاتەوە.

بەم شێوەیە خولانەوەی سروشتخوازانەی بنەمایی بۆ دەروون شیکاری

سەرەنجام خۆی بۆ ئەوە ئاشكرا دەكرد كە بەڕاستی هەبو: دەكرێ مەشقێكی سیاسی بێسەروبەرەی بینراو لە خۆشەیدایی سەپێنراو كە كاریگەری راستەقینەی بەهۆی مردووان بە ئایدز هەڵسەنگێنێت.

بە گشتی بەدەستهێنانەوەی بە دزی چاكەكاری جولەكە كریستیانی كۆن دەربـارەی ((گرژیە نوێیەكان)) باشە، كە ئەوەی نوێیە خۆ شەیداییەكی نەهلیستی و بە تایبەتی خۆ وێرانكەر دەبێت.

22. شوێنێك نائومێدانەو نەزانانە هەوڵدەدا لە لایەنێك بگات كە بە بنچینەیی دەزانێت، بـەڵام بـەردەوام ناتوانێ بە دەرك كردنی دیالەكتیكە كەی تێی بگات. بەمەش پێیوایە كە: ((ئەمڕۆ نەریت نییە، هەرگیز ناتوانێت وێنای بكات، لەگەڵ ئـەوەشـدا كاتێك جـوڵان بـەرەو بەربەریەت دەست پێدەكات كە نەریت لە بەین بچێت)) (ل78،بەڵام دەرفەتەكانی هەبو بۆ سەر لە نوێ كرینەوەی نەریتەكان وەك بنەمای كەلتوریش تاوانبار بەتێكشكان لە بەرامبەر لۆژیكی زاڵی دەسـەڵات دەزانێت: ((هەركەسێك هەوڵدەدا ببێتە رێگر لەبەردەم پیشاندانی كامەرانی كە هێشتاش نەریت لە هەندێك لە وێنە نوێیەكەی دەداو دەبێ ئەو توانایانە نەریت رزگار بكات، كە تواناو ماناكانی ناوی دەبنە درۆ، كە لەناخی وێرانەكانی نەریت دفن كراون. بە دڵنیاییەوە گوایە نەریت رەنگە دوبارە هۆكاری بەدەستهێنانەوەی بێت.)) (ل 82).

23. بـاومـەن لـە بنچینەدا جەخت لـە وەرچـەرخـانـەكـانـی نمونەی مۆدێرنیستی وەك لەبەین بردنی لە سەرخۆی هەمو سەرچاوەكانی دەسەڵاتی ناسیاسی و دامەزراوەكانی سـەرەڕۆی كۆمەڵایەتی - بەشێك لە ستراتیژیەتی هاوچەشن كردن دەكاتەوە، كە دەیـەوێ هەمو وردەكـاری و جیاوازیەكان بسڕێتەوە، وەك هۆكاری سەرەكی بەرنامەڕێژی و ئامادەكردنی بـواری بەدیهێنانی ئەریستۆكراسی كوشتنی جولەكە.

24. پلیکانی ڕەخنە لە هایك دەگـرێـت، چونکە بـاوەڕی وایـە کە بەیەکسان زانینی کۆمەڵگاو بازاڕ هەمو پەیوەندیە سیاسیەکان بۆ پەیوەندیە ئابوریەکان کەم دەکاتەوەو ((دادپـەروەری کۆمەڵایەتی)) بۆ تەرخانکردنی تێچوون و قازانجەکانی بـازاڕ دای دەبەزێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا پلیکانی بە تێکدانی هاوڕێیەتی لیبراڵەکان خۆی لەم مەیدانە دەکێشێتەوە. بەپێی بۆچوونەکەی دادپـەروەری کۆمەڵایەتی لە بری توخمێکی بنچینەیی کۆمەڵگا بەهۆی مافە مەدەنیەکان بەڵێن دەدا لەم رووەوە، بەڵگەو دەلیلی لە سەر بەهامەندی پۆست ئابوری هەیە.

بـاش ئـاگـادارە کـردەگـەران لـە ئـابـوری بـــازاڕدا، بـۆ خێراکردنی گرێبەستەکانی پێوەند بە کڕین و فرۆشتن ئـــازادن، بـەڵام بـــەردەوام لە چوارچێوەی بەهامەندی پۆست ئابوریدا، سروشتی داهێنەرانە هەیە کە چوارچێوەگەلێك بۆ شەریکەکانی ئەم گرێبەستانە دەڕەخسێنێ. (16)، بەڵام چوارچێوەگەل و کۆتوبەندی ئاکاری لەم چەشنەی دیکە سەرچاوە لە عەقڵ ناگرێت.

ئەم چوارچێوانە سەرچاوەیان لەم نەریتانە گرتووە کە ڕەتییان دەکاتەوە و وەك خڵتەی کۆمەڵایەتی لە زەینیان دەگرێ کە زوو بیردەچنەوە. دیارنییە کە چۆن بەبێ ئەمان ((کۆمەڵگای مەدەنی))ەکەی لە کۆمەڵگای جەماوەری بێ شێوەی کڕیارانی کـەم خوێندەوار جیادەکرێتەوە کە پێویستیان بە کۆنترۆڵکردنی چینێکی نوێ دەبێت. شتێکی وا جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ تۆتالیتاریزم نییە، کە رومالّی دەکات. سەر لە نوێ لە بەینبردنی هەمو ئەم نەریتە ناتەواوانە کە دەگوترێ دەبێتە کۆسپی بەردەم هەڵسوکەوتی مرۆڤی ئابوری وەك بکەرێکی عەقڵانی لە بـازاڕدا، وردە وردە لە لاوازی ئەو پێگانە دەکۆڵێتەوە کە شیمانە دەکرێ بۆ پێکهێنانی بازاڕێکی شیاو کۆمەڵگایەکی بە

لانیکەم سەرنج لەسەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی پێویست دەبن.

25. بـڕوانـە: Goran Dahi, «Localism vs. Nationalism in Midwestern Populism» in Telos 112.

ئەم بابەتە بۆ لێکدانەوەی ئەم مەسەلەیە هاوکاریمان دەکـات، کە بۆچی ((بـە عەقڵانی کـردن))ی کۆمەڵگای ئەمەریکی، سـەرەڕای هەوڵی بەردەوامی دەزگایەکی ئەریستۆکراسی دەستنیشانکراو و بەهێز، ڕووبەڕووی دژواریەکان بۆتەوە.

26. پلیکانی لێرەدا لە هاوڕاییەوە دەچێتە نـاو. کاتێك کە کورتە راپۆرتێك لە وتـەزای کەلتور و شارستانیەت ئامادەکرا، تەنانەت ئادورنۆ، هۆرکهایمەر و قوتابیەکانیان نەیانتوانی لە ڕێکخستنەوەی جارێکی دیکەی دامـەزراوەکـانـی لێۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت بەگژ مەترسیەکانی مارکسیزمدا بچنەوە و کۆتایی بە دەرکەوتنەوەی ئەلگۆی ژێرخان / سەرخان بێنن. وتاری سیاسی و مێژوویی پوختیان دەربـارەی دەستاو دەستبونی ئەم بابەتە لە سیسرۆنەوە تا دانتی و ئۆرتگای گاست، جۆرێك زۆرە ملێیی تەکنەلۆژی وشك و بێگیانی لێدەکەوێتەوە: ((روانینی مرۆڤی پێشکەوتوو))، کە بە بەڵگە ناعەقڵانی بونی سەرمایەداری رۆچۆتە هۆگری بەکاربردنی کەلوپەلە ئابوریەکانەوە، گەیشتن بەو شتەیە کە کەلتوری نوێ پێیداوە، بەڵام کاتێك ئەم کـارە ڕوودەدات، شارستانیەت بەتەرزی کاریگەر گەشە بکات بەشێوەیەك کە هیچ برسییەك لەسەر زەوی نەبێت )). تەماشای دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت بکە:

«Culture and Civilization», in Aspects of Sociology, tr. By John Viertel (Boston: Beacon Press 1972), pp. 89-100.

ئەلیاس وتارەکەی ناپلیۆن بۆ سەربازەکانی لە شەڕەفی هێرشکردنە سەر میسر لە 1798 بیردەهێنێتەوە: ((سەربازەکانم خەریکە دەگەنە سەرکەوتن کە ئاکامی لێ نەپرسینەوەی بۆ شارستانیەت هەیە)). ناپیلۆن دەیتوانی قسەیەکی وەها بکات، چونکە لە هەمان بەرایی، ئەم جیاوازیە بەشێك بوو لە ئایدۆلۆژی رۆشنگەری. بەهەمانجۆر کە ئارویك وگلین لە کتێبی زانست، سیاسەت و خواناسی خوازیدا (Chicago: Gateway, 1968) بیردەهێنێتەوە روناکبیرانی سەردەمی رۆشنگەری پێیانوابوو بۆ خێراکردنی پێشکەوتنەکانی مرۆڤ کە ئەرکی گەشەکردنی مەعریفەی راستەقینەیان پێدراوە. بەم شێوەیە لەهەمان بەرایی، بە بیانوی شارستانیەت (یان بەلێکدانەوەی پلیکانی، مۆدێرنێتە) بە تەواوی مانا ئایدۆلۆژی رۆشنگەری خواناسی شۆڕشگێڕی بووە

رۆشنگەری بە بەرگەنەگرتنی کەلتورەکانی تر، وەك سەروتر و گیرۆدەی خورافات و دۆگماتیزمی دەیانخاتەلاوە. بە جۆرێك کە ئەم داوا هزریە لە بەرایی سەدەی 19 لە چێوەی پڕۆژەکانی ئیمپریالیزمخوازانەو ئیمپریالیستی بەرجەستە بو کە بەردەوام پەیوەندی بە بۆرژوازی لیبڕاڵ و رۆشنگەرەوە هەبووە. ئەم کارە دەربارەی ئەڵمانیاش راستە. کاتێك کە سەرەنجام کاتی داگیرکردنی فەرەنساو بەریتانیا لەلایەن ئەڵمانیاوە گەیشت و ئەڵمانیا لەکۆتایی سەدەی 19 دەستی بە فراوانخوازی ئیمپریالیستی کرد، ئەمەیان بە بەبشێك لە پڕۆژەی فراوانتری مۆدێرنیزاسیۆنی لیبڕاڵ راگەیاند. بەهەمانجۆر کە ستیڤان برویەر دەڵێ، لە ئەڵمانیا ((سیاسەتەکانی ئیمپریالیستی نەك بەهۆی باڵی پارێزکاری زێدەڕۆ، بەڵکو بەهۆی لیبڕاڵی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی شوێنی دەکەوێت، کە لە ستراتیژیەکی وەهادا تاکە دەرفەتی دیتنی مۆدێرنیزاسیۆنی سەرمایەداری (فەرمانانە) و بەدەستەوە گرتنی دەورێکی هەژمۆنەتیکی هەڕەشە لێکراویان هەیە.

37. بڕوانە: Carl Schmit, Der Nomos der Erde im Volkerrecht des Jus Publicum Europaeum (1950) Second Printing (Barlin: Duncker & Humblot, 1974), Pp. 199ff.

بەگوێرەی بۆچوونی شمیت، بۆ کۆنفرانسی کۆنگۆ (1885) بو کە بە شێواندنی جیاوازی نێوان وڵاتانی ئیمپریالیزم و کۆڵۆنیال نێوان شارستانیەکانی پێشکەوتو و کەلتوری سەرەتایی - مافە گشتیەکانی ئەوروپی دەستی بە سڕینەوە کـرد. ئیمپریالیزمی مۆدێرن لە بەراییدا زیاتر لە سـەر بنەمای پەیوەندی بازرگانی بـو، تا داگیرکردنی راستەوخۆی وڵاتــان. لەوکاتەوە پەیوەندی دەسەڵاتی نێودەوڵەتی لە ئەنجامدا بە جیهانی بونی ئابوری یان بەلێکدانەوەی پلیکانی، گەشەی ((مۆدێرنیتە)) دەرکەوتن.

38. بەگوێرەی پێناسەی رۆبێرت مرتۆن: ((شارستانیەت کۆمەڵێك مەعریفەی زانستی و تیۆری و گـردبـونـەوەی ئـامـڕازە تەکنیکیەکانە بۆ کۆنتڕۆڵکردنی سروشت. کەلتوری مژدەدەری رێکخستنی بەهاکان، بنەماکان و ئایدیالە بەهامەندەکانە کە لە روانگەی مێژووییەوە بژاردە)).

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی سۆسیۆلۆژانی ئەمریکی ئەوەندە ورد نەبون و لەم جیاوازییە سودیان لە مانای مارکسیستی داشکانخوازانە وەردەگـرت، وەك باسە دوورودرێژەکانی دەیەکانی 40 - 1930 دەربارەی ((دواکەوتوویی کەلتوری)) کە کەلتورەکەی پۆست بنەمایی بە نـۆرەی لەبەر رووخانی ژێرخانی مادی - تەکنیکی سەربەخۆی لەگەشەدا لۆمە دەکرا.

29. لە کاتێکدا ئەم وەرچەرخانە بەم دواییە رەواجــی بــووە، شمیت لە یەکەم هەوڵەکانی ئیمپریالیستی بۆ بەجیهانی بونی ئایدۆلۆژی بۆ رەتکردنەوەیان دەگەڕێت، لە راستیدا بە پێچەوانەی ئوستورەناسی چەپ، کە بە تایبەتی پارتیزانەکان لە بەرگریکردنی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی

لەگەڵ خەباتگێڕانی دژی فاشیستیان بەیەك دەزانــی، لە بنچینەدا ئەو پارتیزانانە (یان بەهەمانجۆر کە ئەمڕۆ ناویاندەنێن ((پێشمەرگە))) خەبات دژی ناپلیۆنی، پروسی و ئیسپانیا 1813 - 1808 هاتە مەیدان و داکۆکیان لە نەریتەکان و کەلتورەکانی تایبەتیان دەکرد دژی جیهانخوازی دەرهەستەیی رۆشنگەری کە بەهۆی ئیمپریالیزمی ناپلیۆنی و فەرەنسی بەسەر هەمو ئەوروپادا سەپێنرابو.

30. تەنانەت لە سیاسەتەکانی بە رواڵــەت قین لەدڵدا نەبو، وەك سیاسەتەکانی پەیوەند بە قبوڵکردنی منداڵی بێ باوك، ئامانج ((پاکتاوانە)) شــاردرابــۆوە. بەهەمانجۆر کە واینی کارپ لە کتێبی مەسەلەکانی خێزان: نێهنی پارێزی و ئاشکراکردن لە مێژووی منداڵی بێ باوك پیشانی دەدا، زیاتر یاساکانی پێوەند بە منداڵی بێ باوك کە یەکجار لە ماساچۆست لە ساڵی 1852 پەسندکرا، لە سەدەی 19 ((شێوەی پەلاماردەرانەو شاراوەی بانگەوازی پڕۆتستانتی)) بو، واتا ((بە ئەمریکی کردن)) منداڵانی کاسۆلیکی کۆچبەرانی دواکەوتو بە رەخساندنی مەیدانی پەروەردەی پڕۆتستانتی ((ورد)) و راست.

31. بە هەمانجۆر کە وگلین لە کتێبی زانست و سیاسەتی نوێدا دەڵێت: ((بەناوەوەیی کــردن و خۆیی بونی هەڵسانەوەی کریستیانیەت ئەم ئەگەرە دەڕەخسێنێ لە دۆخی سروشتیدا مانایەك بدەینە کۆمەڵگا کە کریستیانیەت خۆی لێ بــەدوور دەگــرێ و تۆتالیتاریزم زەمەنی ئێمەی بە کۆتایی رێگای گەڕان بەدوای عیرفانیدا زانی.))

پەراوێزەکان:

1. بۆ ئەو پێگانەی دەسەڵاتی دەوڵــەت کە ناسیۆنال سۆسیالیستەکان نەیانتوانیبو بە خەڵکی خۆیان داگیری بکەن لە رێکخراوی حزبی خۆیان

((ئیدارانی سێبەرئاسا)) و ڕێپێدراوی هاوشێوەیان دامەزراند، بەم شێوازە دەوڵەتێکییان بەتەنیشت دەوڵەتەوە دامەزراند.

2. Gaue دابەشکردنی وڵاتی تایبەتی نازیەکان. (و. ف)

3. (H. Hmmler (45 - 1900). سەرکردەیەکی ڕژێمی نازی و سەرۆکی S. s و پۆلیسی نهێنی. (و. ف)

4. لەودیوو حکومەتی ڕواڵەتی، حکومەتی ڕاستەقینە هەبو کە ڤیکتۆ کراوچینکۆ بە ((سیستەمی پۆلیسی نهێنی)) دەزانێت.

5. لە ڕاستیدا دوو دامەزراوەی سیاسی لە ڕوسیا هەبو کە هاوشێوەی یەکتر بون: حکومەتی سێبەرئاسا و ڕێپێدراوی ئەنجومەنەکان و حکومەتی ڕاستەقینەی حزبی بەڵشەفیك.

6. (S. A) Sturm Abtcilungen) یان گروپی پەلاماری حزبی نازی بەسەرۆکایەتی ڕشوهەم کە هیتلەر دوای هاوپەیمانی لەگەڵ سووپای ئەڵمانیا، بۆ ڕەزامەندی وەرگرتنی سەربازەکان و نەهێشتنی ڕکابەرێکی بەهێز لە حزبدا، ڕیشەکێش و بنبڕی کردن. (و. ف)

پەراوێزەکان:

1. Gulag. کورتکراوەی وشەی ڕوسی هاومانای ((ئیدارەی ناوەندی کەمپەکانی کاری زۆرەملێیی)) کە لەماوەی ساڵەکانی 55 - 1930 ناوەندی گرتنی ملیۆنان کەس بە تایبەت ((جوتیارانی دژی بە سۆسیالیست بوونی کشتوکاڵی، ڕوناکبیرانی نەیار، دەرکراوانی حزبی و تاوانبارانی ئاسایی بوون. ناونیشانی گۆلاگ لە دەرەنجامی بڵاوبوونەوەی کتێبی ئەلێکساندەر سۆلژنیتسین بە ناوی کۆمەڵگای جەزائیر گۆلاگ (1973) ناوی دەرکرد. (و. ف)

2. ستیڤان کۆرتڤا ژمارەی قوربانیەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو بە 20 ملیۆن دەخەملێنێ، لە کاتێکدا رودۆلـف رومێل بە نزیکەی 62 ملیۆن کەس دەی خەملێنێت. جاك روشی لە کتێبی: Le Manuel du Goulag, (Paris: Cherche - Midi, 1997 ). باسی 17 تا 20 ملیۆن زیندانی دەکات لە کەمپەکانی گۆلاگ لە نێوان ساڵەکانی 1940 و 1950.

3. Karaganda Camp. مەبەستی کەمپی کـاری زۆرەملێیە کە لە سەردەمی ستالین لەشاری کاراگاندای باکوری کازاخستانی ئەمڕۆ دامـەزرا. (و . ف)

4. Ravensbruck Camp. کەمپی کـاری زۆرەملێیی بۆ ژنـان کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی هیتلەر لە شـاری راونـسـبرۆك، لە خۆرهەڵاتی ئەڵمانیا دامەزرا. (و. ف)

5. Bavarian Communc. مەبەست لە کۆماری شورایی پاڤاریایە کە لە ساڵی 1919 بە سەرۆکایەتی کۆرت ئایزنز بوونی راگەیاند و ئامانجی دامەزراندنی حکومەتی شورایی کرێکاران بوو، بەڵام تەمەنی کورت بو و بە کوژرانی سەرۆکەکانی جارێکی دیکە پاڤاریا بووە بەشێکی جیانەکراوە لە ئەڵمانیا. (و. ف)

6. Spartakists. باڵی چەپی شۆڕشی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا کە دوای جیابونەوەی ساڵی 1917 بە سەرۆکایەتی کارڵ لیبکنخت و رۆزا لۆکزامبۆرگ ئەم حزبەی دامەزراند. سپارتاکیستەکان هێرشیان دەکردە سەر سیاسەتی شەڕی دەوڵەتی ئەڵمانیا، لایەنگری شۆڕشی بەڵشەفیکەکانیان دەکـرد و خوازیاری روخانی حکومەتی ئەڵمانیا بو لە رێگای توندوتیژی و شۆڕش و دامەزراندنی حکومەتی شورایی کرێکاران. کاتێك کە سەردەمی شۆڕشگێڕی سەرچاوەگرتو لە تێکشکانی شۆڕشی ئەڵمانیاو دەسـت لەکار

کێشانەوەی قەیسەر (9ی نۆڤەمبەری 1818)، سپارتاکیستەکان کە خۆیان بە حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا دەزانــی (30ی دیسەمبەر)، گردبونەوەیەکی گەورەیان دژی دەوڵەتی ئیبرت بەرپا کــردو لە ژانویەی 1919 لە بەرلین دەستیان کرد بە زەوتکردنی رۆژنامەو تەلارەکانی دەوڵەت، بەڵام ئەفسەرانی دەستە راستی سوپا، بەدۆخێکی کارەساتبار سەرۆکەکانیانی کوشتووە و جوڵانەوەکەیان سەرکوت کرد. (و. ف)

7. سیمۆن کۆرف ساوس رایگەیاندووە کە رۆبێرت هیو بە ناساندنی گۆلاگ بەناوی ((زەبەلاحێك دەیەوێ ستالینیزم بە لیمفێکی نەخۆش نمایش بکات، کە فــڕی بە ســەر کۆمۆنیزمی ((واقــعــی))ەوە نییە، ئــەم زەبەلاحە (گــۆلاگ) ماهیەتی جیاوازی بە رێساکانی (کۆمۆنیزم)ەوە هەیە. دەنوسێ: بەڵگەی هیوا بۆخۆی تەکنیکی ستالینیستیە کە پاڵنەری رەخنەی ستالینیزمی هەیە. وێناکردنی زەبەلاح بۆ بەرگرتنە لە باس لەم مەیدانەدا.))

8. ئەلبێرت جــاکــوارد لــە کتێبی: Albert Jacquard, Petite Philosophie a lusage des Non – Philosophes (paris Calmann – ,Levy

1997), p. 205 .. دەنوسێ ((راســت یان هەڵە بوونی لێکدانەوەی من گرنگ نییە، بەڵکو راستگۆیانە بوون، یان نەبوونیان گرنگە.))

9. Cheka. کورتکراوەی نــاوی روســی پۆلیسی نهێنی بەڵشەفیك لە نێوان ساڵەکانی 1917 و 1922 کە بەناونیشانی ئامڕازی تیرۆری شۆڕشگێڕی بۆ خەبات دژی شۆڕش و رای نەیار پێشنیازکرا. (و. ف)

10. Waffen S. S. بەشێکی سەرەکی هێزی ئێس. ئێسی ئەڵمانیا بە ناونیشانی ئێس ((ئێس چەك بە دەست)) کە هێزی زەبری دەستە بژێری بۆ کۆمەڵکوژی بوو. (و. ف)

11. ژان دانێل دەنوسێ: ((لە پێشنیازکردنی ئەم بانگەشەیە هەست بە نیگەرانی و شەرمەزاری ناکەم کە کەم و زۆر ئەم بۆچوونە گوماناوی هەموو مەترسیەکی وازانینێکی جولەکە تەوەر دەخاتە روو.))

12. دیسانەوە کلمان روسە دەنوسێ: ((بە هەڵە زانینی یاسای ئاکاری کە ناسیۆناڵ سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیا بە درێژایی سەردەمی فەرمانڕەوایی بەئازاریان بڵاویان کردەوە، کاردانەوەیەکی گونجاو بەکەڵك نەبووە و نییە، ئەگەر و تەنیا ئەگەر خودی ئەم بە هەڵە زانینە نەبێتە شێوەی بە هەڵە زانینێکی ئاکاری کە هەوڵی پوچەڵکردنەوەی بە هەڵە زانینی یەکەم بێت.))

پەراوێزەکان:

1. Teutonic. مەبەست نەتەوەی تیوتۆنی رەگەزی کۆنی ئەڵمانیایە کە لە باکوری ئەورووپا ژیان. (و. ف)

رۆژمێری روداوە گرنگە فەلسەفییەکان

| سالّ | زانیاری |
|---|---|
| سەدەی شەشەمی پ. ز. | سەرەتای فەلسەفەی رۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. |
| کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. | مردنی فیساگۆرس. |
| 399 پ. ز. | سوقرات لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. |
| 387 پ. ز. | ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 335 پ. ز. | ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی رکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 324 ز | کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. |
| 400 | ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. |
| 410 | تاڵانکردنی رۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| داخستنی ئەکادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستی نیان) کۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. | 529 |
| تۆماس ئاکویناس شیکردنەوەکانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیکمەتی وانەبێژی. | ناوەندی سەدەی 13 |
| روخانی بیزەنت بەدەستی تورکەکان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. | 1453 |
| کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روکردنە زانستی یۆنانی. | 1492 |
| کۆپەر نیك (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوە و بەبیرکاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. | 1543 |
| کڵێسا، گالیلو ناچار دەکات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینکار بکات. | 1633 |
| دیکارت، (رامان)ی بڵاوکردەوە کەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. | 1641 |
| مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشتەکان) دەرەخسێنێت. | 1677 |
| نیوتن بەبڵاوکردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی کێشکردنی خستەڕوو. | 1687 |
| لۆك، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. | 1689 |
| بێرکلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و چوارچێوەیەکی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. | 1710 |
| مردنی لایبنتز. | 1716 |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. | 1739 |
| کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (رەخنەی هزری پاك) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. | 1781 |
| هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هزری) بەرزترین فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. | 1807 |
| شۆپنهاور (جیهانی وەك ئیرادە و وێنا)ی بڵاوکردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. | 1818 |
| کاتێك نیتچە رایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. | 1889 |
| ویتگنشتاین (نامەی لۆژیکی ـ فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. | 1921 |
| بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی رەها پێشنیار دەکات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەوڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. | دەیەی 1920 |
| سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەرپێدەخات. | 1943 |
| بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی ویتگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. | 1953 |

# له بەرهەمە چاپكراوەكانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە كیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە كارل پۆپەر | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | كۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانكفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆلتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤێلی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی  جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَرکَة الحَداثَة فِي الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |